# مێزگردی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی
# ڕێکخراوی یەکێتی بێکاران لە کوردستان
## (ئەزموونی خەباتی جەماوەریی ساڵانی ١٩٩٢ تا ١٩٩٨)





بەشداربووان

سیروان عەلی – گۆران عەبدوڵڵا – ئاکۆ محەمەد



چاپی یەکەم ئۆگوستی ٢٠١٣




# دەنگی بێکاران

ڕۆژنامەی یەکێتی بێکاران ـ هەولێر

ژمارە (١) — ئابی ١٩٩٢ — نرخی (٥٠٠) فلس

## «دەنگی بێکاران» دەیەوێت چی بکات؟

بەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بردنە پێشەوەی ئەرکە بنەڕەتییەکانی بزووتنەوەی بێکاران و بڵاو دانەوە بە گوفتەکانی بەردەم کێشە و هەڵدانی جەماوەریانەی یەکێتی بێکاران بوونی ڕۆژنامەیە کە بەوجۆرە ... بوارە جیا جیاکانی ژیانی لەشکری بێ ئەژماری بێکاراندا ... وەی خەباتی جەماوەری بێکاران بێت. (دەنگی بێکاران) ئەم هۆکارە سەرەکییە و دەیەوێ بەم کارە هەستێ. (دەنگی بێکاران) زمان حاڵی بزووتنەوەی بێکاران و دەنگی هەر بێکارێکە کە تیاچوون و تیانەوەی مادی و ڕوحی ڕۆژانە ... دەکات.

ڕۆژنامەی (دەنگی بێکاران) تێدەکۆشێ لە پێناو بەدەست هێنانی تەواوی داخوازییەکانی بێکاران و تەئمینکردنی ژیانیان، تێدەکۆشێ بۆ ... ڕێکخستنی بێکاران و ... داخوازی بێکاران لە ... (دەنگی بێکاران) ... هەر بێکارێکە و ... بیروڕای سیاسی و کۆمەڵایەتی ... بەجێهێنانی ئەرکە ... بزووتنەوەی بێکاران ... (احتکار) ... سیاسەت و بۆچوونی سیاسیانەی ... حزب و ڕێکخراوێکی سیاسی ... هەر بۆچوونێکی ...


بۆ لاپەڕە ٢


## بێکارکردنی زیاتر لە (١٠٠) کرێکاری (مجزرە)ی دواجنی هەولێر

لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردووە زیاتر لە (١٠٠) کرێکاری (مجزرة دواجن)ی هەولێر بێکارکران، بەپێی دوایین هەواڵ کە بەدەستی (دەنگی بێکاران) گەیشتووە تەنها (٨) کرێکار ماوون کە (تعهد خطی)یان پێ کردوون بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ. ئەم هێرشەش بەو بیانووە ئەنجام دەدرێ کە گوایە (مجزرة) دادەخرێ.

* بانگەوازی کۆبوونەوەی هەڵسوڕاوان و ئەندامانی یەکێتی بێکاران.. ل ٣

## دیاردەی بێکاری

بێزاری و ئیعترازی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە دژی بێکاری لە سەرتاپای جیهان ڕۆژ دوای ڕۆژ لە زیاد بووندایە. ئەمڕۆ دیاردەی بێکاری لە ئاستی جیهان حاشا هەڵنەگرە، تەنانەت داکەوتووترین حکومەتیش لە جیهان ناتوانێ حاشای لێ بکات و دانی پێدا نەنێ کە دیاردەی وەک دزی و کوشتن و لەشفرۆشی و تلیاک خواردن و چی و چی تر لە ئاستی جیهان زەقترکردۆتەوە. دیاردەی بێکاری لە عێراقیش بەهۆی شەڕی عێراق و ئێران و شەڕی کەنداو و حەساری ئابووری لەسەر عێراق زیاتر لە هەموو دیاردە سلبییەکانی تری ئەم ڕژێمە خۆی دەرخستووە و خۆی داسەپاندووە. ئەمڕۆ بەهۆی حەساری ئابووری ڕژێمی بەعسی فاشی بەسەر کوردستاندا دیاردەی بێکاری گەیشتووەتە ئەوپەڕی مەینەتەکانی خۆی، هەر ئەمڕۆ دیاردەی بێکاری بەرۆکی کرێکاران و زەحمەتکێشانی گرتووە و لەگەڵیاندا لە دەستی بەخێو کردنی ماڵ و منداڵیاندایە. ڕۆژانە هەزارەها کرێکار دەڕژێنە مەیدانی کار و زۆربەیان بێ ئومێد دەگەڕێنەوە ناو خێزانەکانیان، لە ولاتێش سەختی ژیان دەیان هەزار کرێکار و زەحمەتکێشی بێکاری ناچار کردووە کە ببنە دەستفرۆش و بڕژێنە بازاڕی دەستفرۆشان، هەر لە بەیانی زووەوە تا ئێوارە درەنگ لەبەر خۆر بوەستن بەرامبەر بە چەند سابوونێک یا چەند پاکەتێک پان دوو تەنەکە ڕۆن بەرامبەر بە قازانجێک کە ئەمڕۆ ... یەکێ پێداویستییەکانی ژیانیان دابین ناکات. ئەم دیاردەیە هەر دەستفرۆشی پێشکەش بە بێکاران نەکردووە بەڵکو ... و ...


بۆ لاپەڕە ٢

# مێزگردی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی
# ڕێکخراوی یەکێتی بێکاران لە کوردستان
# (ئەزموونی خەباتی جەماوەریی ساڵانی ١٩٩٢ تا ١٩٩٨)

**بەشداربووان**

**سیروان عەلی – گۆران عەبدوڵڵا – ئاکۆ محەمەد**

**چاپی یەکەم، ئۆگوستی ٢٠١٣**





وێنەی ژمارە (٢٢) وەرگیراو لە ئەرشیفی (گۆران عەبدوڵڵا)




وێنەی ژمارە (٢٣) وەرگیراو لە ئەرشیفی (گۆران عەبدوڵڵا)





وێنەی ژمارە (٢٤) وەرگیراو لە ئەرشیفی (گۆران عەبدوڵڵا)

# دەستپێک

خوێنەرانی مێژا، چالاکان و دڵسۆزانی بزووتنەوەی بێکاری لە هەر شوێنێك هەن، وەك بەخۆتان ئاگادارن، لە نۆڤەمبەری ٢٠١٠دا ئێمە (گۆران عەبدوڵلا، سیروان عەلی و ئاکۆ محەمەد ) دەستبەکاری پرۆژەی کۆکردنەوە و نووسینەوەی مێژوو و ئەزموونەکان و بەڵگەنامەکانی (یەکێتی یەکێتی بێکاران لە کوردستان ) بووین و بەو بۆنەوە باگەوازێکمان بڵاوکردەوە و ماوکات وەك بەسەرکردنەوە و هێناگۆ و گێڕانەوەی بەسەرهات و ئەزموونەکان، کۆمەڵە پرسیارێکمان ئاراستەی گشت چالاکانی ئەوسای یەکێتی بێکاران [تا ئەو جێیەی کە ئیمەیل ئەدرەس و ژمارە تەلەفۆنی ئەو هاوڕێیانەمان هەبووبێت] کردن. بەداخەوە بێجگە لە دوو هاوڕێ [عەبدوڵلا سلێمان و کاوە حەسەن]، کەسی دیکە بە دەم بانگەواز و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانەوە نەهات. بەڵام ئەمە نەبووە هۆی ساردبوونەوە و وەستانی ئێمە لەو پرۆژە و ئەو ئامانجەی کە لەپێش خۆمانمان داناوە و وەك درێژەی کارەکەمان و ماوکات وەك بوارڕەخساندن بۆ ئەو هاوڕێیانەی، کە ئیمەیل ئەدرەس و ژمارە تەلەفۆنیانمان نەبووە، تاوەکو پرسیار و پرۆژەکەیان بۆبنێرین، بەخۆمان لەنێوان خۆماندا وەك هەر چالاکێکی دیکەی یەکێتی بێکاران لەنێوان ساڵانی ١٩٩٢ – ١٩٩٨، مێزگردێك کراوەی ئینتەرنێتیمان رێکخست و سەرەنجام ئەم دیالۆگەی لێکەوتەوە، کە لێرەدا بە ئامانجی بانگەوازکردنەوە و ڕاکێشانەی هاوڕێیان، چ ئەوانەی کە وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە و چ ئەوانەی لە کاتی خۆیدا بە هەر هۆیەك و ڕێگیرییەکەوە، بواریان بۆ نەڕەخساوە، تاوەکو بەشداری بکەن و ڕەخنە لە بۆچوون و گێڕانەوە و لێکدانەوەکانی ئێمە و ئەو دوو هاوڕێیەی کە وەڵامیانداوەتەوە، بگرن و لەوێدا کە بیرەوەری ئێمە بواری گێڕانەوە و گەڕانەوەی بۆ سەر هەموو لایەنەکانی ئەو ئەزموونە خەباتکارانەی بێکاران نەدابێت، ئەوان درێژەی پێبدەن و جارێکی دیکە بە گیانێکی هاوڕێیانە و بەرپرسیارییەوە، پێکەوە درێژە بە مشتومڕ و توێژینەوەی ئەو ئەزموونە جەماوەرییە درێژخایەن و خەباتکارانەی سەردەمە تاریکەکانی ئابڵۆقەی ئابووری و جەنگی نێوخۆ و مێرش و هەڕەشە و مەترسی دەوڵەتانی دراوسێ بۆ هەرێمی ناجێگیری ئەوسای کوردستان، بدەین.

هاوڕێیان ڕەخنە و ڕاستکردنەوەی ئێوە لە گێڕانەوە و تۆمارکردن و لێکدانەوە و پێداچوونەوەکانی ئێمە، تەنیا مەرج و مسۆگەرکەری زیندووراگرتنی پرۆژەی پێداچوونەوە و نووسینەوەی ئەزموونی یەکێتی بێکاران لە کوردستانە و ماوکات درێژەپێدەر و پوختەکەر و رزگارکەری مێژوو و ئەزموونەکان و لایەنە دەرنەکەوتەکانی خەباتی ئەو ڕێکخراوە جەماوەرییە و بزووتنەوەکەیە لەو ڕۆژگارەدا، کە بە جۆرێك ئێوەش تێیدا بەشدار و چالاك بوون.






وێنەی ژمارە (٢١) وەرگیراو لە ئەرشیفی (عەباس شوان)

# دەقی بانگەوازی پرۆژەکە

نامەیەکی گشتیی بۆ چالاکان و دڵسۆزانی بزووتنەوەی بێکاران

هاوڕێیانی هێژا، ئەندامان و چالاکانی (یەکێتی بێکاران لە کوردستان)، وێڕای ڕێز و سڵاو و خۆشەویستیمان، هەواڵتاندەپرسین لە هەرکوێیەك هەن ...

هاوڕێیان، هاوکاران و دڵسۆزانی بزووتنەوەی بێکاری لە کوردستان، لەبەر دەستڕانەگەیشتنمان بە ئیمەیل ئەدرەس و ژمارەتەلەفۆنی هەمووتان، نەمانتوانی ڕاستەوخۆ پەیوەندیتان لەتەکدا بگرین و پەیام و پرسیارەکانیان ئاراستە بکەین و لە دەستپێکردنی پرۆژەکە ئاگادارتان بکەینەوە، بەدروستمانزانی، کە لێرەوە پەیام و پرسیارەکانتان ئاراستەبکەین و داواتانلبکەین، کە بە هەر شێوەیەك و بە هەر ڕێگەیەك و بەهەر زمانێك بۆتان دەلوێت، بەشداربیکەن و لە بۆچوون و پێشنیاری خۆتان ئاگادارمانبکەنەوە و پرۆژەکە بە زانیاری و دۆکومێنتەکانتان فروانتر و پشتئەستوور بکەن.

تکایە لەتەك وەڵامەکانتاندا کورتەیەك وەك ناساندن لەمەر خۆتان بنێرن؛ بەتایبەت نازناوی ناسراو یا ناوی سیانیتان و ئەگەر بۆشتان گونجاوبوو وێنەیەکی بچووکی خۆتانی هاوپێچبکەین.

ئێمە (سیروان عەلی، گۆران عەبدوڵڵا، ئاکۆ موحەمەد) وەك دەستەیەك لە ئێوە و بەشدارانی ڕێکخراوی (یەکێتی بێکاران لە کوردستان) لەو ڕۆژگارەدا، لەو بڕوایەدایین، کە ڕێکخراوی یەکێتی بێکاران لە کوردستان و مێژووەکەی بەشێکە لە ڕابوردووی هەر یەکە لە ئێمە و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی و پاراستنی لە فەوتان و فەرامۆشی، ئەرکی سەرشانی هەر یەکە لە ئێمەیە، هەر ئەم بڕوایەشە کە ئێمەی لە دەوری ئەم پرۆژەیە کۆکردووەتەوە و بەهەمان شێوەش لەو بڕوایەدایین، کە بەبێ ئامادەیی و هاریکاری و بەشداری چالاکانەی ئەنگۆ، پرۆژەکە ناتەواو دەمێنێتەوە و سەرکەوتوو نابێت.

لەسەر هەمان بنەما ڕێگە بە خۆمان دەدەین و کۆمەڵێك پرسیار وەك کلیلی کردنەوەی دەرگەی باسەکان و بەشدارییەکان ئاراستەی هەر یەکە لە ئەنگۆ دەکەین. چونکە لەو بڕوایەدایین، بەبێ شڵەقاندنی گۆمی مەنگی بێدەنگی، هەستان بەو کارە ئەستەمە و هەموو کارێکیش لە خاڵێك و لە ساتێکدا و لە کەسانێکەوە دەستپێدەکات. هەڵبەتە نەوتراو نەمێنێتەوە، کە ساڵانێکە ئێمە بیرمان لەم





دەنگی بێکاران

ڕۆژنامەی یەکێتی بێکاران ـ هەولێر

ژمارە ٢ | ئەیلولی ١٩٩٢ | نرخی (٥٠٠ فلس)

لە ژمارە (١٦٠) ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بەرواری ١٩٩٢/٨/٩ بانگەوازێك بڵاوکرایەوە بە پێویستمان زانی دەنگی بێکاران لە مەڕ ئەم بانگەوازە قسەی خۆی بکات ئەمەش دەقی بانگەوازەکەیە .

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای هەولێر
ژمارە ٣٢٠
مێژوو ١٩٩٢/٨/٤
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ناوخۆ
ڕێکخراوەکان

بانگەواز

بەپێی نووسراوی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان کاروباری یاسایی ٤٦٢ لە ١٩٩٢/٨/٣ وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیاردرا کە ماوەی دامەزراندنی هیچ ڕێکخراوێك نەدرێت لەبارو دۆخی ئێستادا. ئەم بانگەوازە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە کاری پێ دەکرێت.

ڕشید مصطفی کاکە عبدالکریم
پ/ پارێزگاری هەولێر

کاری گونجاو

بانگەواز

بەرژەوەندی گشتی یان بێشێل کردنی ئازادی ڕێکخراوبوون؟!


وێنەی ژمارە (٢٠) وەرگیراو لە ئەرشیفی (گۆران عەبدوڵڵا)

پرۆژەیە کردووەتەوە، بەڵام بەداخەوە بە هۆی نەبوونی پەیوەندی ڕاستەوخۆ و نەبوونی کاتی پێویست و گرفتی ڕۆژگارەوە بۆ ئێستا ماوەتەوە.

لێرەدا ماوە بڵێین، ئامانج لەم پەیامە تەنیا بەسەر کردنەوە نییە، بەڵکو بانگەوازە بۆ بەشداری و هاریکاری و باشترکردنی پرۆژەکە و سەرخستنی بە گەلکاری و کاری خۆبەخشی هەموولایەك، چونکە لەو بڕوایەداین بیرکردنەوەی کۆمەلێك لە هی تاکەکەسێك فراوانتر و کاری کۆمەڵێك لە هی کەسێك سەرکەوتوو تر و تێروتەسەلتر دەبێت.

بە هیوای بەشداری و هاریکاری چالاکانەی هەموو خەباتکاران

دەستەی ئامادەکار : گۆران عەبدوڵڵا، سیروان عەلی، ئاکۆ محەمەد




وێنەی ژمارە (١) وەرگیراو لە ئەرشیفی (گۆران عەبدوڵڵا)



کۆتایی

خوێنەرانی هێژا، چالاکانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی ئێستا، دامەزرێنەرانی ڕێکخراوەکانی (یەکێتی بێکاران لە کوردستان) و (کۆمەڵەی ئاوارەکانی کوردستان) و (ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان) و ڕێکخراوەکانی کارگە ئەهلییەکان و ڕێکخراو و کۆمەڵە و کۆڕ و کۆمەڵە کرێکارییەکانی دەهەی نەوەدی سەدەی ڕابوردوو لە کوردستان، هیوادارین ئەم لێدوانەی ئێمە ببێتە سەرەتایەك بۆ بەشداری و هاندان و ڕاکێشانی ئێوەی دڵسۆز لە هەر کوێییەکی ئەم جیهانەدا دەژین و هەنووکە سەر بە هەر ڕەوت و گروپێکی ڕامیاریی هەن، بۆ بەشداریکردن و سەرنجدان و ڕەخنەگرتن و دیالۆگ چ لە تەك ئێمەدا و چ لە دژی بۆچوونەکانی ئێمە، چونکە تەنیا ئامانجێك کە ئێمە (گۆران عەبدوڵڵا و سیروان عەلی و ئاکۆ محەمەد) لە هەستان بەم کارەدا هەمانە، پاراستن و نووسینەوەی مێژووی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و یاداوەرییەکانی چالاکانی ئەو سەدەمە و شڵەقاندنی گۆمی مەنگی بێدەنگییەکە، کە دەخوازێت ئەزموونەکان لەبیری جەماوەردا بسڕێتەوە و بە فەرامۆشییان بسپێرێت. بە دڵنیاییەوە هەروەك چۆن ئەمڕۆ نەوەی ئێمە بێبەزەییانە ڕەخنە لە نادەربەستی نەوەکانی پێش خۆمان لەسەر نەنووسینەوە و نەگواستنەوەی ئەزموون و یاداوەرییەکانیان بۆ ئێمە دەگرێت، کە دەیانتوانی ئێمە لە زۆر هەڵە و چەوتییەك بگێڕنە دواوە، هەروا نەوەکانی داهاتوو نادەربەستی و تەمەڵیی ئێمە لە نووسینەوەی مێژوو و ئەزموونەکانی سەردەمی خۆماندا، بێبەزەییانە دەدەنەبەر ڕەخنە و مێژوو لەسەر ئێمە ناوەستێت و بەزەیی بەهیچ هەڵە و نادەربستییەکدا نایێتەوە.

چالاکانی خۆموشیارەوە، سەربەخۆیی خەباتی جەماوەری ئەستەمە و هەرگیز نابێتە بەشێك لە کەتواری ڕۆژ.

گۆران عەبدوڵڵا :
من تازە لە کوردستان ناژێم و ناتوانم لەگەڵ جیلێك جیاوازتر لە من بیردەکاتەوە و هەڵگری فەرهەنگێکی سیاسی زۆر جیاوازترە، بەو نەفەسەی جارانەوە کاربکەم. کوردستان ئێستا گۆڕانی گەورەی بەسەرداهاتووە، شیرازەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەکو جاران نەماوە. کوردستان خاوەنی بودجەی زۆر گەورەیە، هەزاران کارگە کراوەتەوە، ئەگەر قسەیەکم هەبێت بۆ کرێکاران و بێکاران، ئەوەیە دەڵێم ئەگەر بەنیازن لەم ژیانەی ئێستاتان باشتر بژێن، بڕۆن خۆتان ڕێکخراوەی خۆتان دروستبکەن و لەپێش هەموو کارێکیتر و بەرژەوەندییەکی تردا ماف و بەرژەوەندێکانی خۆتان لەبەرچاوبێت، لەکار و هەڵسورانتاندا زۆر شێلگیرانە بنەماکانی دیموکراسییەت لەبەرچاوبگرن، هەوڵبدەن سیستەمی کاری سوید و کەندا بکەنە بنەمایەك بۆ چۆنیەتی ڕێکخستنی پەیوەندێکانی نێوان کرێکار و خاوەنکار و چۆنیەتی بەرپرسیارێتی دەوڵەت، لەو بوارەدا.



وێنەی ژمارە (١٩) وەرگیراو لە ئەرشیفی (گۆران عەبدوڵڵا)



## مێژگردی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ڕێکخراوی یەکێتی بێکاران لە کوردستان (ئەزموونی خەباتی جەماوەریی ساڵانی ١٩٩٢ تا ١٩٩٨)

**هۆکاری پێشکەوتن و سەرهەڵدانی بزووتنەوی بێکاران و ڕێکخراووبوونی لەپێش بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگەی عیراق (کوردستان)ی وێرانەی شەڕەکان و ئابڵۆقەی ئابوورییەوە چی بوو و چۆن دەبینی؟**

سیروان عەلی :
لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا، پێمباشە لە دوو تەوەرەدا بچمە وەڵامدانەوەی. یەکەم، ئەوەندەی بگەڕێتەوە سەر تایبەتمەندی باردودۆخی عیراق بەگشتی و چینی کرێکار بەتایبەتی، پێویست بە لەسەروەستانێك دەکات. عیراق دوای ساڵی ١٩٩١، چی لە ڕووی بناغەی ئابوورییەوە و چی لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، وڵاتێکی خاپوورکراوی دوای دوو جەنگی بەردەوام و جەرگبڕ و وێرانکەر بوو بە هۆکاری ڕیشەیی لە ناشیاوی جێگەی و شوێنی ململانێی چینایەتی و تەنگژەکانی نێوان کار و سەرمایە، دارمانی ژێرخانی ئابووریی و کەوتنە سەر قەرزێکی زۆر و ئابڵوقەی ئابووریی سەخت، عیراق لە مەنگەنە دابوو و دەیدا. عیراق وردە وردە لە وڵاتێکی نۆرماڵی خاوەن بەرهەمی تایبەت بەخۆی و هەنارەدەری بەرهەمی سروشتی و پڕ بایخ لە جیهاندا گۆڕا بۆ وڵاتێکی بەرخۆر و بێتوانا. کارگە پیشەسازییەکان بوون بە کارگە پەککەوتووەکان، لەدەستنەمانی کەرەستە و ئامێری یەدەك و هەروەها دابەزینی نرخی نەوت، کە تاقە خوێندەری عیراق بوو، ئەوەندەی تر ئەو وڵاتەی پەکدەخست. خۆی لە خۆیدا ئەو بارە بوو بە مایەی هەڵئاوسانی دراوی عیراقی، هەرچی کرێکاری نێو کارگە پەکەوتووەکانیش هەبوون، ڕەوانەی بێکاری کران. مەسەلەیەکی سەرنجراکێشتر بوونی کارگە جەنگییەکانی عیراق بوو، کە عیراقیان کردبوو بە سەربازخانەیەکی گەورە، کە زیاتر لە ملیۆنێك مرۆڤ مەزندە دەکرا و بێجگە لە بوونی وەزارەتی تایبەتی پیشەسازی سەربازی. هەروەها لە دوای هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر ئەو هێزە بێتوانایە و دەرپەڕاندنی لە خاکی کوەیت و دواتر کەوتنی زیاتر لە ١٣ پارێزگا بەدەستی خەڵکی ڕاپەڕیو. ئەو هێزەی سەربازییەی هەڵوەشاندەوە و بە هێزی مەزنی بێکارانەوە پەیوەست بوو ، ئیتر کرێکاری لەسەرکار بەشی هەرە بچووکی پێکهاتەی ئەو چینە بوو (چینی کرێکار)، بەنیسبەت کوردستانیشەوە لەو سەردەمەدا بەتایبەت دوای چووڵکردنی دامودەزگاکانی حکوومەتی مەرکەزی لە کوردستان، ئیتر خەڵکی سەر کارەکانیش بۆ ماوەیەکی زۆر بێکار و بێمووچە مابوونەوە و دەسەڵاتی تازە دامەزراوی کوردیش خۆی تووشی گێژەن بووبوو، نەیدەزانی چۆن ئەم میلەتە بخاتە سەرڕێ، تاقە شتێك هەبوو ڕێکخراوە مرۆیی و خێرخوازەکان بوون، کە بەرنامەی کۆمەککارییان پێشکەشدەکرد. ئەم هەلومەرجە بۆ خۆی بارێکی هێنایە ئاراوە، هەر جۆرە خەباتکردنێك دەبوو بە خەبات و داکۆکیکردن لە بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگا، کە بێکاران بوون. بۆیە سەرهەڵدانی بزووتنەوی بێکاری لە سەر پایەی واقعی وەستا بوو.

تەوەرەی دووەم، لە ڕووی سیاسیشەوە، هیچ بزوتنەوەیەك بەڕادەی كۆمونیستەكان بەگرنگیدان بە خەبات و داخوازی ئەو چینە هەستیار نەبوون. بەڵام ئەو بزوتنەوەیەش زۆر بێئەزموون بوو، لەبەرئەوەی تێكەڵبوونی ئەم بزووتنەوە سیاسییە بە چینی كرێكار و تێگەشتنی بۆ زەرورەتی كاری ئەو ڕۆژە لە بیرتیژیەوە نەبوو. بەڵكو دەرسوەرگرتن لە هەڵەكانی پێشووی دەبووە مایەی تێگەشتنی ئەو بۆ خەباتی ئەو چێنە لەو سەردمەدا. چاك لە بیرمە زۆربەی چەپەكان لە سەرەتای ڕاپەرین خۆیان خەریككردبوو بە ئەولیاتێك و مەهامێك كە مەهامی ئەو ڕۆژە نەبوون. بۆ نموونە دەخوازی ٣٥ سەعات كار لەلایەن ڕەوت كۆمونیستەوە دەربڕی نەخوێندنەوەی واقعی ئەو سەردەمە بوو. لەبەرئەوەی ئەو كاتە زوربەی خەڵك بێكار بوون، ئیتر ٣٥ سەعاتكاری چی؟! دواتر بە بەخۆداچوونەوەیەك هات، كە هۆكاری تایبەتریش لەو بارەوە هەبوو، كە دواتر دەگەڕێمەوە سەری، بوو بە هۆی ئەوەی ڕەوتی كۆمونیست و ئەندامەكانی یەكەم كەسانێك بن لە دامەزراندنی یەكێتی بێكاران بەشداربن. مەسەلەیەكی تر شكانەوەی شواراكان بوو، لە بەرامبەر هێرشی هێزە ناسیۆنلیستەكاندا. كە دەبوو ئەم بزوتنەوەیە بیر لە شتێكی دیكە بكاتەوە، كە مەسی كۆمەڵگە دەكات. كە بەڕاستیش ئەم جارەیان گرتی و مەسەلەی بێكاری بوو، بەم جۆرە دامەزراندنی یەكێتی بێكاران هاتە ئاراوە.

گۆران عەبدوڵلا :

یەكێتی بێكاران لە كوردستانەوە سەریهەڵدا و هەر لە كوردستانیش مایەوە، ئەو هۆكارانەی كە وایانكرد، وەها ڕێكخراوێك دروستبێت، یەكەم بوونی ئەو فەزا سیاسییەی پاش ڕاپەڕین و ڕزگاربوونی سێ شاری گەورەی كوردستان لەدەست ڕژێمی بەعس. دووەم بوونی ماتریاڵەكە خۆی واتە بێكاری. وەكو سیروان ئاماژەی پێكرد، عێراق بە دوو شەڕی گەورەدا تێپەریبوو، بێكاریش هەمیشە پاشكۆی شەڕە، لە كوێ شەڕ هەبێت لەوێش بێكاری لە زیادبووندایە، بەتایبەت وڵاتانی جیهانی سێیەم، كە چەك و چۆڵەكانیشیان لە دەرەوە هاوردەدەكەن. ڕاپەڕین لە كوردستان و خوارووی عێراق شیرازەی دەوڵەت و دەوڵەتبوونی تێكدابوو، سەرباری داخرانی زۆرێك لە كارگە و شوێنە خزمەتگوزارییە دەوڵەتییەكان، ژمارەیەكی زۆریش لەو خەڵكانەی كە لە ڕیزەكانی سوپای عێراقیدا وەك جاش و سەرباز كاریاندەكرد، پێش ڕاپەرین بێمووچە مابوونەوە. بەگشتی لە كوردستان بارودۆخێكی زۆر نالەبار لەڕووی بژێوییەوە هاتبووە ئاراوە. بۆ هەر ئینسانێك كە خوازیاری خۆشگوزەرانی كۆمەڵگە بوو، دەبووایە لێرەوە دەستبەكاربێت، واتە بێكاران. بەڵام لەو خاڵەدا لەگەڵ سیروان تەبانیم، لە چركردنەوەی مێژووی بزووتنەوەیەكی كۆمەڵایەتی بۆ تاكە ڕێكخراوێكی سیاسی. ئەوە ڕاستە ئەندامەكانی ڕەوتی كۆمونیست لە بەشداریكردندا بەشی شێریان پێبرابوو، ئەوەش خۆبەخۆ بوو، نەك وەك پلانێكی ڕێكخراوەیی.



سەردەمەوە دەبینن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و ساڵ لە دوای ساڵ، تەنیا دەتوانن بڵێن "خۆزگە بە پار"، ڕۆژگارێك دێت ئێوەش لە هەندەرانەوە خۆزگە بە ئازادی هەڵسوڕان لە هەولێر و سلێمانی بخوازن. شەش ساڵ زیاتری نەخایاند و پاش لە گۆڕنانی ڕێكخراوەكان لەلایەن ئاوەزی سكتاریستی ئەو حزبەوە، بینیمان كە لە ساڵی ٢٠٠٠دا چییان بەسەرهات و ئێستاش هەر خۆزگە بەو ڕۆژانە دەخوازن و لەبری تێگەیشتن لەو هەڵانە، هاتن و لە پاش ساڵی ٢٠٠٣ لە خوارووی عیراقدا هەمان دەزگەی سكتاریستییان خستەوەگەڕ و هەمان خەرمانیان دووریەوە. ئایا بەتێڕامانی ئێوە، دووبارەبوونەوەی مێژووی ١٩٩٤ لە ٢٠٠٨دا، بێجگە لە ڕامیاریی چ واتایەك بەدەستەوەدەدات؟

**باشە ئەگەر زەمینە و هەلی سەرهەڵدانی ڕێكخراوێكی دیكەی ئاوا بڕەخسێت، چۆن كار بۆ سەركەوتن و درێژەدان بەو كارە دەكەیت؟**

سیروان عەلی :

بێگومان ئەگەر تەمەن باقی بێت و ئەو هەلە هاتە ئاراوە. هەوڵدەدەم یەكەم شت ڕێكخراوەیەكی سەربەخۆ بێت. دووەم ئەندامەكانی بەتەواوی لە دروستكردنیدا بەشداربن. گەر لە كارەكەمان سەركەوتووو نەبووین، جێیناهێڵم بپۆكێتەوە، بەرپرسیارانە هەوڵی ڕاگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەكەی دەدەم. سێەم، هەردەم خۆم گرێدەدەم بە كۆبوونەوەی گشتییەوە بۆ ئەوەی زۆربەی جەماوەر خۆی لە شتەكاندا بریاردەر بن.

ئاكۆ محەمەد :

بە بۆچوونی من، ئەم جارە نابێت تەنیا بە گۆڕینی ناوی ڕێكخراوەكان، بڕوا بە خۆمان بهێنین، كە شتێكی جیاوازمان لەوەی كە هەبووە و هەیە و باوە، پێشبنیاركردووە، بەڵكو پێویستە بەر لە هەر شتێك لە پێكهاتەی قوچكەیی (هەرەمی) ڕێكخستنەكان بدەین و میكانیزمی كاركردن و هاوئاستیی بیریاردان و جێبەجێكردن جێبخەین و شێوازی فەرماندەر و فەرمابەری لە خەباتدا وەلا بنێین و بوارێك بۆ قسەگەرانی پارتەكان نەهێڵینەوە، تاوەكو بین و وەك مێگەڵ بۆ لەوەڕگە و لەوێوە بۆ كوشتارگەمان بەرن. پێویستە تاكەكان و ئەندامانی ڕێكخراوەكان فێری گیانی خۆبڕیاردان و خۆبیركردنەوە و خۆبەخشانەكاركردن و خۆجێبەجێكردن ببن، واتە خۆڕێكخستن لە بری ڕێكخستن لە سەرەوە، خۆبڕیاردان لە بری گوێڕایەڵی لە شوانە ڕامیارەكان، خۆبیركردنەوە لەبری سەرسووڕمان لە توانانی جادووگەرانەی ڕامیارپیشان، خۆبڕیاردان لە بری فەرمانبردن، خۆكارابوون لەبری نادەربەستی و دۆشدامان و پاشكۆیی، خۆجێبێجێكردن لەبری سپاردنی كارەكان بە كەسانی دیكە، بەكورتی واتە لێدان لە سیستەم و میكانیزم و كولتووری سەروەری، بەبێ ئەم بنەمایانە و پێداگری لەسەریان لەلایەن

مارکسیستی لە کوردستان کە بڕبڕەپشتی دروستبوونی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی ئەو سەردەمەبوو، تاوەکو ئێستا نەهاتووە و نەیویستووە لە بووارە جیاجیاکاندا هەڵسەنگاندن و ڕاڤەکردنێکی واقعیانە بۆ ئەو مێژووە بکات، هەر بۆیە لە پاش ٢٠٠٣ بەبێ لەبەرچاوگرتنی خاڵە پۆزەتیڤ و نیگەتیڤەکانی ساڵانی ڕابردووی کاری ڕێکخراوەی جەماوەری لەکوردستان، دەستی بۆ دروستکردنەوەی ڕێکخراوەی جەماوەری لە ناوەڕاست خواررووی عێراق برد بەهەمان ئەو عەقڵیەتەوەی کە پێشتر شکستی تێدا هێناوە. دیارە نەك هەر نەیتوانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، بەڵکو مەدالیایی شکستێکی تریشی بەنسیب بوو.

ئاکۆ محەمەد :

پێشتر لە بارەی هۆکاری شکست و پوکانەوەوە زۆرمان قسەکرد، تێگیشتن لەو هۆکارانە و هەڵسەنگاندنی کار و چالاکی و پێشنیار و تێڕوانینەکانی ئەو کات، دەتوانێت ئەزموونگەلێکی بەکەڵك بۆ ئەمڕۆ دەسەبەربکات. مەرج نییە، تەنیا ئەزموونە سەرکەوتووەکان لە ئەمڕۆدا کۆمەکمان بکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە وەها دیتنێك تووشی شکستی دیکەمان دەکاتەوە. چونکە بەبێ تێگەیشتن لە شکستەکانی ڕابوردوو، قسەکردن لە ئایەندەیەکی سەرکەوتوو، ئەستەمە و دەچێتە خانەی خەیاڵپڵاوییەوە. ئەمڕۆ لەسەر بناخەی پێگەیشتنەکانی دوێنێ و سبەینێش لەسەر بناخەی تێگەیشتنەکانمان لە دوێنێ، دەتوانێت هەنگاوێك بەرەو پێشەوە بمانبات. دەبێت ئەوە بزانین، کە هەموو پێشکەوتنێك بە ڕەتکردنەوەی پێشتر یا جێکەوتە و ڕێگرەکان مەیسەردەبێت و هەموو پەرەسەندنێك بە بەجێهێشتنی بازنەی سوڕانەوە لە پیرۆزییەکانی دوێنێ، دێتەدی. شانازایکردن بە ڕابوردووەوە تەنیا ڕابوردوو بەرهەم دەهێنێتەوە، بەڵام دەکرێت لە بری شانازییکردن، لە شرۆڤەی دوێنێدا، تێگەیشتنی گونجا و لۆجیکی لە ڕێگرییەکانی ئەمڕۆ بەدەستبهێنین. ئەگەر هەڵەکردن، بۆ بێئەزموونی و نەزانین بگەڕێتەوە، ئەوا دووبارەکردنەوەی هەڵە بۆ کەلەڕەقی و دەبەنگی دەگەڕێتەوە. هەر کەس و ڕێکخستنێك، کە خۆی لە سەرووی هەڵەوە ببینێت، بێگومان سەری لە شکستگەلێکەوە دەردەچێت، کە بەرهەمهاتووی ئەو دەبەنگییەن.

ئەوکات لە کێشمەکێشی بەرپاکردنی مەرسیمی یەکی ئایاری ١٩٩٤ و مشتومڕی ڕەتکردنەوە و سەپاندنی فێدراسیۆنی کارتۆنیدا بە قسەگەری (حککع)م گوت، ئەگەر ڕێکخراوە جەماوەرییەکان پایەی جەماوەی خۆیان چێبکەن و کۆمەڵایەتی ببنەوە، نەك ئازادی ڕامیاریی مسۆگەردەبێت، بەڵکو پارتەکەی ئێوەش لە سایەی بزووتنەوە جەماوەرییەکان و بنکە کۆمەڵایەتییەکانیاندا، دەتوانن لە ئازادایدا بمێننەوە و ئەگەر لەبەرەی جەماوەردا بن، ئەوا جەماوەری ئەو ڕێکخراوانە پشتیوانی و پارێزگاری لە ئازادی هەڵسوڕانتان دەکات، بەڵام ئەگەر ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بکرێنە پاشکۆی پارتەکەتان، ئەوا چۆن ئەوڕۆکە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لە ئودووگەکانی عیراق و وڵاتی ئەوروپی خەون بە ڕۆژانی ڕاپەینی ١٩٧٩ و ئازادی ئەو



ئاکۆ محەمەد :

بە بۆچوونی من دوو هۆکاری هەبوو؛ یەکەم بێکاری و نەبوونی و برسیەتی وەك بەرئەنجامی ئابڵۆقەی ئابووری هاوپەیمانان لەسەر عیراق بەگشتی و ئابلۆقەی ئابووری ڕژێمی ئەوسای عیراق لەسەر کوردستان بەتایبەتی. دووەم، دەستپێشخەری و ئامادەیی کەسانی سۆشیالیستی سەر بە ڕێکخراوە چەپەکان، کە وەك بەشێك لە خەڵك بەزۆری بێکاربوون و هاوکات پێداویستیی ڕێکخراوبوونی بێکاران و یەکگرتنییان لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجگەلێکی دەستبەجێدا، دەرکدەکرد، بە پێگەیشتنی من، ئەم دەرك و هوشیارییەش، کارایی وانە و پاگەندەکانی ڕادیۆ کۆمەڵە بوون لەسەر توێژێك لە چالاکانی سۆشیالیست یا وردتر بڵێم چەپی نوێی پاش چەپی پرۆ-ماوی و پرۆ-ڕوسی و پرۆ-کوبایی لە هەرێمی کوردستاندا.

سیروان عەلی:

هاوڕێ گۆران من نازانم لە کوێدا مێژووی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیم گەڕاندۆتەوە بۆ تەنها ڕێکخراوێك (ڕەوتی کۆمۆنیست)؟! بەڵکو من وتوومە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە یەکەم کەسانێك بوون کە لە دامەزراندنیدا بەشداربوون.

**کەی و لە کوێ وەها ڕێکخراوێك بۆ یەکەم جار هەستەی سەرەتایی پێکهات و چۆن بە خێرایی توانی سەرتاسەری کوردستان بگرێتەوە؟**

سیروان عەلی :

ئەگەر پرسیارەکە ئەوەبێت، یەکەم جار لە کوێ بە ئاشکرا سەریهەڵدا. ئەوەی ڕاستی بێت لە شاری هەولێرەوە دەستپێکرد و کەسێك کە بە منی وت هاوڕێی بەڕێزم عبداڵله سلێمان بوو، کە خۆی پێشتر یەکێك بوو لە کرێکارەکانی کارگەی نەسیج و زیانێکی جەستی زۆری پێگەشتبوو بە هۆی هێرشەکانی ڕژێمی بەعس لە کاتی گرتنەوەی شاری هەولێردا، کە باسی لە بیرۆکەکە کرد و وتی کۆمەڵێك خەڵکی چالاك هەن، کە بڕوایان بەم کارە هەیە، منیش پشتگیری خۆمم بۆ مەسەلەکە دەربڕی. دواتر یەکەم کۆبوونەوە لە باخچەی مامۆستایان لە گەڕەکی تەیراوا، دووەم کۆبوونەوە لە باخچەی گڵکەند ئەنجام درا لە ڕێکەوتی ٣٠/٦/١٩٩٢ کە بووە مایەی دەستپێکردنی کارەکان و لە سەرەتادا بەناوی بزوتنەوەی بێکاران دەستپێکرد، کە زیاتر (٥٠) هەڵسوڕاو لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادەبوون. ئەوەی چۆن ئەم ڕێکخراوە پەرەیسەند پەیوەندی بە دوو لایەنەوە هەبوو؛ یەکەم شت، ئەو کاتەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەتایبەت ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمونیست خاوەن بڕوا و متمانەیەکی گەورەبوو لەلایەی جەماوەری کوردستان و هەروەها بە هۆی مێژوویەك کە هەموو هەڵسوڕاوانی سوشیالیست و کۆمونیست لە گشت




وێنەی ژمارە (٢) وەرگیراو لە ئەرشیفی (عەبدوڵڵا سلێمان)

ڕێکخراوەکاندا و دەرەوەی ڕێکخراوەکان، بۆ ماوەی ساڵێك لە چالاکی جدی و دڵسۆزانە بۆ بەرگری لە خەڵکی کرێکار و زەحمەنکێس بوو بە دەسەتمایەیەکی گرنگ.  مەسەلەیەکی تر کەوای کرد ئەم بزوتنەوەیە زوو گەشەبکات، خوودی دیاردەی فروانیی بیکاری و هەڵچوون و حەماسەتی خەڵك بوو لەپێناو ژیانێکی باشتر و هەروەها جۆرێك لە تەوەهوم، کە بەشێکی حزبە نەتەوەییەکان ساویلکانە بەنیازی زەربەلێدان لەم ڕێکخراوە دروستیانکردبوو، بەشێك لەو تەوەهومە کە خۆی ئەرزیەتی لە زەینی خەڵکی کوردستان هەبوو. پیانوابوو کە یەکێتی بێکاران بۆ بەدەستهێنانی هەلی کار خەڵك دەبات بۆ وڵاتانی دەرەوە و پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە بیانییەکانی ئەو کاتە بۆ وەها کارێك هەیە، وەك وتم حزبە قەومییەکان خۆیان ئەو چیرۆکە درۆینەیان لەنێو خەڵکدا دروستدەکرد. بەڵام هەڵسوڕاوانی یەکێتی بێکاران لە هەموو کوردستان زۆر سەرکەوتووانە توانیان ئەو تەوەهومە ڕێکبخەن، هەرچەندە لە ئاستێکی زۆر بەرزدانەبوو. ئەوەی چۆن سەرتاسەری بوو، ڕاستێکەی ئێمە لە سەرەتای کارەکانماندا بەرەو ڕووی شتێك بووینەوە، کە داوتر ئەم کێشەیە قڵشتێك بوو، کۆتایی نەهات تا دوا ساڵەکانی عومری ئەو ڕێکخراوە بە جورێك لە جۆرەکان درێژەی هەبوو. ئێمە لە شاری هەولێر هیچ بیرۆکەیەکی ئەوتۆمان نەبوو، کە ئەم ڕێکخراوە درێژەی هەمان بزوتنەوەی شوراییە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە بە کۆی بۆچوونی هەموو هەڵسوڕوان، ناوێك بەناوی بزوتنەوەی شورای بێکاران پەسەند نەکرا. لەیەکەم هەنگاوماندا بۆ سەرتاسەریبوونەوە لەگەڵ هاوڕێانی سلیمانی بەرەوڕووی ئەوە بووین، کە ئەوان بڕوایان



لاساییکردنەوەی بۆرجوازی دووربگرێت و هەوڵنەدات ڕێکخراوە فۆرماڵی بەناوی توێژەکان دروستبکات. چوارەم سەربەخۆی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان هێزێکی گەورە  بە ئامانجەکانی چەپ دەبەخشێت، بۆیە دەبێت لە دامەزراندنی ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکاندا پشتگیر بێت. پێنجەم تێکەڵنەکردن لەنێوان کاری جەماوەری و کاری حزبی. شەشەم و کۆتایی :کۆبوونەوەی گشتی بناغەییترین بنەمای دیموکراسیە و نابێت ترسێك هەبێت لەوەی بۆرجوازی و کەسانی سەر بەوان قۆرخی دەکەن، ئەگەر ئەمەش ڕوویدا، ئەوە هەڵە لە ئێمەیە نەك لە بنەماکە، چونکە ئەگەر کرێکاران ئازادانە بەبێ تەزوێرکردن دەنگیان بە نوێنەرێك دا، کە بۆچوونی ناسیۆنالیستی یان ئاینی هەبوو، ئەوە مانای ئەوەیە ئەو کەسە کارا تر بووە یان لە دەرەوەی بیر و بۆچونێك، کە خۆی خاوەنێتی و لەنێو ژیانیدا داکۆکیکارێکی بە ئەمەکی توێژەکەیەتی، واتە پێداگری لەسەر مافەکانی کرێکاران دەکات، هەرچەندە هەڵگری ئایدیایەکی بۆرجوازییش بێت، کە ئەمەش حاڵەتێکی زۆر نەگونجاوە.




وێنەی ژمارە (١٨) وەرگیراو لە ئەرشیفی (عەبدوڵڵا سلێمان)

گۆران عەبدوڵڵا :

کۆمەڵەی ئاوارەکان لە کوردستان، ڕێکخراوەی ژنان و یەکێتی بێکاران لە کوردستان لە ئاستی کوردستاندا، سێ ڕێکخراوەی کارابوون، پێمانوانەبێت کاریگەری خۆیان بەسەر کۆمەڵگەی کوردستانەوە جێنەهێشتبێت. من دەبینم زۆر ڕێکخراوەی تر لە کوردستان دروستبوونە، کە بە قازانجی فیکری و ڕێکخراوەیی خۆیان. ڕاستەوخۆ لە مێژووەکەی ئێمە سوودمەندن، بەدڵنیایشەوە دەڵێم بزووتنەوەی

بخرێته بەردەم یەکێتی بێکاران لە هەولێر، لە سلێمانی ئۆرگان و سەرنووسەری ئۆرگانیان خانەوادەییانە دیارکردبوو و تەنیا پرسە گورگانە مابوو، ئێمەش دژی ئەوە وەستاینەوە، نەك تەنیا لەسەر، بەڵکو لەسەر جیاوازی تێڕوانینمان بۆ فیدراسیۆن و چۆنیەتی پێکهاتنی و میکانیزمی کارکردنی و ڕۆڵی ڕێکخراوە پێکهێنەرەکانی هەبوو. ئەوان قسەگەرانی حزب، کە ئەوکات بە قات و بۆینباخەوە وەك قسەگەرانی دەسەڵات لە ڕێکخراوە زەردەکاندا دەردەکەوتن و گوێیان لە کەس نەدەگرت و پێیانوابوو، کە فیدراسیۆن بە واتای توانەوەی ڕێکخراوەکان و نێوەندییکردنەوە (سێنترالیزەکردنی) بڕیار و چالاکییەکان دێت. ئێمە، بە دیاریکراوی من دژی وەها تێڕوانین و تێگەیشتنێك بووم و بەڵگە و وەڵامی ئەوان تەنیا تۆمەتبارکردن بوو بە ئەنارشیزم و خۆسووککردنەوە و دەنگبەرزکردنەوە. ئەوان مەرگی خۆیان دەبینی و دەیانویست بۆ ماوەیەکی دیکە بەرگێکی دیکە بە تێڕوانین و کارەکانیاندا بکەن. ئەمە شێوازێك بوو لە ڕاکردن لە کەتوار (واقیع) و ڕاکردن و بێتوانایی یا دووریگرتنە لە تێگەیشتنی هۆراکاری شکستەکان. من دەزانم کە ڕێکخراوە ڕامیارییەکان ئەوە دەزانن بۆ، بەڵام لەبەرژەوەندییان نییە، شێوازی کارکردنیان  بە باری بەهێزکردنی خەبات و ڕێکخراوەی جەماوەرییدا بگۆڕن. هەر لەبەرئەوە، دوا فیشەکی بەزەیی لەلایەن خۆیانەوە بەو ڕێکخراوەوە نرا و کردیانە ئەزموونێکی شکستخواردوو، کە نەك نەوەکانی دواتر لە نارەزایەتییەکانی ئەمڕۆدا، بەڵکو تەنانەت ئەندامانی خۆشیان نەچنەوە پای وەها پرۆژە و ڕێکخراوێك. ڕاستە هاتنەدەرەوەی هەر یەکە لە ئێمە کاریی لەسەر خێراکردنی ڕەوتی پووکانەوەی ئەو ڕێکخراوە هەبوو و دانا، بەڵام ماوکات دەرچوونی ئێمە، بەرەنجامی نائومێدییەك بوو، کە ڕامیاریی پاوانگەرانەی ئەو ڕەوتە بەسەر بزووتنەوەکەدا بەگشتی و ڕێکخراوی (یەکێتی بێکاران لە کوردستان)دا بەتایبەتی سەپاندی و سەرەتا بووە هۆی لێکترازان و جیابووەنەوە و دواجار بەکردەوە، بوونی بنکەی یەکێی بێکاران بە بنکەی ئەو پارتە خۆی.

**ئەو ئەزموون و وانانە کامانەن، کە لە کارکرد و شێوازی ڕێکخستن و خەباتی ئەو ڕێکخراوەوە بۆمان بەجێماون و دەکرێت یا دەتوانن بۆ ئەمڕۆکە یا داهاتوو بەسوود بن؟ یا بە جۆرێکی تر ئەو ڕێکخراوە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

سیروان عەلی :

ئەو ئەزموونە بە شێك بوو لە ئەزموونی سیاسی چەپ و هەروەها لە بەشێکی تردا، ئەزموونێکی پڕ لە خەباتی نەبڕاوە و تێکۆشانی چینی کرێکار دژ بە نیزامی سەرمایەداری، کە بوو بەشێك لە مێژووی ململانێ ئەو چینە لەو سەردەمەدا. یەکەم وانە بۆ کرێکاران ئەوەیە ڕێکخراوەکانیان لە کەلتووری داگیرکاریی حزب بپارێزن، دووەم ئامانجی ئەو ڕێکخراوانە دەبێت دەربڕی گشتێتی یا سەراپای  ئاواتی ئەو توێژە بێت، هەموو هەڵسوڕان و بەرخودانەکانی لەو پێناوەدا بن. سێیەم بۆ بزوتنەوەی چەپیش خۆی لە



وابوو، دەبێت ناوی ڕێکخراوەکە (شورای بێکاران) بێت .بەڵام ئێمە لە شاری هەولێر لە ٥/٧/١٩٩٢دا بەناوی (بزوتنەوەی بێکاران)ەوە ڕێکخراوەکەمان ڕاگەیاندبوو و بڕواشمان بەوە نەبوو، کە ناوی شورا لەم بزوتنەوەیە بنێین. لەبەرئەوە ئەم گرفتە مەسەلەی سەرتاسەریبوونەوەی تا ساڵی ١٩٩٣ دواخست، بۆیە بەیانامەی سەرتاسەری (پێکهاتنی یەکێتی بێکاران لە کوردستان) لە ١٠/١/١٩٩٣ ڕاگەیاندرا. دیارە دواتر بە هۆی یەکدەستەیی و جدیبوونی هەڵسوڕاوان لەسەر مەسەلەی بێکاران، زیاتر لە ٢٠ بنکەی و لیژنەیە نوێنەرایەتی یەکێتی بێکاران لە سەرتاسەری کوردستاندا دامەزران و کرانەوە..

گۆران عەبدوڵلا :

بەدەست پێشخەری کۆمەڵێك لە هەڵسوراونی چەپ و کۆمونیست کۆبونەوەیەکی فراوان لە باخچەی گڵکەندی شاری هەولێر ڕێکخرا لە ٣٠/٦/١٩٩٢ بۆ قسەوباسکردن لەسەر بارودۆخی بێکاری، ئەوەبوو لەو کۆبونەوەیەدا سەرجەم بەشداربووان کە ژمارەیان (٥٠ ) کەس دەبوو، پاش مشتومڕێکی دوورودرێژ، دوو سەرنج لە ئارادا بوون؛ یەکیان پێیوابوو دیاردەی بێکاری وەك دیاردەیەکی جیهانی چاو لێبکرێ و دەبێت ئەم ڕێکخراوە ڕێك لە بەرانبەر ناسیۆنالیزم و بۆرژوازیدا بێتە مەیدان و لە داهاتووی خۆشیدا دەتوانێ بە چەك وەڵام بە ئیستبدادی ناسیۆنالیزم بداتەوە. سەرنجی دووەمیش پێیوابوو دەبێت ئەوزاعی برسێتی و بێکاری لەبەرچاوبگیرێت و لەو بارەوە کارێك بکات. لە کۆتایشدا بەو ئەنجامە گەشتین، کە دەبێت هەوڵی دروستکردنی ڕێکخراوەیەك بدرێت بۆ بێکاران. لەو کۆبونەوەیەدا کۆمەڵێك هەڵسوراو خۆمان بۆ ئامادەکردنی زەمینەیەك بۆ دروستکردنی ڕێکخراوێك هەڵبژارد، کە بتوانێ نوێنەرایەتی داخوازێکانی بێکاران بکات. ئەوەی لەبیرم بێت ئەم کەسانەی کە خۆیان بۆ ئەو کارە هەڵبژارد: عەبدوڵلا سلێمان، جەمال چاوشین، جەمال کرێکار، عەبدولرەحمان مەولود، سیروان عەلی، گۆران عەبدوڵلا، خەلیل نوری، مام ڕەحیم، ئەحمەد، جەمال کۆشش، ئازاد و وەستا جەلال. پاش چەند دانیشتنێك لە باخچەی خانزاد بە ناوی لیژنەی کاتی بزوتنەوەی بێکارانی هەولێر، ڕاگەیاندنێك ئامادەکرا و لە ٥/٧/١٩٩٢ بڵاوکرایەوە. لە ١٧/٧/١٩٩٢ لە کۆبوونەوەیەکی هەڵسوڕاواندا ناوی ڕێکخراوەکە لە بزوتنەوەی بێکارانی هەولێرەوە گۆردرا بۆ (یەکێتی بێکارانی هەولێر).

پاش چەند کۆبونەوەیەك توانرا بە شێوەیەکی کاتی لە گازینۆی باکوور ڕەزامەندی خاوەن گازینۆکە بەدەستبهێن، کە ئێواران وەك بنکەیەکی بێکاران لەوێ دابنیشین. لە ١/٩/١٩٩٢ لەگەڵ کۆمەڵەی ئاوارەکان ئەپارتمانێکی دوو ژووریمان لە تەنیشت مزگەوتی شێخ چۆڵی بەکرێ گرت و بەشێوەیەکی ڕەسمی بنکەی خۆمان دامەزراند. لەگەڵ ئەو کارانەشماندا دەستمانکرد بەدەرکردنی ڕۆژنامەی (دەنگی بێکاران)، شایانی باسە جەمال چاوشین تایپێکی پێشکەش بە ڕێکخراوەکە کرد، لە ڕێی ئەو تایپەوە توانرا

(دەنگی بێکاران) دەربکرێت. هەوڵی زۆرماندا بۆ گەیاندنی دەنگمان بە هەموو ئەو جێگایانەی کە ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵکی بێکاریان تێدا کۆدەبوونەوە، هەروەها لە ڕێی هاوڕێیان (شاپور) و (قابیل)ەوە بۆ ناساندنی یەکێتی بێکاران، بەشداری کۆبوونەوە گشتییەکانی خەڵکی ئاوارەمان دەکرد. ڕۆژنامەکانی (بۆپێشەوە) ، (ڕێگای کوردستان) و (ئاڵای ئازادی) لە سەرەتای کارەکانماندا لە ناساندنماندا بە جەماوەر دەوریان هەبوو.



وێنەی ژمارە (٣) وەرگیراو لە  ئینتەرنێت

پاش دروستبوونی یەکێتی بێکارانی سلێمانی لە٦/١١/١٩٩٢ و یەکگرتنمان لەگەڵیاندا و ئیعلانکردنی یەکێتی بێکاران لە کوردستان١٠ی کانونی دووەمی ١٩٩٣ توانیمان ببینە خاوەن نفوزو ئۆتۆریتەیەکی زیاتر لەسەر ئاستی کوردستاندا.

ئاکۆ محەمەد :

باش لە بیرمە، من تازە هاتبوومە شاری هەولێر، هاوڕێیانی شوققە (کۆمەڵێك چالاکی ئەوسای ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمونیست بووین لە گەڕەکی تەیراوا لە شوققەیەکدا لە تەنیشت "باخچەی کورد و عەرەب" دەژیاین؛ مامە کەریم، ڕێبوار، سۆران، باییز، هیوا و ئاکۆ و (هاوڕێ سیروانیش) زۆربەی کات دەهاتە لامان و لەنێوان خۆماندا کار و چالاکیمان دابەشکردبوو، هەر لە چالاکی لە یەکێتی بێکاران و کۆمەڵەی ئاوارەکان و پەرتووکفرۆشی و بێجگە لە چالاکی ڕێکخراوەیی و ڕۆژنامەگەریی و بەشداری چالاکییە جەماوەرییەکان و ناڕەزایەتییەکان و زۆر شتی دیکە) ، گەر بە هەڵەدا نەچووبم، دوانیوەڕۆی یەکێك لە



گۆران عەبدوڵلا :

من بۆ خۆم هەر لەسەرەتاوە بڕوام بەوە هەبوو، ئەوە ئێمەین کۆمەڵێك خەڵکانی سیاسی دەمانەێت ڕێکخراوەی جەماوەی دروستبکەین، ئەوە جەماوەر نییە خەریکی دروستکردنی ڕێکخراوەی خۆی بێت، واتە لەسەرەوە دەست بەدروستکردن کرا. بەهۆی ئەو هەموو کێشانەی کە لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشوتردا وەڵامدرانەوە، ڕێکخراوبوون نەبوو بە عەقڵییەتێکی جێکەوتە لە نێو خەڵکدا. بۆیە لەگەڵ ساردبوونەوە و چوونەدرەوەی بەشێك لە دامەزرێنەران و هەڵسوڕێنەرانی ئەو ڕێکخراوەیە، ڕێکخراوەکەش کۆتاییپێهات.

ئاکۆ محەمەد :

بەڵێ لە ساڵانی پاش پووکانەوەی ئەو ڕێکخراوەدا، ئاستی هوشیاری تاکی کۆمەڵگەی کوردستان فرەتر و فراوانتر بووە و بێکاری و تەنگەتاوی زیاتر بوو. ئەمەش سەرەنجامی کۆتایی هەموو جەنگێکە چ بە سەرکەوتن و چ بە دۆڕان. چونکە لە پاش جەنگ ئیتر پێویست بە هیزی زۆر نییە و خەڵکی بواری فرەتری بۆ بیرکردنەوە لە هۆکارەکانی بێکاری و ناداوەری هەیە. تەنانەت لە ئێستاشدا بۆ بوونی ڕێکخراوی سەربەخۆی جەماوەری توێژ و چینەکانی کۆمەڵگە، زەمینە زیاتر و پێداویستی فرەترە. بەم لۆجیکە بێت، دەبوو ئەو ڕێکخراوە تیانەچووایە و ئێستا هەژماری ئەندامانی زیاتر بووایە. ئەمەش هۆکاری خۆی هەبوو وەك پێشتر باسمکردن، بۆ ئەوەی باشتر لە هۆکارەکان بگەین، لێرەدا جێی خۆیەتی نموویەیەك لە سەردەمێکی چارەنووسازی تەمەنی ئەو ڕێکخراوەدا بخەمە بەرچاو. ئایاری ١٩٩٤ ئێمە چەند کەسێك لەوانە هاوڕێیان گۆران عەبدوڵلا، سیروان عەلی ، کاوە حەسەن، چەند کەسی دیکە، کە دواتر پاشگەزبوونەوە، بڕیارمان مەراسیمی یەکی ئایاری ١٩٩٤ بکەینە هۆکارێك بۆ هەستانەوەی (یەکێتی بێکاران) و کۆکردنەوەی جەماوەرەکەی و مەراسیمەکە لەلایەن ئەم ڕێکخراوەوە بەرپابکرێت و هاریکاری و بەشداری ڕێکخراوە ڕامیارییەکانیش پێشوازی لێبکرێت. بەڵام هەر لەتەك ڕاگەیاندنی ئەم بڕیارەدا قسەگەرانی حزبی کۆمونیستی کرێکاری عیراق، واتە ئەو سێ ڕێکخراوەی کە پێشتر شەڕەدەنووکی پاوانکردن و مۆنۆپۆکردنی (یەکێتی بێکاران)یان دەکرد و کردبوویانە مەیدانی جەنگی ئایدیۆلۆجیا، شمشێریان لە کالان دەرکێشا و بەدژایەتی حزب و ئەنارشیستبوون تاوانبارییانکردین و هەموو هەوڵێکیان دا، تاوەکو خۆیان بسەپێنن، [لێرەدا ناچمە نێو وردەکاری، ئەگەر پیوێست بێت، لە کاتی خۆیدا هەموو پیلان و دژایەتی و خراپکارییەکانیان دەخەمەڕوو] لەبەرئەوەی نیوەی ئەوانەی کە بریاری مەرسیمی سەربەخۆی یەکێتی بێکارانمان دابوو، هێشتا لەو پارتەدا بوون، نەدەتوانرا هەموو دەرگەکان بەڕووی پیلانگێڕییەکانیاندا دابخرێت و تەنانەت لە ڕۆژی مەراسیمەکەشدا هەوڵیاندەدا هەموو شتێك مۆنۆپۆڵ بکەن. ئەم کێشمەکێشە تا لە کار و چالاکییەکانی دژی جەنگی ناوخۆ و پێشتریش لە پیلانی دروستکردنی فیدراسیۆنی سەرتاسەری کرێکارانی کوردستان [من ناوی دەنێم پیلان، چونکە پێش ئەوەی وەك پێشنیار

ڕۆژەکانی سەرەتای هاوین بوو، لە باخچەی گڵکەند، کە بۆ یەکەم جارم بوو، دەچوومە ئەو شوێنە و زۆربەی کەسەکانم نەدەناسین و دواتر لە ڕەوتی چالاکییەکانی (یەکێتی بێکاران) و بواری دیکەدا بووینە هاوڕێی نزیکی یەکدی. من هەر ئەوەندەم لەبیرە، لە کەشێکی زۆر هاوڕێیانە و گەرموکوڕ و دڵسۆزانە بابەتەکان تاوتوێ دەکران و بڕیاریان لەسەر دەدرا. مەڵبەتە نەوتراو نەمێنێتەوە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٢دا پاش داخستنی بنکەی ڕەوتی کۆمونیست لە مەڵەبجە و ڕانیە، لە سلێمانی من لەتەك مەندیك لە هاوڕێیانی سلێمانی زۆر جار قسەم لەسەر پێداویستی ' نووسینگە (دەفتەر)ی بێکاران ' کردووە، بەدیارڕێکخراوی هاوڕێ (هۆرامان محەمەد)، کە زۆر جار لەمەڕ پرسی ژنان و خوێندکاران و بێکاران لەتەك یەکدیدا هاورابووین. بەڵێ پاش ئەو کۆبوونەوەیە و ڕاگەیاندنی ئامادەکاریی بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوەکە و دروستبوونی، دەچووینە ئوردووگە زۆرلەملییەکانی وەك دارەتوو و بەنیسلاوا و. . تد کۆبوونەوەمان بە دانیشتوانی ئەو جێیانە دەکرد و خەڵکی بەگشتی و بێکاران بەتایبەتی پێشوازییان دەکرد.




وێنەی ژمارە (٤) وەرگیراو لە ئەرشیفی (گۆران عەبدوڵڵا)

**ئەم ڕێکخراوە لە سەرەتای دەستپێکردنیدا بە چی ناوێك کاری کردووە؟**



ئاکۆ محەمەد :

بە بۆچوونی من نموونەی پووکانەوە و مردنی ڕێکخراوەی ڕامیاریی و جەماوەریی بەو جۆرەی (یەکیتی بێکاران) و (کۆمەڵەی ئاوارەکان) و (ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان) و چەند ڕێکخراوێکی دیکە [کە چەپ ڕۆژانە وەك ناوی سەر کاخەز و واژۆگەر قوتیدەکردنەوە] لە مێژوودا زۆر نییە. بەزۆری ڕێکخراوەکان یا سەرکوتکراون یا سازشیانکردوە و بوونەتە بەشێك لە دەزگەکانی دەسەڵات. بەڵام (یەکێتی بێکاران) و ڕێکخراوە هاوجۆرەکانی کە دەستکردی چەپبوون، وەك بەفر توانەوە و لەبیری خەڵك چوونەوە، تەنانەت پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە خوارووی عیراقدا دەست بۆ ئەو پڕۆژانە برایەوە، کە دیسانەوە بە هەمان سەرەنجامەوە کۆتاییان هاتەوە. چونکە دارەکە لە بوونەوە کرمۆڵ بوو و چەپ هەروەك ڕاست، تەنیا وەك دەزگەیەکی ڕاگەیاندن و وەك ئامرازێکی ڕاوکردنی تاکە ناڕازییەکان بۆ نێو ریزەکانی خۆی ڕۆڵی بەو ڕێکخراوانە دەدا و دەدات.

**باشە لەو کاتەدا ڕێکخراوێك بەو هەموو ئەندام و لایەنگرەوە، چۆن هیچ پاشینەیەکی لە دوای خۆی بەجێنەهێشت یا لایەنیکەم لە هەڵچوون و نارەزایەتییەکانی چەند ساڵی دواییدا شێوەیەك لەو ڕێکخراوە نەهاتەوە مەیدان، بەتایبەت ئەوەی دەبینین نارەزایەتی خەڵك لە چاو ساڵانی ١٩٩١ و ١٩٩٢ زیاتر و ئاشکراتر و داخوازی ئاڵوگۆڕ چ لە بواری ئابووریی و داهاتدا چ لە بواری ڕامیاریی و کارگێڕیدا زیاترە و پێشتر قەت وەها نەبووە؟**

سیروان عەلی :

ئەوەی چۆن پاشینەیەکی بەجێنەهێشت، نازانم مەبەستت لە چییە، بەڵام هەوڵی لەو جۆرە وەك لە سەرەتاشدا باسمکرد، پەیوەندی بەهەلومەرجی کۆمەڵگەوە هەیە. دواتر هیچ کەس ئەمرۆکە چاوەڕوانی دووبارکردنەوەی ئەو ئەزمونە نییە، لەبەرئەوەی دنیا گۆڕاوە و هیچ شتێك خۆی دووبارە ناکاتەوە، ئەگەر دووبارەش بێتەوە، ئەوا لە شکڵ و شێوەی بەرخودانی جیاوازتردا دێتەوە مەیدان. ئەوەی مەسەلەی نارەزایەتییەکان روونتر بن، من ئەم مەسەلەیەم پێوانییە، بەتایبەت لە ڕووی سیاسیەوە لەبەرئەوەی وەك ئەوەی باسمانکرد، لە سەرەتادا (یەکێتی بێکاران) زادەی بارێکی مەوزعی و و بابەتی بوو. من پێموانییە ئێستا بەتایبەت لە کوردستان دیاردەی بێکاری بەو ئاستەی کە پێشتر هەیبوو ئێستاش وابێت. بەنیسبەت بزوتنەوەی ڕامیاری چی لەنێو خودی چینی کرێکار و چی وەك هێزێکی سیاسی ڕێکخراو، ئاسۆی کارکردنی زۆر نادیار و لێڵ و لادەرە. پێشوتر ڕێکخراوە سیاسییەکان چی لە ڕووی بنەمای میتۆدۆلجیاوە چی لە ڕووی زمانی ئەدەبی و سیاسیەوە بناغەی کارکردنیان چینی کرێکار بوو، بەڵام ماوەیەکی زۆر لە مێژە خەریکی لاوان و ژنان و بێدینی و مامۆستایانن ،،هتد کە زیاتر لەژێر کاریگەری ڕێبازێکی چەپی لیبراڵ و پرۆمەدنییەت و سیکولاریزمدا خەباتدەکەن.

سیروان عەلی :
سەرەتا بە ناوی بزوتنەوەی بێکاران لە شاری هەولێر دەستی بە کارەکانی خۆی کرد. . دواتر لە پرۆسەی سەرتاسەریبوونەوەدا لەگەڵ ناوچە و شارەکانی تر لە ڕێکەوتی ١٠/١/١٩٩٣دا لەژێر ناوی (یەکێتی بێکاران) خۆی ڕاگەیاند .

گۆران عەبدوڵلا :
من لە پرسیاری پێشوتردا وەڵامم بەو پرسیارە داوەتەوە. هەروەها وەڵامەکەی هاوڕێ سیروان لەو بارەوە دەقیق نییە.

ئاکۆ محەمەد :
ئەوەندەی من لەبیرم بێت، لە هەولێر هەر لە سەرەتاوە بەو ناوەوە دەستبەکاربوو، تەنیا پاشگرە جوگرافییەکەی گۆڕدرا، واتە هەولێر بوو بە کوردستان.

**ئایا پێکهێنانی ئەم ڕێکخراوە پرۆژەی ڕێکخراوە ڕامیارییەکان -چەپەکان- بوو یا زەمینەی کۆمەڵایەتی و ئامادەیی جەماوەریی هەبوو، یان هاوتەریبی یەکدی بوون؟**

سیروان عەلی :
ئەوەی ئەم ڕێکخراوە پێشنیازی ڕێکخراوە چەپەکان بوویێت، وەك پرۆژەیەکی توکمە و لەپێش نووسراو و نەخشەبۆکێشراو، پێموانییە. یەکەم، من ئەو کاتە ئەندامی عەلەنی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمونیست بووم، کە زیاتر لە ٤ مانگ بەسەر داخستنی بنکە ئاشکراکانی ئەو ڕێکخراوەدا تێپەڕیبوو، هیچ سیاسەتێکی تایبەت بە پرۆژەیەکی لەو چەشنە بەدەستی من نەگەیشت، نەك هەر ئەوەش، هەر سێ ئەندامی دیاری ناوەندی ڕەوتی کۆمونیست (موئەیەد ئەحمەد، نادر عەبدولحەمید و ئەمجەد غەفوور) بەرەو هەندەران ڕۆشتبوون، یەکەم کەسانێك بوون، کە بەرەو تورکیا سەری خۆیان هەڵگرت، کە بە لێکدانەوەی هەڵەی خۆیان پێیانوابوو، ئیتر سەرکوت دەستپێدەکات، باشترین شت ئەوەیە لە خەمی پارێزگاریکردنی ناوەندی (ڕەوتی کۆمۆنیست)دا بین، ئەمە یەکەم دەستپێکردنی دیاردەیەك بوو، کە گورزی زۆر جەرگبڕی لە بزووتنەوەی کۆمونیستی بەگشتیدا. بەهەرحاڵ هیچ سیاسەتێکی نەخشەبۆکێشراو نەبوو، لایەنیکەم لەلایەن (ڕەوتی کۆمونیست)وە نەبوو، ئەگەر کەسێکیش شتی وا بڵێت، دەبێت بەڵگەی نوسراوی ئەو سەردەمە بخاتە بەردەست، کە ئەو کات هیچ ڕێکخراوێك بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێك بۆ بێکاران، پرۆژەی نە ئاشکرا و نە تەشکیلاتی دەرنەکردبوو. بەڵام وابەستەیی و بڕوابوونی ئەو ڕەوتە و هەڵسوراوانی کرێکاری کۆمونیستی و دڵسۆزی سیاسی کۆمونیستی ئەو سەردەمە بە بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار، هۆکاری



جیابوونەوەو دامەزراندنی (ڕێکخراوی بێکاران) زۆرتر لەسەر تۆڵە و ڕق بوو تا ئەوەی بەدیلێك بێت بۆ دەربازبوون لە چەقبەستووی کارەکانی (یەکێتی بێکاران). هەر بۆیە لە کۆتاییدا جارێکیتر گەرانەوە نێو خودی یەکێتی بێکاران لە کوردستان).

ئاکۆ محەمەد:
پێشتر وتمان، کێشمەکێشی ڕامیاری نێوان ئاراستەی جیاوازی ئەندامانی باڵای ڕێکخراوەکە بەتایبەت لە سلێمانی، کە بە هەموو شێوەیەك پرسە کۆمەڵایەتییەکانیان ڕامیارییدەکردەوە، تاوەکو بتوانن باشترین سەرمایەگوزاری ڕامیاریان لەسەر بکەن، ئەمەش دەبووە هۆی شەڕەدەنووکی ئایدیۆلۆجی و ململانێ لەپێناو پێگە و مۆنۆپۆلکردنی زیاتری ئەندامان و پاوانکردنی ڕێکخراوەکە. کاتێك کە پاوانگەران و پێگەخوازان دەکەونە ململانێی یەکلاییکردنەوەی پرسەکان بەلای خۆیاندا، ئیدی هەرچی هەیە و نییە، دەبێتە قوربانی و تیادەچێت و کەسانی دڵسۆزیش نائومید دەکەن.

**ئەی (یەکێتی بێکاران لە کوردستان) خۆی چی بەسەرهات، دەسەڵات سەرکوتی کرد یا هەڵوەشایەوە؟ ئەگەر هۆی یەکەم بوو، چۆن و کەی؟ ئەگەر هۆی دووەم بوو، بۆچی؟ ئایا ئەم ڕێکخراوە خۆی بە ئاشکرا هەڵوشاندەوە، واتا بە فەرمی ڕاگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەی بڵاوکردەوە؟**

سیروان عەلی :
(یەکێتی بێکاران) هەڵنەوەشایەوە، چونکە هەڵوەشاندنەوە شتێکی ڕاگەیێندراوە، بەڵکو لە جێگەی خۆیدا توایەوە و وەك هەر چۆن هەموو ڕێکخراوەکانی دیکەش بەبێ هیچ ڕاگەیاندنێك نەمان، ئەویش وردە وردە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا پووکایەوە.

گۆران عەبدوڵلا :
بەو مانایەی هێزێك هەڵبکوتێتە سەری و دەرگاکەی دابخات، سەرکوت نەکرا، بەڵام داخستنی هەموو ئەو ڕێگایانەی کە ڕێکخراوەکە دەیگرتەبەر بۆ خزمەت بە بێکاران، بۆ خۆی سەرکوت دەگەیەنێت. کارکردن لەگەڵ دەسەڵاتێکی وەکو یەکێتی و پارتی بێهودەیی بوو، ئەوان لە ئاشتی و شەڕەکانیاندا، لە هەژاری و دەوڵەمەندیاندا، هەمیشە دەرگاکانیان بە ڕووی داخوازییەکانی خەڵکدا داخراوە. نەك هەر یەکێتی بێکاران لە کوردستان دەیان ڕێکخراوە و ڕۆژنامە لە تەمەنی ئەم دەسەڵاتەدا بە ئومێدی خزمەتکردن و جوانکردنی کۆمەڵگەی کوردستان، هاتنە مەیدان، لەبەرئەوەی کە لە ئەتمۆسفیری سیاسەتی ئەواندا نەدەسوڕانەوە، چارەنووسیان لە (یەکێتی بێکاران لە کوردستان) باشتر نەبوو، هەر بۆیە بە نائومێدی و دڵێکی شکاوەوە دەرگاکانیان داخست.

بوون و دەیانویست بێلایەنی خۆیان بەوە نیشانبدەن، کە هاوکات بەرامبەر بە مەلابەختیار و لقی ٤ی پارتی خۆپیشاندانەکەن. بەداخەوە ئەوە پاگەندەی هەردوو لایەنی جەنگەکە (ینك) و (پدك) بوو لەو ڕۆژەدا دژی خۆپیشاندانەکە، هەروا کە (مەلا حەسەن) قسەکەری حزبی شیوعی کوردستان لە ئێوارەی ڕۆژی دووەمی خۆپیشاندانەکەدا بەوە پاساوی کوشتنی خۆپیشاندەرانی دەدایەوە، گوایە ئەوانەی کە خۆپیشاندانیان کردووە، خەڵکانی ئاژاوەگێڕ و دژی ئاشتی بوون و دەستی گوماناوییان لە پشتە، شایانی ئاماژەکردنە، کە ئەم هەڵوێستەی حشك لەوێوە بوو، پارتی کاری سەربەخۆ، کە لە خۆی جیابووبووەوە، لایەنێکی چالاکی نێو خۆپیشاندانەکەی دژی جەنگی نێوخۆدا بوو و (حشك) ئەوەندە دژایەتی جیابووانی نێوخۆی بەلاوە گرنگ بوو، هێندە داخوازی ناڕازییانی دژی جەنگی نێوخۆی بەلاوە گرنگ نەبوو، هەربۆیە ئاوا بەئاسانی تۆمەتی ئاژاوەگێڕیی دایەپاڵ ئازادیخوازان و سۆشیالیستان و دژەجەنگانی ئەو ڕۆژگارە.

**ئەوانەی کە بە ڕەخنە لە ڕێکخراوی دایك (یەکێتی بێکاران) جیابوونەوە، ئایا توانییان لەو ڕێگری و ناکارێکیانە ڕزگاری بکەن؟ ئایا ڕێکخراوەکەی ئەوان لە پاش نەمانی یەکێتی بێکاران درێژەی هەبوو و ماوهیە، ئەگەر وەڵام "نە"، بۆچی؟**

سیروان عەلی :
نەخێر نەیانتوانی لەبەرئەوەی ئەوانیش لە دەرەوەی ویستی هەندێکیان پرۆژەیەك بوون، کە دەسەڵات یان پارتەکانی دەسەڵات لەپشتییەوە وەستابوون. واتەی هەر بەدەست هەمان دەرد و نەخۆشی دەیانناڵاند، ئەویش نەبوونی سەربەخۆیی بوو. ڕێکخراوەکەی ئەوان نەمایەوە. بۆچی، پێموابوو پەیوەندی بە چوەنەدەرەوەی کەسە سەرەکییەکانی ئەو ڕێکخراوە، لەوانە حاجی ئەنور، هەرەوها هەندێکیان وەك ئەکرم فەوازا، کە ئێستا بە ئەکرم میهرداد ناسراوە بە ئاشکرا ڕوویانکردەوە نێو (یەکێتی نیشتیمان کوردستان) و هەندێکشیان جارێکی تر گەڕانەوە نێو یەکێتی بێکاران. بەم جۆرە ئەم پرۆژەیە لە ماوەیەکی کورتدا پووکایەوە.

گۆران عەبدوڵلا :
ئەوانیش لە کێشە سەرەکییەکە تێنەگەیشتن، کە کێشەکان دەنگە دەنگەکانی نێو ڕێکخراوەکە نەبوون، بەڵکو شتێکی تر بوو، هەر بۆیە نەیانتوانی نموونەیەکی جوانتر یان باشتر لە (یەکێتی بێکاران) پێشکەش بە خەڵکی بێکار بکەن.



جدی بوون، کە بوون بە پێکهێنەرانی یەکێتی بێکاران. بۆیە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە کۆمونیستییانەی کە خۆیان پێکهێنەری (یەکێتی بێکاران) بوون، دەکرێت هەر لە سەرەتای بنیاتنانی (یەکێتی بێکاران)ەوە ئەم مەلەفەیان کردبێتە مەلەفێکی گەرمی ناو ڕێکخراوە سیاسییەکانی خۆیان. بەڵام من دوای دامەزراندنی (یەکێتی بێکاران) لە ماوەی ئەندامبوونم لە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمونیست و دواتر پێکهێنانی حزبی کۆمونیستی کرێکاری عیراق بۆ یەك جاریش نوسراوێك ئاشکرا و نهێنی فەرمیم سەبارەت بە هەڵسوڕانی چالاکییەکان پێنەگەشت. کە دەکرێت هۆکارەی ئەوە نەبێت، کە ئەمان بۆیان گرنگ نەبووبێت لەو ڕێکخراوەدا چی دەکەن، بەڵکو بەهۆی ڕوحیەتی مەحفەلگەری و تەنانەت جۆرێك لە فەوزا لە کاری تەشکیلاتیدا، هۆکاری جدی بوون بۆ ئەو پاشاگەردانییە، هەرچەندە بەشێکی زۆر لە هێزی (یەکێتی بێکاران) هەڵسوڕاوانی کۆمونیست بوون. دووەم، من پێموایە زەرورەتی خەباتی دژی بێکاری و نەبوونی هەلی کار لەو سەردەمەدا وەك لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا باسم لێکرد، هۆکاری سەرەکی بوون لە سەرهەڵدان و گەشەی یەکێتی بێکاراندا.

یان ئەگەر پرسیارەکە ئەوەیە؛ ڕێکخراوە چەپەکان لە دەرکەوتنی یەکێتی بێکاراندا وەك ڕەوتێکی سیاسی ئەو سەردەمەی هاوسەنگی سیاسی بەشداربوون، ئەوا وەڵامی ئەم پرسیارە بێگوومان ئەرێیە، ئەوان نەك بەشداربوون، بەڵکو ئەو ڕەوتە لە تەسەور و خەبات هاوشانی چینی کرێکار دژ بە نیزامی سەرمایە پشکی شێریان بەردەکەوێت. هەر لە سەرەتای لەدایکبوونی یەکێتی بێکاراندا، دواتر دەکرێت ڕەوتەکانی تر وەك ئەنارشیستەکان یان سەندیکالیستی بەشداری دووەم بن لە پێکهێنانی یەکێتی بێکاران .

ئاکۆ محەمەد :
ئەوەی کە پێکهێنانی ئەم ڕێکخراوە پرۆژەی داڕێژراوی ڕێکخراوە چەپەکان بووبێت، نەخێر. ئەویش بە دوو بەڵگە، یەکەم ناوەندی و کەسانی سەروەری قوچکەی ڕێکخراوە چەپەکان، فرەتر خەریکی شەڕەدەنووکی خۆسەلماند و خۆبەڕاستزانین و گرەوکردن لەسەر ئەوەی کە کێ فرەتر و باشتر و ڕەسەنتر کۆمونیزمی کرێکارییە و کێ لە باسەکانی ئەو هێڵە ڕامیارییە و ئایدیلۆجیاکەی تێگەیشتووە. بەپێچەوانەوە ئەوە دەرك و دەستپێشخەری ئەندامانی خوارەوەی ڕێکخستنەکانیان بوو، کە دەستییان بۆ ئەو کارانە دەبرد و زۆرجار سەرەوە ڕێگرییان لە کارەکانی ئێمە دەکرد. بۆ نموونە کاتێك کە ئێمە لە بنکەی ڕەوتی کۆمونیست - هەڵەبجە بووین، لە نێوان چەند کەسێکماندا قسەوباس لەسەر ڕێکخراوی خوێندکاران، بێکاران و چالاکی هونەری هەبوو، یا کاتێك کە بنکەکەیان پێچایەوە و داخست و بڕیاری دەرکردنی گشت ئەندامانیان بۆ هەندەران درا، لە سلێمانی بە دیاریکراوی هاوڕێ هەورامان محەمەد و من، لە زستانی ١٩٩٢دا قسەمان لەسەر نووسینگەی بێکاران وەك هەنگاوی یەکەم و هەستەی سەرەتایی ڕێکخراوی بێکاران دەکرد، بەڵام هیچ کات سەران و لێپرسراوانی بەشەکانی ڕێکخراوەکەمان دەرکی خەباتی

جەماوەری و پێداویستی ئەو کارانەیان نەدەکرد و بەهەند وەرنەدەگرت و بە بێدەنگەکردن لە بەرامبەریدا، ئێمەشیان نائومێد و پەشیماندەکردەوە، لەم بارەوە نموونە زۆرە و سەلماندنی ئاسانە.

گۆران عەبدوڵڵا :

چەپ مەفهومێکی گشتگیرە، لەو سەردەمەدا لە کوردستان زۆر ڕێکخراوە ناوی چەپی لە خۆی نابوو، بەڵام لە کار و کردارەکانیدا لەوسەری ڕاستەوە غارغارێنەی بوو. ئەو کەسایەتی و ڕێکخراوانەی بەدوای گۆرانکاری بنەرەتیانەوە بوون، خەڵکانێك بوون لە ڕووی تەمەنەوە گەنج بووین و لە کاری جەماوەرییدا خاوەنی هیچ ئەزمونێك نەبووین، هەروەها لە رووی فیکری و سیاسیشەوە بەشێك نەبووین لە مێژووی حیزبی شیوعی عێراق، کە لە بواری کاری جەماوەریدا خاوەنی ئەزموونێکی زۆرە ، بەتایبەت لە ساڵەکانی پەنجاکان تا هەفتاکانی سەدەی ڕابوردوو. ئەو تەمەنەی ئێمەش تەمەنێك بوو، لە پەنای دیکاتاتۆری و سەرکوتدا تێپەڕیبوو، کە دەرفەت بۆ دروستبوونی هیچ ڕێکخراوەیەکی جەماوەری نەمابووەوە.، شتێك کە دەمانزانی شورا بوو، ئەویش وەك نەزەر بوو زیاتر لە عەمەل. مەبەستم لەم قسانە ئەوەیە، کە بڵێم پلانێك بە غەیری دامەزراندنی شورا لای ڕێکخراوە سیاسییە چەپەکان بەتایبەتی خەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە ئارادا نەبوو. بیرمە شورای خەڵك لە هەولێر لە تەنیشت بنکەکەیانەوە خانوویەك هەبوو لێیان نووسیبوو "مەکتەبی بێکاران"، بەڵام فەلسەفەی پشت ئەو نووسینە خەمخواردن لە بێکاران نەبوو، بەڵکو ترسی ئەوەیان هەبوو ڕەوتی کۆمونیست ئەو جێگایە بکاتە بنکەی خۆی، چونکە لەو کاتەدا برادەرانی شورای خەڵك لە هەولێر ئەوەندەی ڕقیان لە ڕەوتی کۆمونیست دەبووەوە، ئەوەند بەرەی کوردستانیان بە کێشە لەپێش خۆیان نەدەبینی.

بیرۆکەی دامەزراندی ڕێکخراوەیەك بۆ بێکاران بیرۆکەی تاکی چەپ بوو، لەسەر زەمینەیەکی واقعی بۆ وەڵامدانەوەی کارەساتێك، کە ڕووی لە کوردستان کردبوو؛ ئەویش بێکاری و برسێتی بوو.

**ئەو دروشم و ئامانجانەی کە ڕێکخراوەکە لەپێناویان پێکهات، کامانە بوون، ئایا تا دوارۆژەکانی لە پای ئەو داخوازی و ئامانجانە مایەوە؟**

سیروان عەلی :

داخوازی سەرەکی ئەو کاتە ( کار یان بێمەی بێکاری) بوو. مەسەلەی پێداگری لە سەر ئەو داخوازیانە شتێك بوو، هەڵچوون و دابەزینی بە خۆیەوە دەبینی. یەکێتی بێکاران بۆ ماوەیەکی زۆر کاری بۆ ئەوە دەکرد، ئیش بۆ خەڵك بدۆزرێتەوە و هەوڵبدرێت بێکاران لە لیستی تایبەتدا ناونووسبکرێن و پێناسەیان بۆ بکرێت و هەروەها هەوڵبدرێت کۆمەکی کورتماوەش بۆ بێکاران بەدەستبهێنرێت،کۆمەکی وەك ئازووقە و



پاگەندە و هەڵخڕاندن و ڕێکخستن و کۆمەڵایەتیکردننەوە و لەبارکردنی هاوسەنگی هێز بۆ یەکلاییکردنەوەی پرسەکان.

بەڵام بەداخەوە بۆچوونەکەی من، لەلایەن هاوڕێیانی دیکەوە، بە خەیاڵپڵاوی و نەبوونی سەردەمی شۆڕشگێڕانە و گێڕانەوەی وتەی مارکس و لێنین و مەنسووری حیکمەت، پێداگریان لەسەر بۆچوونەکانیان دەکرد. لەوەش سەیرتر هەموویان لەسەر بەستنی پارچەپەڕۆی سپی بە قۆڵیانەوە کۆکبوون. لەبەرئەوە، هەرچەندە من لە خۆپیشاندانی ڕۆژی یەکەمدا، کە لە مەیدانی نافورەکەی سەرەتای بازاری باتە لەتەك خۆپیشاندانی چەپە کوردستانییەکان (پارتی کاری سەربەخۆ و ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەران و پارتی ئازادی کوردستان)دا یەکیگرتنەوە، بەشداریمکردبوو، بەڵام لە ڕۆژی دووەمدا لەبەر هەڵگرتنی لافیتەی سپی و بەستنی پەرۆی سپی بە قۆڵەوە و ئەو تێڕوانینانەی زاڵبوون، بایکۆتمکرد، پاش ئەوەی کە تەقەی لێکرا، ناچاربووم بنکەی بێکاران بەرەو شوێنی تەقەکە بەجێبهێڵم و بەدوای هاوڕێکانمدا برۆم، هەرچەندە توانیبوویان کوژرا و برینداره‌کان لەوێ دوور بخەنەوە، بەڵام پلاکاتی سەربازێکی عەرەبزمانی هەڵهاتوو، کە لەسەری نووسیبوو "لا للبعث، لا للحرب، نعم لكاكه مسعود و مام جلال تالباني" بەخوێنی خۆی سوور بوو بوو و هێشتا لە کەناری شۆستەکەی بەرامبەر کۆتری ئاشتی کەوتبوو و ترس و سەرکوت باڵی بەسەر کون و کەلەبەری شاردا کێشابوو.

شتێکی دیکە کە پێویستە لەسەری بوەستم، خۆپیشاندانی ڕۆژی یەکەم و ماوموکردنی جەماوەری ناڕازی لە مەلابەختیار و ڕاکردن بەدوایدا تا چواریانی تەیراوا- عەینکاوا و دواتر چوون بەرەو بارەگای لقی ٢ی پدك لە نزیك شیراتۆن.

وەك هاوڕێ گۆران دەڵێت، ڕۆژی یەکەم بوو و پاش ڕاگەیاندنی کۆتایی خۆپیشاندانەکە لەلایەن قسەکەرانی یەکێتی بێکاران و کۆمەڵەی ئاوارەکان و حککع و پارتی کاری سەربەخۆ و ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەرانەوە، خەڵکی ناڕازی نەچوونەوە ماڵ و بەرەو وتاردانەکەی مەلابەختیار چوون و دژی قسەکانی فیکەیان لێکرد و بە هاوهو ناچار بە کۆتاییهێنان بەقسەکانی و بەجێهیستنی شوێنەکەی بەرەو بارەگای (ینك) لە نزیك پارلەمان بوو، هەمان خەڵکی ناڕازی بە ڕاستە شەقامی زانکۆدا درێژەیان بە خۆپیشاندانەکە دا و چەکدارەکانی پارتی تەقەیانلێکردن و چەند کەس برینداربوون، هەروەها هەواڵی ئەوەش هەبوو، کە یەك دوو برینداریان ڕاکێشاونەتە نێو بارەگاکەی شیراتۆن و لەژێر ئەشکەنجەدا مردوون. بەڵێ لەوانەیە لەنێو ئەوانەی، کە فیکەیان لە مەلابەختیارکردبێت، لایەنگرانی (پدك) هەبووبن و لەنێو ئەوانەشدا، کە بەرە بارەگای لقی ٢ی پارتی چوون، لایەنگارانی (ینك) هەبووبن، بەڵام نە زۆرینەی ناڕازییان بوون و نە مۆتۆری بزووتنەوەکە، بەڵکو خەڵکی ناڕازی لە جەنگ

قۆڵەوە، سێیەم کردنی خۆیشاندان و نەبەستنی پارچەپەڕۆی سپی بە قۆڵەوە. هەڵبەتە نێوەڕۆك و ئایدیای پشت ئەم سێ بۆچوونە کردن و نەکردن و بەستن و نەبەستن نەبوو، چەند ڕۆژ بوو لە بنکەی یەکێتی بێکاران قسەوباس لە خۆپیشاندان و بەرەنگاری و ڕاوەستاندنی جەنگ دەکرا، هەر پارت و ڕێکخراو  و دەستە بوو، بەیاننامەی دژی جەنگی دەردەکرد. ناڕەزایەتی خەڵك لەو پەڕی هەڵچووندا بوو، مەترسی جەنگ و کارایی و پاشکارابیەکانی سێبەریيان بەسەر ژیان و ئاساییشی ژیان و گوزەرانی خەڵکدا کردبوو.

بۆچوونی یەکەم، کە من تا ئەوێ کە لەبیرممابێت، فرەتر عەبدولرەحمان مەولوود قسەکەری بوو، تەنیا وەستانی جەنگ بە خۆپیشاندانی ئاشتی و بەیاننامە و کاری هاوبەش لەتەك لایەنەکانی دیکە، لەوانە چەپە کوردستانییەکان.

بۆچوونی دووەم، ڕاگرتنی جەنگ و بەرێخستنەوەی بزووتنەوەی شورایی بوو، کە قسەکەرانی حككع بەدیاریکراوی ئەو ڕۆژانە هاوڕێ دلێر بوو. وەك هەمیشە حككع بۆ بەیاننامەدەرکردن و جوینەوەی دروشم و ڕستەی پێشتر ئامادەکراو و سواو، بیانوویەکی دەستکەوتبوو، "دامەزراندنەوەی شوراکان" وەڵامی ئامادە و گۆچانە جادوویەکەی موسا بوو، بۆ هەموو بۆنەیەك چاپیاندەکردەوە.

بۆچوونی سێیەم، کە تەنیا من بووم و بەتەنیا بووم، ئەویش  و دژایەتی جەنگ و ڕاگرتنی جەنگ بوو، بەڵام بە بزاڤی شۆڕشگێڕانە، بە لافیتەی سپی نا و بەتەنیا بە خۆپیشاندان نا، بەڵکو لە هەڵخڕاندنی بزووتنەوەی جەماوەریی گەڕەك و شوێنەکانی کار، بەپێچەوانەی پێشنیارەکەی (حككع)ەوە، کە تەنیا بە بەیاننامە لە کۆڵی خۆیان دەکردەوە، من لەو بڕوایەدا بووم، هەڵەی هەموو سەردەمێکی سۆشیالیستەکانی کوردستان سیتتواتسیۆنیست بوون بووە و تەنیا لە کاتی تەنگەتاوی و هەڵچوونی خەڵکدا بیر لە کار و چالاکی چارەنووسساز کراوەتەوە و دەکەنەوە. بزووتنەوەی جەماوەریی لە شەوڕۆژێکدا دروستنابێت، بەڵکو پێویستە هەنگاو بە هەنگاو لە پاگەندە و کۆبوونەوەی بەردەوامی گەڕەکەکان و هەڵخراندنی خەڵك دژی جەنگ، بۆ دەرکردنی چەکدارەکان لە گەرەکەکان و داگرتنیان لەسەر بانی فێرگە و نەخۆشخانە و فەرمانگەکان، پێکهێنانی کۆمیتەکانی سەرپەرشتی و پارێزگاری لە گەڕەکەکان و سەرتاسەریکردنەرووەری ئەم هەوڵانە و بەرەوپێشبردنیان تا ئاستی جێگرتنەوەی دەسەڵاتی جەماوەری دژی دەسەڵات و جەنگەکەی. پێشنیارێکی ئاوا پێویستی هەموو قۆناخەکانە چ لە پێش جەنگ و چ لە جەنگدا و چ لە پاش جەنگ، لەو کاتەدا کە دەرکی دەکەین، پێویستە کاری بۆ بکەین، ئەگینا هەر کات کە بمانەێت کاری بۆ بکەین، ناچاردەبین لە سفرەوە دەستپێبکەین، واتە لە



کۆمەکە مرۆییەکانی دیکە، کە تاڕادەك بەشیك لەمانە ئەنجامدران. بەڵام لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا بەهۆی زاڵبوونی عەقڵیەتی سکتاریستیی حزبی کۆمونیست کرێکاری عیراق، هەوڵەکانی (یەکێتی بێکاران) نەیاندەتوانی لە بڕیارەکانی نێو کۆبوونەوەکانی مەکەتەبی سیاسی ئەو حزبە بترازێن. هەروەها ڕێکخراوەکە زیاتر بووبووە لیژنەیەکی یان ئۆرگانێکی ئەو حزبە و حزبیش (یەکێتی بێکاران) بە موڵکی خۆی دەزانی، بۆیە هەموو شەڕێکیان پێدەکرد، بۆ نموونە بۆ پشتیوانی لە ڕێبوار ئەحمەد، کە لەسەر بابەتێکی ئەو، لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە،بڕیاری داخستنی ڕۆژنامەی بۆپێشەوە درا بوو و دەبوایە یەکێتی بێکاران خۆی و ئەندامان و هەڵسوڕاوانی هەرچی توانای مادی و مەعنەویی هەیە، لەو پێناوەدا بەخەرجی بدەن، بۆیە ڕۆژانە لەلای قەڵای شاری هەولێر (یەکێتی بێکاران) بە شەڕەدار و چەقۆ لەگەڵ ئیسلامییەکان ئامادە دەکرا. تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی زیاتر لە ١٣ هەڵسوڕاو و نوێنەری ڕێکخراوەکان ڕەوانەی زیندان بکرێن، کە زیاتر بۆ ماوەی دوو هەفتە لە زینداندا مانەوە؛ لەوانە هاوڕێیان ( شاپوور عبدالقادر، قابیل عادل، حسێنی دارەتوو، کاوەی مام سەید، سیروان عەلی، هاوڕێ پەنگر و چەندین هاوڕێی  دیکە) بەداخەوە ناوەکانیانم باش لەبیر نەماوە.

من ئەو ڕۆژگارەم لەبیرناچێتەوە، کە من و هاوڕێ کاوە زۆرمان هەوڵدا، کە ئەمە مواجەهەی ئێمە نییە، بۆ ئێمە مەسەلەی بێکاران کاری ئەساسیە، بەڵام ئەندامانی حزبی کۆمونیست بەکەیفی خۆیان لەنێو بێکاران تەڕاتێنیان دەکرد و هەروەها ئەو کاتەم لەبیرناچێت، کە هاوڕێیان شاپوور و قابیل دەستگیرکرابوون، ئێمە نوێنەری ڕێکخراوەکانی یەکێتی بێکاران و کۆمەڵەی ئاوارەکان و ڕێکخراوەی سەربەخۆی ژنان و ڕێکخراوەی کارگە ئەهلییەکان لە شاری هەولێر، دەستەیەکی عەلاقاتمان بۆ چوونەلای بەڕێوەبەرانی دەزگەی ئاسایش لەپێناو ئازادکردنی ئەو هاوڕێیانە دروستکرد،  کە هاوڕێ کاوە و هاوڕێ حسین و هاوڕێ ئاڵا و من لەو لیژنەیەدا  ئەندام بووین و لەلایەکی تریشەوە، ڕێپیوانێکیشمان بۆ بەردەم دەزگەی ئاسایش ئامادەکردوبوو، کە ئەگەر لیژنەی عەلاقات لە دانیشتنەکەیدا لەگەڵ بەڕێوەبەرانی ئاسایش سەرکەوتووو نەبوو، ئەوا پێویستە ڕیپێوانەکە  بۆ ئەو شوێنە بەڕێبکەوێت. ئێمە لیژنەکە لە ئاسایش بووین، دادوەر بڕیاری ئازادکرنی ئەو هاوڕێیانەی دابوو، بەس چەند کاریکی ڕۆتین مابوون، بەڵام لە ناکاو نێو ئاسایش شەڵەژا و هەواڵ گەیشت، کە ڕێپێوان بەڕێوەیە. ئێمە کە زانیمان بارەکە خراپە، بۆیە من لە ئاسایش دەرچووم، بۆ ئەوەی ئەو ڕێپیوانە نەگاتە بەردەم ئاسایش. دیارە ڕێپێوانەکە بە دوو بەش هاتبوون؛ بەشێکیان لەپشتی بینای پارێزگاوە دەهاتن، کە زۆربەیان پیاوان بوون، بەشەکەی تریان یەکسەر بەنێو (بازاری سیروان)دا بۆ بەردەم بینای ئاسایش دەهاتن. ئێمە هەرچەندە توانیمان ئەوانەی کە لەلای پارێزگاوە هاتبوون، ڕابگرین، بەڵام فریای بەشەکەی تر نەکەوتین، بۆیە یەکسەر گەشتنە بەردەم بینای ئاسیش. ناچار من چووم و ڕوومکردە (ئارام عەلی) یەکێك لە ئەندامانی حزبی کۆمونیست، کە ڕێپێوانکەی هێنابوو و خۆی لەژێر چەتری دوکانان نەدەهاتە ئەم لاوە، کە زیاتر لە

(١٠٠) مەتر لە ڕێپوانەکەوە دوور بوو . پێموت ئەو ڕێپێوانتان بۆ نارد، وتی"تازە هات"، وتم باشە وەرن بیانگەڕێننەوە ئەوە جەماعەت ئازاددەکەن، وتی "ئەوە من نایکەم خۆت دەتوانیت بیکەی"، وتم ڕێپێوانێك من بەڕێمنەکردبێت، ئێستاکە چۆن بە قسەی من دەکات، بزەیەکی کرد وتی "نازانم. ." بەهەرحاڵ من گەڕامەوە بۆ لای هاوڕێکانم لەنێو ئاسایش (کاوە ، حسێنی دارەتوو)، بۆ ئەوەی بزانین چی بکەین، یەکسەر (هیوا) بەرپرسی سیاسی ئاسیش بەردەمی لێگرتم و وتی "ئەمە چییە ئێمە نەمانوت، بەردەبن"، وتم ئەوانە هاتوون بۆلای ڕابەرەکەیان (شاپوور) بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆیان بێبەنەوە. . وتی "ئێستا پیانبڵی با ئێرە چوڵبکەن، ئەگینا ئازادناکرین". منیش زۆر بە نائومێدییەوە لە وەزعەکە گەڕامەوە بۆ نێو خەڵکە، کە سوور زانیم بەقسەم ناکەن، چوومە بەردمیان هەواڵی ئازادکردنی (شاپوور و قابیل)م پێڕاگەیاندن و پێموتن ئێوە ئێرە چۆڵبکەن، دادوەر بڕیاریداوە. هەموویان وتیان "ئێرە چۆڵناکەین شاپوور لەگەڵ خۆمان دەبەینەوە." منیش ئەمەم لەلا چاوەڕوانکراوبوو، بۆیە هەر کە تۆزێك هاتمە ئەم لاوە، یەکسەر دوو ئاسایش هەردوو دەستیانگرتم و وتیان "کاك هیوا ئیشی پێتە". هەر کە گەیشتمە نێو بینای ئاسایش، تا گەیشتمە نهۆمی دوو، وەك گەلەگورگ کەوتنە گیانم، کە دەموچاوی هاوڕێ (کاوە)م بینی، زانیم کە ئەویشیان دەستگیرکردوە . منیان بردە ژورەکەی هیوا و پێیوتم " ئیتر تۆ نوێنەری چێت"، منیش وتم ئەی ئا ئەمە ئازادی و دیموکراسی ئێوەوەیە .... ئیتر هەر ئەوندەم خۆشبوو، کە ئەو وشەیەم وت، زیاتر لە چوار کەس لێیاندام تا لەهۆش خۆم چووم. . دواتر بردیانمە زیندانەوە. کە بۆ ماوەی نزیك دوو هەفتە هەموومان لەگەڵ هاوڕێ (شاپوور) و ئەوانیش بەندکراین. . بەڵام من ئەو هەموو لێدانم خوارد بە قەد ئەو وشەیە ناخۆش نەبوو، کاتێك کە لەگەڵ هاوڕێکانم لە زیندان درچووم و (ئارام عەلی)م بینی، بە پێکەنینەوە پێیوتم " ئاوها ڕێپێوانتان پێدەکەین و دەستگیردەکرێن و بڕواتانیش بە مەسەلەکە نییە" لەگەڵ قاقای پێکەنینەکەی ئەودا، ئەوجار هەموو شەقەکانی ئاسایش زیاتر ئازاریان بە هەموو جەستە و ڕۆحم دەگەیاند.

لەلای حزبی کۆمونیست (بێکاران) و ئامانجی بێکاران شتێکی بێبایەخ بوون، دیارە ئەمە بەس بەرامبەر یەکێتی بێکاران وانەبوو، بۆ ڕێکخراوەکانی تری وەك کۆمەڵەی ئاوەرەکان و ڕێکخراوەی ژنان هەر ئاوابوو . بۆیە ئێمە کە گروپێك بووین، تا هەڵسوڕانێکمان بۆ داخوازییەکی بێکاران دەکرد، ڕوحمان دەردەچوو، کە لە بناغەدا کاتی خۆی بێکارانی ئەندام بۆ ئەو ئامانجانە دەنگیان بە ئێمە دابوو، تاوەکو نوێنەرایەتییان بکەین.

گۆران عەبدوڵڵا :

من پێموایە یەکێك لە دروشمە زۆر جوانەکانی (یەکێتی بێکاران لە کوردستان) هەڵگرتنی دروشمی " کاری گونجاو یان بیمەی بێکاری" بوو. ڕەنگە تاڕادەیەك لەو سەردەمەدا ناواقعی دەرکەوتوبێت، بەڵام



کوردستان بوو و تیپی سەوز یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ناوبژیوانی سووریش پارتی (حزبی) شیوعی کوردستان بوو، بیرۆکەکەش گاڵتەکردن بوو بە سیستەمی فیفتی بە فیفتی و ڕامیاریی و ڕۆڵی سازشکارانەی (حشك)، بەڵام لە دەرهێنانی هاوڕێ (مەڵمەت تامیر) بوو و یەکێك لە ئەکتەرە سەرکەوتووەکانیش بەڕێز (محەمەد تامیر بوو). لە هەموو ئەوانە سەرنجراکێش تر، ئەوەبوو، ئەوی کە ئاگای لە هۆ و جێی سەرهەڵدانی جەنگی نێوان (ینك و پدك)ی نەبووبوو و شانۆییەکەی ئێمەی بینیبوو، پێیوابووبوو، کە شانۆییەکەی ئێمە بووەتە هۆی هەڵگیرساندنی جەنگەکە، چونکە بەو جۆرەی کە هاوڕێ سیروان گوتی، لایەنگرانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار، لەوێدا لەتەك گۆڵکردنی ڕەنگی لایەنەکەیاندا، تەزبیحە زەرد و سەوزەکانیان لەبەرامبەر یەکدیدا ڕادەوەشاند و تەنانەت هێندە خەڵك لە باخچەی گڵکەند کۆبووبوونەوە، کە هەندیك بۆ بینین و لەبەرنەبوونی جێ، چووبوونە سەر لکی دارەکان. من کاسێتی ئەو مەراسیمەم لەلا هەیە و ئەگەر بۆم لوا، بە فۆرماتی ( AVI یا MP4). هیوادارم هەر هاوڕێیەکی دیکە کە ئەو کاسێتە ڤیدیۆیەی هەیە، چاوەڕوانی ئەم بەڵێنەی من نەبێت و ئەگەر بوار و کاتی هەبوو، بەڵکو پێشکەش بە هەمووانی بکات، تا جارێکی دیکە پاش ١٩ ساڵ، کەمێك بەدیار یاداوەرییەکانمانەوە دانیشین و لەتەك خۆشی و ناخۆشییەکانی ئەو ڕۆژدا پێبکەنین و بگرین.




وێنەی ژمارە (١٧) وەرگیراو لە تۆمارە ڤیدیۆیەکە

ناکۆکییەکان لەسەر چۆنیەتی بەرەنگاری جەنگی ناوخۆ

وەك ئێوە هاوڕێیان سیروان و گۆران لە بارەیەوە دوان، لەو ڕۆژانەدا چەند بۆچوونێك هەبوون، یەکەم نەکردنی خۆپیشاندان، دووەم کردنی خۆپیشاندان بە لافیتەی سپی و بەستنی پەڕۆی سپی بە

بەدڵنیاییەوە هەڵگری مەودایەکی دوورە لە مرۆڤدۆستی. هەموو ڕێکخراوێکی جدی هەڵگری دروشمی خۆیەتی، گرنگ نییە ئەو دروشمە قابیل بەوەیە لەو ڕۆژگارەدا بەدیبێت یان نا، گرنگ ئەوەیە تۆ چ ئاسۆیەك دەخەیتە پێش ئەو چین و توێژەی، کە ئەو ڕێکخراوە نوێنەرایەتییان دەکات. یەکێتی بێکاران بەمەبەستی چاککردنی ژیانی خەڵك، دەیان داخوازی کردە شیعاری ڕۆژانەی خۆی. ئەگەر سەیری ڕۆژنامەی (دەنگی بێکاران) بکەین، هەموو ئەو داخوازییە دەسبەجێیانە دەبینین، کە لەو سەردەمەدا پێویستی خەڵکی بێکار بوون. یەکێتی بێکاران هەوڵی بەدەستهێنانیانی ئەم داخوازیانەی داوە؛ لەوانە سووتەمەنی ، ئازوقە، داو و دەرمان و خانوبەرە. . . . هتد.

ئاکۆ محەمەد :
ئەوەندەی من بزانم و لە بڵاوکراوەکەشیدا بەناوی 'دەنگی بێکاران' دەرکەوتووە، "کاری گونجاو یا بیمەی بێکاری" بوو، لەپاڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك داخوازی کاتیی وەك دابەشکردنی یەکسانی خۆراك و کۆمەکە جیهانییەکان، کێشەی خانووبەرە و سوتەمەنی و هاتووچۆ و زۆرێکی دیکە، کاریان بۆ دەکرا و خۆپیشاندانیان بۆ ڕێکدەخرا. . .

**بە پێی ئەوەی کە یەکێتی بێکاران زیاتر لە ( ٢٠٠٠٠ ) هەزار ئەندامی بێکاری ناونووسکراوی هەبوو، دەسەڵاتی کوردستان چۆن مامەڵەی لەتەکدا دەکرد و چەندە ڕێکخراوەکە و داخوازییەکانی بەهەند دەگرتن؟**

سیروان عەلی :
دەسەڵاتدارانی کوردستان وەك بەرەیەکی ڕاستڕەوی کۆمەڵگە، هەردەم پیشەی بەرامبەرگرتن بووە لە ئاست ئامانج و داخوازی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش. بۆیە زۆر سروشتییانە، هەر لە یەکەم هەستەی پێکهێنانی (یەکێتی بێکاران)ەوە ئەو بەهەر شێوەیەك بۆی لوابێت، هەوڵی لەباربردن و لەبەریەك هەڵوەشانەوەی داوە. ئەگەر بە تەمەنی ئەو ڕێکخراوەدا بچینەوە، ئەوا شێوەی جۆراوجۆر لەم پەرچەکاردانەوانە دەبینین. هەر لە سەرەتاوە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەی بێبنەما بۆ ئەم ڕێکخراوە لە چەشنی ئەوەی یەکێتی بێکاران خەڵکی ناونووسدەکەن و داوتر دەیانێرن بۆ دەرەوەی وڵات و بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ ڕێکخراوە بیانییەکان ڕێککەوتوون. بەڵام ئەم پاگەندە زوو پووچەڵبووەوە، لەبەرئەوەی ببووە پاڵنەرێکی زۆر گرنگ بۆ ڕووتێکردنی خەڵکی لە نووسینگەکانی یەکێتی بێکاران، هەروەها هەڵسوڕاوانی یەکێتی بێکاران لێبڕاوانە ئەم حاڵەتەیان هەزمکرد، بەردەوام بۆ خەڵکیان ڕووندەکردەوە، کە ئامانجی ئەم ڕێکخراوە چییە و چۆن کاردەکات و پشتی بەکێ بەستووە، بۆ نموونە سەرەتای یەکێتی بێکاران لە شاری هەولێر ماوڕێیان جمال چاوشین و چەند هەڵسوڕاوێکی دی لە





وێنەی ژمارە (١٦) وەرگیراو لە ئەرشیفی (گۆران عەبدوڵڵا)

پاش ململانێییەکی زۆر بڕیار لەسەر کۆمیتەی هاوبەشی مەراسیمەکە، واتە یەکێتی بێکاران و حککع درا. هەروەها حککع بۆ هاوسەنگی هێز، کۆمەڵێك لە ئەندامانی و چەکدارانی لە سلێمانییەوە هێنابوون و تەنانەت لە کاتی پێشکەشکردنی بەشەکانی مەراسیمەکەشدا هەوڵی پاشقوڵگرتنیان دەدا و تا من ناچاربووم، لەسەر لابردنی وتارێکی هاوڕێ (هیوا کەریم) لەسەر باردودۆخی کار و ژیانی کرێکارانی چێشتخانە، لەتەکیاندا ڕووبەڕووببمەوە. هەروەها کە لە کاتی ئامادەکاری کارەکاندا کێشەی زۆریان بەتایبەت بۆ لێژنەی هونەریی دروستدەکرد، دژی ئەوەبوون، کە هاوڕێ (فازڵ عوسمان) سروود بچڕێت و دەیانگوت "ئەنارشیستە" [هەرچەندە ئەو ئەنارکیست نەبوو و کەسێکی کۆمونسیت بوو، بەڵام لە جۆری کۆمونیزمی حیکمەتی نا] .

بەڵێ لەوێدا بێجگە لە وتاری یەکێتی بێکاران و کۆمەڵەی ئاوارەکان و ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان و حککع و پەیام و پیرۆزبایی پارت و ڕێکخراوەکانی دیکەی نێو هەولێر، دوو شانۆنامە پێشکەشکران، یەکەم لە دەرهێنانی هاوڕێ (ناڵە حسەن) بوو کە من ڕۆڵی سەرەکیم تێدا گێڕا و دووەم، ئەوەی کە هاوڕێ سیروان بە بیرۆکەی منی ناوی دەبات، لە بنەڕەتدا بیرۆکەی هاوڕێ (هەڵمەت تامیر) بوو وەك یارییەکی کۆمیدی تۆپی پێ و زیاتر من ناوەڕۆکی ململانێی پارتایەتی ئەو ڕۆژگارەم بە شانۆییەکە بەخشی و بە ڕێنوشوێن و ڕامیاریی پارتە دەسەڵاتدارەکانەوە گرێمدایەوە، بۆ نموونە تیپی زەرد پارتی دێمۆکراتی

گازیۆنێکی بازاری پاتە لافیتەکیان لە مێزێك دابوو، کە ئەوان بۆ ناو نووسکردنی بێکاران و قسە و باسکردن لەگەڵیاندا لەوێدا دەدانشتن. هەروها ئەم پڕوپاگەندەیە بووبەمایەی ئەوەی کە پرۆسەی ناونووسکردنی بێکاران لە لیستی ئەندامبوون و دەرکردنی پێناسە زۆر سەرکەوتووانە ئەنجامبدرێت و ببێتە مایەی کردنەوەی بنکەکانی ئەو ڕێکخراوە لە سەرتاسەری کوردستاندا. دوای ئەوەی ڕێکخراوەکە گەشەیکرد، ئەو کاتە دەسەڵات چووە قۆناغێکی تر بۆ بەرامبەرکێ لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەیە لە ڕێگەی چاوترساندن و هەڕشە و تەنانەت تیرۆرکردنی هەڵسوڕاوەکانی. وەك تیرۆرکردنی یەکێك لە هەڵسوڕاوە پەیگیرەکانی (نەزیر عومەر ) لە بادینان، کە داوتر لە شاری سلێمانی گەورەترین خۆپیشنادانی لێکەوتەوە. هەروەها گەورەترین ڕووبەڕووبوونەوە و بەرابەمبەرکێی دەسەڵاتداران کە لەگەڵ یەکێتی بێکاران لە ڕێکەوتی ١٩/٦/١٩٩٣دا بوو، کاتێك کە یەکێتی بێکاران بانگەوازی خۆپیشاندانی سەرتاسەریی لەسەر ئاستی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی کۆمەکی خۆراکیی، کە ئەو کاتە بەتایبەت کۆژمەیەکی گەوەرەی گەنم هەبوو و ( ئەحمەد ئیسماعیل) گەوەرە سەرمایداری ئەو کاتە لە شاری هەولێر خاوەنی دەواجن بوو و ڕازی نەببوو ئەو بەشە گەنمە بۆ جوجوڵەکانی وەربگرێت. یەکێتی بێکاران داوایکرد، کە بدرێتە بێکاران، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئەو کاتە ڕازینەبوون و (یەکێتی بێکاران)یش بۆ ئەو مەبەستە بانگەوازی خۆپیشاندانی سەرتاسەریی دەرکرد. دەسەڵاتداران لە هەموو شارەکانی کوردستان هێزەکانی خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەی ئەو خۆپیشاندانە ئامادەکردبوو. ڕۆژانە ئەندامان و هەڵسوڕاوانی یەکێتی بێکاران توشی گرتن و هەڕشە و ڕفاندن دەبوونەوە، وەك ڕفاندنی گروپێك لە نوێنەرانی بێکاران لە شاری سلێمانی  گەر لە ناوەکاندا هەڵەنەبم هاوڕێیان (ئەنوەرە سوور،حاجی ئەنوەر ،ئەکرم چاوشین و چەند هاوڕێکی تر بوون)، هەروەها ڕۆژانە هەڵسوڕاوان و نوێنەرانی یەکێتی بێکاران دەستگیردەکران و دواتر ئازادیان دەکردن، لەوانە دەستگیرکردنی (سەردار حەمید، ڕیاز کاکەشین، سیروان عەلی و چەندین هەڵسوڕاوێکی دیکە)، هەرەوها بڵاوکردنەوەی پاگاندەی ئەوەی کە چەندین دەستی ترسناك خۆیان مەڵاسداوە، بۆ ئەوەی خۆپیشنادانە بۆ شتی دیکە بقۆزنەوە؛ بە نموونە باسی (ڕژێمی بەعس)یان دەکرد ، کە ئەو کات لە ڕۆژنامە فەرمی ئەو ڕژێمە ( الجمهوریە)دا هەواڵی خۆپیشاندانی یەکێتی بێکاران بڵاوکرابووەوە، بێجگە لەوەی کە بارەگاکانی یەکێتی بێکاران بە هێزی چەکدار ئابلۆقەدرابوون. دیارە دەسەڵاتدارن لەو مواجەهەیەدا سەرکەوتووبوون، لەبەرئەوەی سەرکردایەتی ئەو ڕێکخراوە (یەکێتی بێکاران) لە هەڵسەنگاندنێکی نادروستدا هەستان بە دواخستنی ئەو خۆپیشاندانە بۆ کاتێکی نادیار، کە بووە مایایەی چوونەدواوەی ئەو ڕێکخراوە لە داهاتوودا. پەردەیەکی تر لەو بەرامبەرکێیانە، هەوڵدان بوو بۆ قڵشتدروستکردن لەنێو ڕێزەکانی یەکێتی بێکاراندا. من بێجگە لەوەی تەحەفوزی تەواوم هەیە، لەوەی کە هەموو ئەوانەی لە یەکێتی بێکاران جیابوونەوە، بەوە تاوانباربکەم، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە پارتێکی سەر دەسەڵات هەبوو  یان ئەوان بەشێکبوون لە پیلانێکی تایبەت، بەڵام من بێگومانم لەوەی لەوەدا سەرکەوتووو بوون، کە یەکێتی بێکاران دوو کەرت بکەن، بەوەی ڕێکخراوێکی وەك( ڕێکخراوەی



دەیانتوانی خەڵکانی ناڕازی تیرۆربکەن، هەروەك چۆن (د. سەلاح هەورامی)یان تیرۆرکرد و کەیسەکەشی سەرینرایەوە. لەبەر ئەو هۆیانە بەداخەوە هەوڵەکانی (یەکێتی بێکاران) نەیانتوانی کردەیی ببنەوە.

هاوڕێ سیروان لەمەڕ کۆمیتەی مەراسیمی یەکی ئایاری ١٩٩٤ دوا و قسەی لە شانۆگەرییە ڕامیارییەکە کرد. سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێم، پێش ناکۆکی ئاراستەکانی نێو (یەکێتی بێکاران) لەسەر پێکهێنانی ڕاستر بڵێم لەپێناو و لە دژی سەپاندنی فێدراسیۆنی کارتۆنی، هەر لەنێو (یەکێتی بێکاران)دا دوو ناکۆکی دیکە هەبوون، یەکەم چۆنیەتی بەرپاکردنی مەراسیمی یەکی ئایاری ئەو ساڵە (١٩٩٤) و ناکۆکی لەسەر چۆنیەتی بەرپاکردنی خۆپیشاندانەکەی هەولێر دژی جەنگ و چۆنیەتی بەرگرتن بوو لە جەنگ.

ناکۆکی لەسەر چۆنیەتی بەرپاکردنی مەراسیمی یەکی ئایار

لە سەرەتای مانگی ئەپریلی ١٩٩٤دا بوو، لەلای هاوڕێ گۆران دانیشتبووم و لە بارەی مەراسیمی یەکی ئایارەوە دەدواین، ئەم پێشنیارەم بە خەیاڵدا هات "بۆ هەوڵندەین، یەکی ئایاری ئەم ساڵ ( ١٩٩٤) بەنێوی (یەکێتی بێکاران)ەوە بەرپابکرێت، تاوەکو تەکانێك بەم ڕێکخراوە بدەین و جارێکی دیکە جەماوەری لە دەور کۆبکەینەوە؟". هاوڕێ گۆران یەکسەر وتی زۆر باشە و منیش هەمان بۆچوونم هەیە، لەو کاتەدا هاورێ سەردار حەمید بەرەو بنکەی یەکێتی بێکاران دەهات، لەویشمان پرسی، ئەویش لە وەڵامدا وتی "منیش هاوڕاتانم"، دوابەدوای ئەو ، خۆت (هاوڕێ سیروان) و هاوڕێ کاوە هاتن و ئێوەش پێشوازیتان لە پێشنیارەکە کرد، ئەگەر باش لەبیرممابێت، هاوڕێ (عەبدولڕەحمان مەولود)یش زۆری پێباشبوو.

بەڵام ڕۆژی دوایی، کە دانیشتنی تایبەتمان بەبۆنەی بەرپاکردنی مەراسیمی یەکی ئایارەوە هەبوو، هاوڕێ سەردار بۆچوونی گۆڕابوو و لەوەش سەیرتر (لێپرسراوی بنکەی ئاشکرای حککع)، هەرچەندە بانگهێشت نەکرابوو و کۆبوونەوەکە تەنیا بۆ ئەندامانی یەکێتی بێکاران و کۆمەڵەی ئاوارەکان و ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان بوو، کەچی ئەو لەوێ ئامادە بوو و دژایەتی تەواوی پێشنیارەکەی ئێمەی دەکرد و ئەوەبوو کە بە دژایەتی (حککع)ی ناوبرد و ئەندامانی حککع لەسەر ڕابەریی پارتەکەیان لە مەراسیمەکەدا و پاشکۆبوونی یەکێتی بێکاران پێداگرییاندەکرد. هەڵبەتە پێویستە ئەوەش ڕۆشن بکەمەوە، کە ئەندامانی حککع لەو سەردەمەدا لە هەرسێ پرسەکەدا دوو دەستەبوون، بۆ نموونە ئێوە هاوڕێیان گۆران و سیروان، کە ئەوکات ئەندامی چالاکی ئەو پارتە بوون، زۆر بەتەنگ یەکێتی بێکاران و خەباتی جەماوەرییەوە بوون و لەتەك ئێمەدا هاوبۆچوون بوون یا دروسترە بڵێم ئێمە لەتەك ئێوەدا هاوبۆچوون بووین و لەلایەن قسەکەرانی پارتەوە، ئێوەش وەك ئێمە دژایەتییان دەکران.

بێکاران) له شاری سلێمانی دروستبکەن، کە زۆربەی ئەندامانی پێکهێنەرانی ئەو ڕێکخراوە (ڕ.ب)، بەخۆیان ئەندامی چالاك و هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی بێکاری بوون و کەسی زۆر دڵسۆزی بەرژەوندییەکانی بێکاران بوون. بەڵام بە هۆی جیایی ڕوانگەیان بۆ کارکردن و خراپ مامەڵەکردنی (حزبی کۆمونیست)ێش لەگەڵ دیدە جیاکان و بە هۆی هاندانەکانی دەسەڵاتداران بەتایبەت یەکێتی نیشتمانی کوردستان، توانیان یەکێتی بێکاران لە شاری سلێمانی دووکەرت بکەن. ماوەیەکی زۆر پرسی بێکاران تێکەڵکرا بە شەڕێك، کە لە ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوە دوور بوو. هەوڵێکی تری دەسەڵات تاوانبارکردنی (یەکێتی بێکاران) بوو بەوەی کە سەربە حزبی کۆمونیستە. لە سەرەتادا ئەم پاگەندەیە مایەپووچ بوو، لەبەرئەوەی هەم ڕاست نەبوو و هەم پێکهاتەی نوێنەرایەتی یەکێتی بێکاران هەموو کەسێك و هەموو ڕەنگێکی لە خۆی کۆکردبوەوە و هەروەها ئامانجەکان و تێکۆشانەکانی لەپێناو داخوازی چارەسەری بێکاریدا بوون. بەڵام لە دوای قۆناغی ئەو قڵشتەی کە کەوتە نێو یەکێتی بێکاران، حزبی کۆمونیست هەر وەك چەشنی هەموو پارتەکانی نێو دەسەڵات هەڵسوکەوتی لەگەڵ یەکێتی بێکاراندا دەکرد، وەك چۆن ئەوان ڕێکخراوەی سەر بە پارتەکانیان هەبوون، ئاواش ئەندامانی ئەو حزبە دەستیان بە داگیرکردنی ئەو ڕێکخراوە کرد و لەوەی ڕێکخراوەیەکی جەماوەریی بێت، کەوڵیانکرد و ئەمەش یارمەتییەکی زۆر بوو بۆ ئەوەی دەسەڵاتداران سیاسەتی ئیحتواکردنی ئەو ڕێکخراوە بکەن، جارێك بە ئیحتواکردنی حزبی کۆمونیست و جارێکیش بە ئیحتوا کردنی ئەو ڕێکخراوە بە پەیوەستکردنەوەی بە حزبێکەوە، کە بەخۆی لە ڕووی سیاسییەوە ئیحتواکراوە. ئەمانەی سەرەوە کە باسمکردن، خاڵە سەرەکییەکانی دوژمنایەتیکردنی دەسەڵاتداران بوو لەگەڵ یەکێتی بێکاران.



وێنەی ژمارە (٥) وەرگیراو لە ئینتەرنێت)



ڕوداوێکدا هەندێك شتم لێتێکچوبێت، وەك ئەوەی کام ڕۆژ پێش کامەیان بوە.دیارە زۆریش لە دیکۆمێنتەکانی بێکاران لە لای تۆ پارێزراون، کە یارمەتیدەرن بۆ دەمەزرەدکردنەوەی بیرەوەرییەکان. بەڵام سەبارەت بەو تیبینیەی تۆ، کە ڕۆژی یەکەم خەڵکانێك کە زۆرینەی یەکێتی بوون بەرەو لقی دووی پارتی ڕۆشتوون، سەرنجێکم هەیە .ئەویش ئەوەیە کە لە ناوچەی نێوان بینای شیراتۆنەوە (کە ئەو کاتە ئەو بینایە قوتابیانی پارتی و تەلفزیۆنی زاگرۆس تێدا بوو ) و بینای سەندیکای کۆن کە بارگای حزبی شیوعی بوو، تەقە لە خەڵك کرا، نەك لە لقی دووە، ئەو خەڵکەش هەر ئەو خەڵکەی بەردەم پارێزگا بوو، بەرەو بینای شیراتۆن دەڕۆشتن من خۆم یەکێك بووم لەو کەسانەی بەشداربووم هیچ و ئیحساسێکم بۆ درووستنەبوو، کە زۆرینەی ئەم خەڵکە سەر بە یەکێتیبن و بە مەرامێکەوە ڕوو دەکەنە بنکەکانی پارتی، بەڵکو زۆر عەفەوی دەڕۆشتن و هەر دروشمەکانیش سەبارەت بە ڕێسواکردنی شەڕ بوون و دوایاندەکرد، کە پێشمەرگە لە سەر سەری بیناکان بێنەوە خوارەوە و لە حاڵەتی شەڕ بێنەدەر، بەڵام وەك وتم لە زۆنگی نێوان بینای شیراتۆن و بینای سەندیکا وەك ڕێژنەی باران شەلم، کوێرم ناپارێزم، فیشەکیان بەسەر خۆپیشاندەراندا دەباراند. تەنانەت لەگەڵ خەلکێکی زۆر بۆ ماوەی زیاتر لە نیو سەعات لە ناو هۆتێل (زیتونە) کە بەرامبەر بینای شیراتۆن بوو، خۆمان پاراست. دواتر بە ئاراستەی جادەی بەردەم هۆڵی میدیا بەرەو سەیداوە خەڵك کشایەوە و هیچ تەقەکردنێکم تیبینی نەکرد، کە لە بینای (لقی دوو)وەوە بێت بۆ خەلك، کە بنکەکەی لە سەر جادەی ئیسکان بوو، تۆزێك لەو لای بینای (هۆڵی میدیا)وە بوو.

ئاکۆ محەمەد :

پێشتر وتمان یەکێتی بێکاران وەك ڕێکخراوە چەپەکان و ڕێکخراوەکانی دیکە (کۆمەڵەی ئاوارەکان و ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان و ڕێکخراوی کارمەندانی تەندروستی و ئەوانی دیکە ...) دژی جەنگ بوون و بە هەموو شێوەیەك و لەژێر هیچ بیانوویەکدا ڕەوایەتیان بە جەنگ نەدەدا و لایەنگریان لە هیچ لایەکی جەنگەکە نەدەکرد. ئەم هەڵویستە بۆ زۆرێك لەوانەی کە ئەمرۆ بەنێوی گۆڕانخواز و دژی جەنگەوە قسەدەکەن، قوتنەدەدرا. یەکێتی بێکاران خۆپیشاندانی دەکرد، کۆمەڵێك پێشنیار و پلان بۆ وەدەرنانی هێزە شەڕکەرەکان ئامادەکرا، بەڵام هێزەکانی نێو شاری هەولێر ئەوەندە دڕندەبوون، کە هیچ بوواریان بۆ کردەییکردنەوەی ئەو هەنگاوانە نەهێشتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە هۆکاری سەرەکی کردەیینەبوونەوەی ئەو پێشنیار و پلانانە پێویستی بە بنکەی جەماوەریی فراوان و تۆری کۆمەڵایەتی سەرتاسەری و بنکەی کۆمەڵایەتیی خۆجێیی هەبوو، ئەوەی کە ئێمە (ماوڕێ سیروان و من) لە زستانی ١٩٩٢دا وەك دەربازەیەك خستمانە بەردەم (یەکێتی بێکاران) و ئەوان (نوێنەری ڕێکخراوە ڕامیارییەکان) دژی وەستانەوە. ئامادەکردنی وەها پێداویستییگەلێك لە ماوەی چەند ڕۆژ و مانگدا نەدەکرا و زۆر درەنگ بوو. هەروەها کەشی سەربازی باڵی بەسەر شارەکاندا کێشابوو و دەسەڵات و هێزەکانی بەئاسانی

گۆران عەبدوڵلا :

سەرەتا دەمەوێت لێتێکچوونێك بۆ هاورێ سیروان چاك بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە، کە ڕۆژنامەی (الجمهوريه) هەواڵی خۆپیشاندانەکەی بڵاونەکردەوە، بەڵکو ڕۆژنامەی(العراق) بوو لە ژمارەی ٥٢٦٣ی ١٨/٦/١٩٩٣دا بوو.

دەسەڵاتدارانی کوردستان یان باشتر بڵێین یەکێتی و پارتی، نەك هەر ئەو سەردەمەی کە یەکێتی بێکارانی تێدا دروستبوو، بەڵکو لە ئێستاشدا ئامادەنین وەڵام بەیەك داخوازی جەماوەریی بدەنەوە، ئەگەر ئەو داخوازییە بەرژەوەندی مادی و حیزبیی بۆ خۆیان تێدانەبێت. ئەوان لەو سەردەمەدا بە هەموو شێوەکان دژایەتیانکردین. لەژێر فشاردا دانیشتنیان لەگەڵ دەکردین، هەوڵی دەستەمۆکردنیان دەدایین، لێرە و لەوێ داواکارییەکی بچکۆلانەی ڕێکخراوەکەیان لە چەشنی مۆڵەتی دەرکردنی ڕۆژنامە یان گرتنی هۆڵیان جێبەجێدەکرد. بەڵام هەرگیز ئامادەنەبوون وەڵام بە داخوازییە سەرەکییەکانی بێکاران بدەنەوە. ستراتیژییەتی ئەو دوو حیزبە، دەستگرتنبوو بەسەر قووتی خەڵکدا و ناچارکردنی خەڵك بوو بە ئینتماکردن بۆیان و هەتا ئەمرۆش ئەو سیاسەتەیان هەر بەردەوامە. بۆیە زۆر سەرسەختانە ڕێگرییان لە گەورەبوونی هەموو ڕێکخراوەیەکی سیاسی و جەماوەریی دەکرد.

ئاکۆ محەمەد :

بە بۆچوون و بەپێی ئەزموونی من، دەسەڵات لە ناوچە و شارەکانی کوردستاندا نەك ڕێکخراوەی جەماوەریی و داخوازیی کۆمەڵایەتی بەهەند وەرنەدەگرت، بەڵکو تەنانەت لە کردەوەدا نیشانیدەدا، کە لەنێوان باڵەکانی دەسەڵاتیشدا جۆرێك لە لەبەرچاونەگرتن هەبوو، چونکە ئەمە مێنتاڵێتی میلیشیایی شاخ و ئوردووگەکانی هەندەران بوو و کاریان لەسەر سڕینەوەی شوناس و بوونی یەکدی و پێکەوەش کاریان لەسەر سڕینەوەی هەموو دەنگێکی ناڕازی دەکرد، بۆ نموونە تیرۆرەکانی ئەو سەردەمانە، تیرۆری هاورێ (نەزیر عومەر) ناسراو بە"ئارام" پەیامنێری دەنگی بێکاران لە ناوچەی بادینان (شارۆچکەی سمێڵ) و چالاکی ئەو ڕێکخراوە، پاش ئەوەی لە چالاکی نەوەستا و بێدەنگەی نەکرد، هەم لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە و هەم لەلایەن هێزە ئیسلامییەکانەوە هەڕەشەی لێدەکرا و سەرەنجام تیرۆریانکرد و جەستەکەیان بە سووتاوی لە دەرەوەی سمێڵ فرێدابوو. ئەم هەڵویستە لەبەرامبەر خۆپیشاندان و سەردانییەکانیشدا بەجۆریك خۆی دەنواند، بێجگە لەوەی دەسەڵات ترسی لە بزاڤی جەماوەیی هەبوو، هەروەها زەمینەی سەرکوتی میلیشیایی و تیرۆر و ناجێگیریی باری ڕامیاریی ناوچەکە، ئەو نایەی دابووە دەست دەسەڵات، کە هەموو دەنگێك پشتگوێ بخات. لەبیرمان نەچێت، ئەوکات شوناسی ڕاستینەی دەسەڵات وەك ئیستا بۆ خەڵك دەرنەکەوتبوو و زۆرینەی ئەوانەی کە ئەورۆکە وەك ئۆپۆزسیۆنی فەرمی ناسراون یا لە لیستی گۆراندا [مەبەستم سەرانی ئەو لیستەیە] کۆبوونەتەوە، داردەستی ئەو دەسەڵاتە



پێشوو دەکرێت، بەڵام بە شەرتێك ئەو خۆپیشاندانە گەورەیەی کە لە شاری هەولێر سازدرا، ئەگەر لە شاری سلیمانێش بکرایە ئاکامی زۆر گرنگی لێدەبووەوە، کە مەزندە ناکرێت، ئەم لە حاڵێکدا کە خەریکبوو کۆمەڵیك ئەندامی چالاکی وەك هاورێیان ( شاپوور عبدالقادر، ڕەحمان مەولوود، کاوە حەسەن ، دکتۆر پشتیوان، نادیە عەلی ) ئەوەندەی من لە بیرمابێت، کە لە سەرووەبوون لە مەنصەی وتاردان هەموویان تیابچن. .

گۆران عەبدوڵلا :

سەرەتا دەمەوێت لە ڕووی مێژوویەوە ئەوە بۆ هاورێ سیروان چاك بکەمەوە، خۆپیشاندانی ڕۆژی یەکەم لای کۆتری سەلام تەقە لە خەڵك نەکرا، بەڵکو ڕۆژی دووەم بوو، بەڵام رۆژی یەکەم پاش تەوابوونی خۆپیشاندانەکە کۆمەڵێك خەڵك کە زۆربەیان یەکێتیبوون چووبوونە پێش لقی دووی پارتی بە هوتافکێشان بۆیە ئەوانیش دەستیان لە خەڵك کردبووەوە و یەك دوو کەس بریندار بووبوون.

من خۆم لەو ڕۆژگارەدا بڕوام بە خۆپیشاندان نەبوو، هەروەها وەك ئەندامی لیژنەی باڵا داوامکرد، کە خۆپیشاندان نەکەین، چونکە لێماندەدەن، بەڵام زۆرینە لەگەڵ خۆپیشاندان بوون. ئێمە لەکاتی شەڕی ناوخۆدا سەربازی لە دژوەستانەوەی ئەو شەڕە بە نووسین و کۆر و کۆبوونەوەکانمان، بە بەشداری لەگەڵ کۆمەڵەی ئاوارەکانی کوردستان، حزبی کۆمونیستی کرێکاری عێراق، پارتی کاری سەربەخۆ، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەران ، لە ٥/٦ و ١٩٩٤/٥/٧ دوو خۆپیشاندانی شکۆدارمان دژ بە شەڕی ناوخۆ لە شاری هەولێر بەرپاکرد. لە دووەم ڕۆژی خۆپیشاندانەکەدا زیاتر لە پێنج هەزار خەڵك ئامادەبوون و بەشێوەکی زۆر مۆدێرنانە لای بنکەی بێکارانەوە دەستیپێکرد و بەنێو بازاری (شێخ ئەڵلا)دا تێپەری و لای کۆتری سەلام وەستا، بریاربوو هەر لەوێدا نوێنەری لایەنەکان قسە بۆ خۆپیشاندەران بکەن. پاش خوێندنەوەی ناوی لایەنەکانی بەشداربوو لە خۆپیشاندانەکەدا لەلایەن لیژنەی بەرێوەبردنی خۆپیشاندانەکەوە، لەپڕ خۆپیشاندەران درانە بەر دەسترێژی گولەی بیکەیسی و هەر لەوێدا دوو هاوڵاتی بە ناوەکانی (خالد خەلیل حەمەد ئەمین و حەمید حوسێن) گیانیان لە دەستدا و ( رەفعەت ساڵح ، خزر سۆفی مامەند ، جەوهەر ئەنوەر عەبدولجەبار، عومەر قاسم قادر ، مەعروف سوارە مەولود و جەوهەر جەعفەر حوسێن) بەسەختی برینداربوون. بۆ مێژوش ئەوە دەڵێم هەر لەو کاتەدا کە خۆپیشاندەران خەڵتانی خوێنکرابوون ، رادیۆی حزبی شوعی لە هەولێر و لەسەر زمانی کاك کەریم ئەحمەدەوە خۆپیشاندەرانیان بە ئاژاوەگێڕ لە قەڵەمدا.

سیروان عەلی :

دەستخۆش هاورێ گۆران بۆ چاکردنەوەی ئەوە هەڵەیە .دەکرێت دوای زیاتر لە ١٥ ساڵ بەسەر

بوون و تەنانەت لە نووکی ڕمی دەسەڵاتدا دژی بزاڤە ڕادیکاڵ و کۆمەڵایەتییەکاندا وەستابوون، نموونەش بکوژانی هاوڕێ (بەکر عەلی) چالاکی ئاوارەکان و بێسەرپەنایانی سلێمانی و ئەندامی یەکێتی بێکاران، بە ڕۆژی نیوەڕۆ لە خۆپیشاندانێکی جەماوەرییدا بۆ دابینکردنی خانووبەرە و سەرپەنای گونجاو یا بواردان بە مانەوەی ئاوارەکان لە کەلاوەکانی سەربازگە و بینا کۆنەکاندا لە جەرگەی شاری سلێمانیدا بە فەرمانی پارێزگاری ئەو کاتە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خۆپیشاندانەکە، تیرۆرکرا. وابزانم، ئەم نموونانە وەك مستێك لە خەروارێك بەسن و دەتوانن وێنایەکی کەتواریی و ڕاستگۆیانە لەو ڕۆژگارە و دژایەتییەکانی دەسەڵات بۆ بزووتنەوە ناڕازییەکان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بخەنە بەرچاوی کەسانێك، کە لە ئێستادا لەتاو شێوێنراوی ڕاستییەکان و خۆشباوەڕییاندا پێیانوایە ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان لە دروستبوونی ڕێکخراوە مەدەنییەکان (NGO) یا کۆمپانیای وشە و لیستی گۆڕانەوە سەریانهەڵداوە. بەڵام کاتێك کە کۆمونیستەکان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی ئەو کات پەردەیان لەسەر ڕامیاریی سەرکوتگەرانە و نایەکسانی و نادادوەری و گەندەڵی و جەنگی نێوخۆیی دەسەڵاتداران هەڵدەماڵی، جەنەراڵە ڕیفۆمخوازەکانی ئەمڕۆ و فەرماندەرانی جەنگی دوێنێ، کە لە ئێستادا دەیانەوێت بۆ مەمیشە سواری ملی نارزایەتی خەڵکی بن و بەلاڕێیاندابەرن، لە ڕیزی پێشەوەی سەرکوتگەرانی ناڕەزایەتی بێکاران و چین و توێژە بندەستەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا بوون و بارودۆخێك کە ئەمڕۆ زاڵە و کۆمەڵگەی بەسەر کەمینەی دەوڵەمەند و زۆرینەی هەژاردا دابەشاندووە، بەری ڕامیارییە سەرکوتگەرییەکانی کەسانێکە، کە ئەمڕۆ لە دەسەڵاتدان یا لە لوتکەی ئۆپۆزسیۆندان و دەیانەوێت ناڕەزایەتییەکان بۆ چەند دەمەی دیکە، قۆرخ و دەستەمۆ بکەن.

سیروان عەلی :

زۆر سوپاس هاوڕێ گۆران بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵەیە .

**کارکردی ڕێکخراوە ڕامیارییەکان لەو ڕێکخراوەدا لە چ ئاستیکدا بوو، یا بەواتایەکی دیکە پەیوەندی نێوان ڕێکخراوەکە و گروپە ڕامیارەکان چۆن بوو؟**

سیروان عەلی :

وەك پێشتر ئاماژم پێکرد، حزبە دەسەڵاتدارەکان (یەکێتی بێکاران)یان بە دوژمنی سەرسەختی خۆیان دەزانی .بەڵام ئەوەندەی بگەڕێتەوە بۆ ڕێکخراوە چەپەکان. دیارە لە سەرەتا و لە دواتریشدا ئەوان هەرگیز بۆ پەرەسەندنی ئەو ڕێکخراوە (یەکێتی بێکاران) بە ڕۆشنی و بە بەرنامەوە تەعاملیان لەگەڵیدا نەکردوە. سەرەڕای ئەوەش دەتوانم بڵێم هەر پێشڕەوییەك یان دەسکەوتێك کە لە خانەی بەرژەوندی چینی کرێکاردا تۆمارکرابێت، ئەوا ئەو ڕیوتە بە هەموو جیاوازەکانییەوە بەگشتی ئەم هەلەیان هێنابووە





وێنەی ژمارە (١٥) وەرگیراو لە تۆمارە ڤیدیۆیەکە

فەعالیەتی جۆرا جۆر هەبوون، یەکێك لەو فەعالیاتانە شانۆگەریەك بوو، کە هاوڕێ ئاکۆ دایڕشتبوو ناویم نایێتە بیر، بەڵام ناوەڕۆکەکەی یارییەك بوو لەنێوان تیمێك کە ڕەنگی سەوزیان لەبەربوو و تیمێکی دیکە ڕەنگی زەردیان لەبەربوو و نابژیوانێش ڕەنگی سووری لەبەربوو. ئێستاش لە بیرەمە هەر کاتێك جل سەوزەکان گۆڵیان بکردایە لاینگرانی یەکێتی خەریکبوون بمانخۆن، مەرواش ئەگەر زەردەکان گۆڵیان بکردایە پارتییەکان دەبووە هەڵایان.. بەهەرحاڵ کاتی شانۆگەرییەمان تەواوکرد، ئیتر لایەنگرانی یەکێتی بە هاش و هوش بەرەوە بازاڕی شاری هەولێر کەوتنەڕێ، دیارە پارتیەکانیش بەهەمان شێوە. بەهەرحاڵ دوای چەند ڕۆژێك شەڕەکە دەستیپێکرد. ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی شاری هەولێر و کۆمیتەی مەحەلی حزبی کۆمونیست ڕێپێوانێکی زۆر بەهێزمان ڕێکخست، کە (پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان ) کە محەمەد حەلاق بەرپرسیان بوو، لەگەڵمان بەشداربوون. بەڵام ئەو ڕۆژە یەکێتی و پارتی دەستیان لە خەڵك کردەوە وەك پێشتر ئاماژەم پێدا چەندین کەسیان کوشت و بریندارکرد. ڕۆژی دواتر جارێکی تر ڕێپێوانێکی ترمان ڕێکخست، کە خەڵکیکی زۆر لەگەڵمان بەشداربوون، ئەوە بوو مەلا بەختیار لەبەردەستی خەڵك ڕایکرد. بەڵام کە خەڵك بە عەفەویەتی خۆی لەدەستی ئێمە دەرچوون، بەرەو بینا شیراتۆن کەوتنەڕێ، لەوێ جارێکی دیکە کەوتنە بەردست ڕێژنەی گولەباران. بەهەرحال ئەوەی مەبەستمە هاوڕێیانی یەکێتی بێکاران لە شاری سلێمانی و هەموو ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و کۆمیتەی مەحەلی حزبی کۆمونیست لە سلێمانی هەستان بەدروستکردنی کۆمیتەی ئاشتی برایەتی لە ڕێگەی پەیوەندیگرتن لەگەڵ لایەنەکان ویستیان بەو جۆرە ئەوە شەڕ ڕابگرن، کە جێگەی ڕەخنەی ئێمە بوو و دواتر خۆشیان لەو کارە پەشیمانبوونەوە. بەڵام ئەم جیاوازییەی کار نەبووە مایەی قڵشت دروستکردن، بەڵام ئەوەی زۆر پێم سەیرە. تاکو ئێستاکە تا ئەم ماوەیش یان زۆر کات باسی ڕووداو و هەڵسوڕانەکانی

بوون . دیارە ئەمە لایەنە ئیجابییەکاییەتی، بەڵام بە نیسبەت نوشستی (یەکێتی بێکاران)ەوە وەك ئەزموونێکی خەباتی جەماوەریی و لە دروستکردنی باری سەربەرەوخواربوونی ئەم ڕێکخراوەدا، پشکی کەمیان بەرناکەوێت، کە دەتوانم لە یەك خاڵدا کۆیبکەمەوە؛ ئەویش لەباربردنی ئەو ڕێکخراوە لە داگیرکردنی سەربەخۆیی یەکێتی بێکاراندا چڕ بووەوە، ئەم ڕێکخراوە لەوەدا شکستی خوارد، کە وەك ڕێکخراوەیەکی جەماوەریی دوور لە ئینتمای سیاسی بێکاران لەخۆبگرێت و بێکاران بتوانن ئەم یەکێتیە بە هی خۆیان بزانن. دیارە ئەم کارە (نوشست) لە پرۆسەیەکی درێژماوەدا بەو ئاستە گەیشت. هەرچەندە لە سەرەتادا ڕێکخراوە چەپەکان سەندیکا و ڕێکخراوە دروستکراوەکانی سەربەدەسەڵاتیان بە ( ڕێکخراوە زەردەکان ) ناودەهێنان، بەڵام دواتر ئەمانیش هەر وەك پارتە ڕاستڕەوەکان و دەسەڵات، دەستیان بە دروستکردنی ڕێکخراوە زەردەکانی سەربەخۆیان (نەك سەربەخۆ ! ) و داگیرکردنی ڕێکخراوەکانی بێکاران و ئاوەرەکان و ژنان . . هتد، کردە کارێکی ئاسایی، کە ئەمرۆکە کەس ناتوانێت ڕەخنە لەو حاڵەتە بگرێت، یەکسەر دەڵێن " ئەوە دەسەڵاتداران بۆ ئەوان دەیکەن، دەبێت ڕێکخراوەی سەر بە بەرەی چەپیش هەبن. کە تا ئەو شوێنەی کۆمەڵگە کۆمەڵگەی دوو چین و دوو بەرژەوەندی بێت، شتێك بەناوی (سەربەخۆ) بوونی نییە". بۆیە ئەمە باشترین پاساوە بوو بۆئەوەی کە ڕێکخراوە کرێکارییەکان بە موڵکی حزب بزانن، تا ئەو جێگەی حزب خۆی نوێنەری بەئاگای بەرژەوەندی ئەو چینە بێت. دیارە وەك پێشتر باسمکرد، ڕێکخراوە چەپەکان بۆ پاڵپشتیکردن و بەرەوپێشبردنی یەکێتی بێکاران زۆر فەوزا یی و بێپرنسیپ و بێبەرنامە بوون، بەڵام بۆ داگیرکردنی یەکێتی بێکاران و دژایەتی هەڵسوراوانی یەکێتی بێکاران، کە لە درەوەی سیاسەتەکانی حزبی کۆمونیست کاریاندەکرد، زۆر بە بەرنامەوە هەڵسوکەوتیان دەکرد. پرۆسەی لەباربردنی یەکێتی بێکاران لەو کاتەوە دەستیپێکرد، کە ململانێکانی نێوخۆی (حزبی کۆمونیست)یش لەنێو بنکەی یەکێتی بێکاراندا دەکران و یەکلاییدەکرانەوە. شەڕی گەورەی هەرسێ ڕێکخراوی دژ بە یەك، کە دواتر بوون بە پێکهێنەری حزبی کۆمونیست ( ڕەوتی کۆمونیست - یەکێتی خەباتی کۆمونیزمی کرێکاری- سەرنجی کرێکار) لەنێو یەکێتی بێکاراندا دەکرا، من خۆم یەکێك بووم لە بەشداربووانی ئەو ململانیانە، کە دواتر وەکو دەروێش لە شەووڕۆژێکدا بە نامەیەکی (مەنسوری حیکمەت) ئاو کرا بەو ئاشوبەدا و شەڕەکە بۆ نێوخودی ئەو حزبە پێچرایەوە. دیارە دوای دەستلەکارکێشانەوەم لە حزبی کۆمونیست لە مانگی چواری ساڵی ١٩٩٤دا. ئەم دیاردەیەم زیاتر بە ڕۆشنی بۆ دەرکەوت، کە ئێمە بە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکارانەوە هەڵسوکەوتمان کردووە. وەکو پێشتر وتم، دوای سەرنەکەوتنی یەکێتی بێکاران لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا لەگەڵ دەسەڵات لە ١٩/٦/١٩٩٣دا، ئیتر بەتەواوتی داخوازییەکانی بێکاران و ئامانجەکانیان پێچرانەوە و ململانێکانی نێوخۆی حزبی کۆمونیست جێگەیانی گرتەوە. لە سەرەتادا ئەم ململانێیانە لە چوارچێوەی تاکەکاندا بوو. شەڕ لە سەر ئەوە هەبوو؛ کێ قسەکەری سەرەکییە؟ دواتر لەلایەن حزبی کۆمونیست و ناوەندییەکەیەوە، ئەوەی کە کێ تەزکیەکراوە. ئیتر جارێك بەڕێز (عبدالرحمان مەولوود) کۆبوونەوەی لەگەڵ دەکرا و دەنگۆی ئەوە



بۆچوونی ئەندامانی یەکێتی بێکارانی دەرەوەی ڕەوتەکەی خۆیان دەکرد. هەر ئەو جۆرە هەڵوێستوەرگرتن و ڕەفتارانە بوون، کە بوونە هۆی لێکترازان. بەپێچەوانەوە لە هەولێر وەها لێکترازانێك ڕوویندا و وەها هەڵوێستوەرگرتن و بەرخوردێك کە من لە سلێمانی دیتم، لە هەولێر هەرگیز نەمدیتبوو.

وەها کارکردنێك بەدگومانی و نەبوونی متمانە و هەست بە کڵاولەسەرنانی لای ئەوانی دیکە دروستدەکرد. هەر ئەمەش بوو، کە زەمینەی جیابوونەوەکەی دروستکرد. لەوانەیە کە لەنێو جیابووەکاندا کەسانێك هەبووبن، کە بە پلانەوە کاریان بۆ لاوازکردنی یەکێتی بێکاران کردبێت، بەڵام زەمینەی ئەو جیابوونەوە لە توانانی ئەوان بەدەربوو، بەڵکو گەرای لە منداڵدانی ڕێکخراوەکەدا بوو و پاوانگەریی ڕێکخراوە زاڵەکان، خەڵکی بۆ بیرکردنەوە لە جیابوونەوە و پێکهێنانی ڕێکخراوی دیکە هاندا. من ئەو کات و ئێستاش هەمان ڕەخنە، کە لە یەکێتی بێکاران هەمبووە، لەو ڕێکخراوەشم هەبووە، کە لێی جیابووەوە، چونکە ئەوانیش ئەلتەرناتیڤیان ئەو بەربەست و چەقینە نەخستەڕوو، بەڵکو بەهەمان شێوەی ڕێکخراوی دایك، لەسەر بنەمای پێکهاتەی قوچکەیی (هەرەمی) ڕێکخستن و هەمان شێوازی بڕیار و کارکردنی سەر و خوار، خۆیان دروستکردەوە. ئەوانیش نەیانتوانی لە چوارچێوەی ڕێکخستنی سۆشیال-دیمۆکراتیانەی شێوە لینینیستی دەربچن و شێوازی ڕێکخستن و بڕیاردان و جێبەجێکردنی لە خوارەوەرا یا ئاسۆیی بئافرێنن. بۆیە بەبۆچوونی من، ئەگەر ئەوانیش جیانەبوونایەتەوە، ئەوا سەرەنجام ڕێکخراوەکە (یەکێتی بێکاران لە کوردستان) هەر بە پووکانەوە کۆتاییدەهات. چونکە ئەوانیش پاش ماوەیەك [بە داخەوە لە ئێستادا لەبیرم نییە] پێش یا پاش یەکێتی بێکاران پووکانەوە.

**باشە، لە وەها بارێکدا (یەکێتی بێکاران لە کوردستان) چ هەڵوێستێکی بەرامبەر ئەو جەنگە ناڕەوایە وەرگرت، ئەو شێوازانە چی بوون، کە دژایەتی جەنگی پێدەکردن؟**

سیروان عەلی :
لە سەرەتادا لە شاری هەولێر و سلێمانی دوو هەڵوێستی جیاواز هەبوون. ئەم جیاوازییە لەنێو هەڵسوراوانی حزبی کۆمونیست لە هەر دوو شارە هاتە ئاراوە، کە بە دوو جۆر هەڵسوڕانی جیاواز کار کرا.. لە سەرەتای شەڕی ناخۆدا، کە زیاتر لە 1ی ئایار ترۆپکی ناکۆکی نێوان یەکێتی و پارتی دەستیپێکرد. لە مەراسیمی یەکی ئایاردا، کە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و حزبی و کۆمونیست کۆمیتەیەکیان دروستکردبوو وە لە باخچەی گڵکەند لە شاری هەولێر، ئەو مەراسیمەمان گێڕا. لەو مەراسیمەدا

بڵاودەبووەوە، کە ناوەندی ئەویان تەنیا ئەویان وەك نوێنەری تاقانەی یەکێتی بێکاران بۆ کونگرەکەیبان بانگکردوە و تەعامولی لەگەڵ دەکرا. کە ئەمە بۆ خۆی دەبووە مایەی نیگەرانی بۆ ئەوانی دیکە . دواتر حزبی کۆمونیست بەمەش ڕازی نەبوو، هەستا بەدانانی بەرپرسی ڕێکخراوە جەماوەریبەکان، کە ( شەماڵ عەلی ) بوو وەك نوێنەری حزب لە ڕێکخراوە جەماوەریەکاندا و بۆخۆی لە بنەڕەتدا هیچ پەیوەندی بە (یەکێتی بێکاران)ەوە نەبوو. لەبەرئەوەی لە حزبەکانی دەسەڵاتدا. ئەم پۆستە و ئەم ئۆرگانە لە مێژبوو هەبوو، کە لەم ڕێگایەوە ڕێکخراوەکانی خۆیان چاودێرییدەکرد و سەرپەرشتیدەکرد و ئەندامەکانی ئەو ڕێکخراوە بە نامە و بە تەزکیەی ئەو ئۆرگانە لە پۆستەکاندا دادەنران و لادەبران. بەڵام ئەم بەڕێزە وەکو نوێنەری حزبەکانەی تریش نەبوو. بۆیە خۆی ڕاستەوخۆ لە درکردنی بریارەکانی بێکاراندا بەشدار دەبوو و ئامادە دەبوو. ئێستاش لە بیرمە لە مەسەلەی دروستکردنی فیدراسیۆندا هەوڵی جوار جۆر دەدرا بۆ ئیحتواکردنی ناڕەزایەتییەکان جارێك کاك شماڵ ڕاستەخۆ وەك نوێنەر حزب بەشدرای کۆبونەوەی بێکارانی کرد. نەك تەنیا وەك خاوەنی تاپۆی بیکاران، بەڵکو بە هەژمونێکی خۆزاڵکردنەوە بە سەر نەیارانی فیدراسیۆن لە سەر سەری ژوورەکەی بێکاراندا دادەنیشت و دەدوا، دیارە ئێمە ( گۆران، کاوە، سیروان، ئاکۆ ) بەم پێشنیارە قایل نەبووین.

ئەو کاتە حزبی کۆمونیست هەستان بەگرتنی کۆبوونەوە لە دەرەوەی یەکێتی بێکاران لە ماڵەکاندا بۆ قایلکردنمان، کە بۆ ئەو مەبەستەش ئێمەیان کۆ کردەوە ( کاوە، شاپور، قابیل. سیروان، نادیە ، گۆران ،. . بە ئامادەبوونی (ئاسۆ کەمال) لەلایەن حزبی کۆمونیستەوە. ئێمە هەرچەندە بەم بارە ڕازینەبووین، بەڵام لە ڕێگەی دەنگدانەوە لەنێو لێژنەی نوێنەرایەتی، کە زۆر لەمێژبوو مشروعیەتی لەدەستدابوو، بە هۆی نەگرتنی کۆبوونەوەی گشتی بۆ ماوەیەکی زۆر، ئیتر لە ڕێگەی دەنگدانی نێوخۆی ئەو لیژنەیە پەیتا پەیتا ئەندامیان بۆ لیژنەی نوێنەرایەتی زیاددەکرد، بەبێ گەڕانەوە بۆ هێچ پرنسیپێکی شورایی یان کۆبوونەوە گشتییەکان، ئیتر بەو جۆرە لیژنەی نوێنەرایەتییان پرکردبوو لە دەنگدەری زۆر قایل و پاشان سەپاندیان.

ئاکۆ محەمەد :

وەك پێشتر وتم، سەرەتا واتە هەوڵ و چالاکییەکانی ١٩٩١ تا ١٩٩٣ بۆ ڕێکخراوە ڕامیاریەکان گرنگییەکی ئاوای نەبوو، تەنیا وەك ئەڵتەرناتیڤی بنکە داخراو و شورا تێکشکاوەکان لەبەرچاویاندەگرتن، بەڵام کاتێك کە زانییان خەڵکی لە دەوری ڕێکخراوەکان بەتایبەت یەکێتی بێکاران لە کوردستان کۆبووەتەوە، ئیتر هەر یەکە لە شوێنی خۆیەوە و لەڕێی ئەندامانی گوێڕایەڵ و پایەخوازەکانییەوە کەوتە مۆنۆپۆڵکردن و دۆمینەتکردنی ڕێکخراوەکە و چالاکەکانی ڕێکخراوەکە [ لێرەدا بەپێویستی دەزانم، کە نموونەیەك کە دوایی کرایە ئەزموونێکی دیکەی تێکشکاو بهێنمەوە و بیکەمە سەلمێنەری دەربڕینەکەی هاوڕێ سیروان



ڕێکخراوە کرێکارییەکانی دیکەی دەرەوەی دەسەڵات تووشی ئەو دەردە نەبوون، چونکە هەر لە بنەڕەتەوە پەیوەندییەکی ئاوایان لەتەك بەرەی کوردستانی جاران و پارتە دەسەڵاتدارەکان نەبوو. ئەو دابەشبوونە ئەوانەی دەگرتەوە کە بەجۆرێك بەهۆی مۆڵەتی کار و موچەی ڕێکخراوەییەوە بە پارتەکان و دەسەڵاتەوە بەستراببوونەوە. جیابوونەوەی نێو ڕیزەکانی یەکێری بێکاران و دواتر دروستبوونی ڕێکخراوێکی دیکە بەناوی (ڕێکخراوی بێکاران)ەوە، ئەگەر دنەدەری دەرەکیی هەبوبێت، بەڵام هۆکاری سەرەکی نەبوو، بەڵکو پاوانخوازیی ئاراستە ڕامیاریبە چەپەکان بوو، کە کاری کێشایە جیابوونەوە. کەسانێکی چەپ لە دەرەوەی ئاراستەی زاڵ (کۆمونیزمی کرێکاریی) لەنێو یەکێتی بێکاراندا هەبوون، کە بەپیلان و بەرنامەی پێشتر ئامادەکراو کەناگیردەکران و زۆرێك لە پێشنیار و بڕیارەکان پێش باسکردنیان لە (یەکێتی بێکاران)دا لەنێوان ڕێکخراوەکانی سەر بەو ئاراستەیە و دواتر لە پارتەکەیاندا یەکلاییکرابوونەوە و تەنیا پرسە گورگانە بوو، کە بە خەڵکی دەکرا. من بەخۆم کاتێك، کە بنکەی یەکێتی بێکاران لە سلێمانی لە نزیك گەراجی دارەسووتاوەکە بوو [ئەگەر هۆشم باش بوارم بدات، وابزانم بۆ ماوەیەکی کورت بنکەی لەوێ بوو یا هەر بەتەنیا ئەو کۆبوونەوە لەوێندەرێ کرا]، لە هەولێرەوە چووبووم و بەشداریم لە کۆبوونەوەیەکیاندا کرد و ئەوەم دیت و بەدیمکرد، کە هاورێیانی هەر سێ ڕێکخراوە ڕەوتی کۆمونیزمی کرێکاریی (ڕەوتی کۆمونیست و یەکێتی خەبات و سەرنجی کرێکار) هەرچەندە لەنێوان خۆیاندا لەسەر




وێنەی ژمارە (١٤) وەرگیراو لە (ئینتەرنێت)

ڕابەرایەتی و ڕابەربوون شەڕەدەندووکیان هەبوو، بەڵام کاتێك کە هاوڕێ فەرهاد فەرەج یا حاجی ئەنوەر قسەیاندەکرد، ئیدی شەڕەدەندووکەکەی خۆیان دەخستە ئەو لاوە و بێ سێ و دوو دژایەتی

و پاڵپشتی بۆچوونەکانی خۆم. لە بەهاری ١٩٩٣دا کۆمەڵێك لاو و خوێندکاری دەوروبەری حزبی شیوعی عیراق، کە لە ڕامیارییەکانی ئەو پارتە ناڕازیبوون و دواتر هەندێکیان چوونە باڵی جیاوەبووی پارتی کاری سەربەخۆ، لەتەك مندا کەوتنە دۆستایەتی و بیروڕا گۆڕینەوە، ئەوکات من لەسەر ڕێکخراوی خوێنداکار و لاوانی سەربەخۆ پێمدادەگرت، کە هەم داکۆکیکاری یەکسانی ژن و پیاو بێت و هەم ڕێکخەری خوێندکاران و بەرزکردنەوەی داخوازییەکانیان. ئەو کات هێشتا حزبی کۆمونیستی کرێکاریی عیراق دانەمەزرابوو و من ئەندامی بەشی ئاشکرای ڕەوتی کۆمونیست و پەیامنێری ڕۆژنامەی بۆپێشەوە بووم، هەرچەندە کاتی خۆی لە بنکەی ڕەوتی کۆمونیست لە هەڵەبجە بۆ سەرنجڕاکیشانی ڕێکخراوەکەمان بۆ خەباتی جەماوەریی چین و توێژەکان بە دیارێکخراوی خوێندکاران هەوڵمدابوو و بێسەرەنجام بوو،سەرەڕای ئەوەش دیسانەوە نامەیەکم ئاڕاستەی کۆمیتەی ڕێکخستنی شارەکان کرد و تێیدا ڕەشنووسی بەرنامە و پەیڕەونامەیەك کە بۆ ئەو چەند خوێندکار و لاوە ئامادەم کردبوو، لەتەك نامە و ڕونکردنەوە و داواکاری خۆمم ئاڕاستەکردن، بەڵام ئەو جارەیان وەك هەوڵەکەی ساڵی ١٩٩١ سەردەمی بنکەی هەڵەبجە داواکەیان پشتگوێ نەخست، بەڵکو بەوە وەڵامیان دامەوە، کە "هاوڕێ ئاکۆ تۆ خەریکی ڕێکخستنی خوردەبۆرجوازیت". من وەڵامەکەی ئەوانم بەهەند وەرنەگرت و درێژەم بە پەیوەندی و کۆششی خۆمدا و دواتر کۆمەڵێك خوێندکاری بەشەکانی زانکۆی سەلاحەدین کە زۆربەیان خەڵکی سلێمانی و هەڵەبجە و دوکان و کەرکووك و هەولێر بوون و یەکەمین کۆبوونەوەی ئامادەکاریی بۆ ڕێکخراوی -ئەگەر بە دروستی ناوەکەیم لەبیرم مابێت- خوێندکارانی شۆڕشگێڕ، کە لە باخچەی کرێکاران لەتەنیشت خانەی بێسەرپەرشتان و بنکەی تەندروستی گەڕەکی ئیسکان بوو، بەشداریم تێداکرد، هەڵبەتە وەك خوێندکار نا، وەك پەیامنێری بۆپێشەوە و وەك چالاکی ئەو بوارە، لەتەك هاوڕێ شلێر)دا چووم و هاوڕێ بژار (ئازاد) کە ئەندامی لێژنەی خۆجێی هەولێری ڕەوتی کۆمونیست بوو، لەوێ بوو. پاش شەش مانگێك من بەرەو وڵاتی تورکیە سەری خۆم هەڵگرت و کاتێك کە لە شەوی سەری ساڵدا دیپۆرتکرامەوە، دیتم ئەندامانی حزب، ئەوانەشی کە چەکداری بنکەبوون، سەرو لیڤیکسێکیان لەبن باڵیاندناوە و دەڵێن " بۆ کۆبوونەوەی خوێندکاران دەچین".]

بەڵێ وەك بەرەنجامی وەها هەوڵ و پلانێك، لەتەك یەکتردا (ڕەوتی کۆمونیست و یەکێتی خەباتی کۆمونیزمی کرێکاری و سەرنجی کرێکار ) جەنگی ڕۆڵ و کارایی یەکتریان دەکرد و ڕێکخراوەکەیان کردبووە مەیدانی کێبڕکێ و ململانێ چەپی و پێگەخوازییەکانی خۆیان و زۆربەی کاتی دانیشتن و کۆبوونەوەکانی نێوخۆی ڕێکخراوەکەیان بەو مشتومڕانەوە بەسەردەبرد، بەڵام کاتێك کە دەنگێکی سەربەخۆ یا ناکۆك بەو نەخشە و پلانە پێشتر ئامادە و دیارێکخراوەکانی ئەو هێڵە ڕامیارییە (کۆمونیزمی کرێکاری) دەربکەوتایە، جەنگی پێگەخوازیی ڕێکخراوەکانی خۆیان وەلادەنا و دەکەوتنە تۆمەتبارکردنی کەسەکە بە وتنەوەی وتە ئامادەکراوەکانی (چەپرەوی منالانە و ئەنارشیتبوون و نەزانین و بێدەرکی و ناواقیعیبوون و



خۆپیشاندانەکە، ئەو پەیامە بوو بۆ خەڵك، کە ئیتر خۆپیشاندان و ئەو تۆزقاڵە دیموکراسییەی هەیە تەواو، لە ئەمڕۆوە بەتەقە وەڵام بە داخوازێکانتان دەدەینەوە. دیاربوو بەپێی بەڵگەسەرەتاییەکانی ئەوکاتە هەردوو بەرەی شەڕکەر لەو تەقەکردنەدا بەشداربوون.

ئاکۆ محەمەد :
ببوورە هاوڕێ گۆران، من مەبەستم ئەوە نەبوو، کە جەنگ لە قازانجی بزووتنەوەی بێکاری بوو یا دەبێت، مەبەستم ئەوە بوو، کە یەکێتی بێکاران لە ڕیزی پێشەوەی خەباتی دژی جەنگدا بوو و خودی ئەم هەڵوێستە ئەوەندەی دیکە لەلای خەڵك خۆشەویستتری کرد. بەشداری هەزاران کەس لە گردبوونەوە و خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی یەکەم و دووەمیش نیشانەی دژی جەنبوونی خەڵك و متمانەی ئەو خەڵکە ناڕازاییە بوو بە یەکێتی بێکاران و ڕێکخراوە بەشداربووەکانی دیکە. هیچ لاریم لە بۆچوون و گێڕانەوەکەت نییە.

**وەك دەزانین، لە سەردەمی جەنگی نێوخۆدا هەرێمی کوردستان و هێزە ڕامیارییەکانی و تەنانەت خێزان و گەڕەك و شارەکان بەسەر دوو بەرەی شەڕگەردا دابەشبووبوون، ئایا جەنگ هۆی دابەشبوون یا لێکترازانی ڕیزەکانی ڕێکخراوەکە لەسەر ئاستی شاری و ناوچەییدا نەبوو؟**

سیروان عەلی :
بێگومان، نەخێر.

گۆران عەبدوڵڵا :
شەڕ، یانی کارەسات. شەڕی دوو حیزبی کوردی، کە لە ناو خێزان و گەڕەك و شارەکاندا ڕەگوڕیشەی قوڵیان هەبوو، بۆ خۆیی لێکترازانی زۆر گەورەی لەگەڵ خۆیدا هێنا، ئەو لێکترازانانە لە کوردستان کاریگەری لەسەر ناوچە و شارەکانیش دانا، هەروەها هەتا ئەمڕۆش بەردەوامی هەیە. بەڵام بەو پێیەی هەڵسوڕاوان و ڕێکخەرانی بزووتنەوەی بێکاران لە ژێر هەژموونی چەپدابوون، نەك هەر نەبوونە بەشێك لەو دابەشکردنە کۆمەڵایەتی و ناوچەییە، بەڵکو دژایەتی توندی ئەو شەڕەشمان دەکرد. لە سەرێکیتریشەوە زۆربەی هەرە زۆری بنکەکانی (یەکێتی بێکاران لە کوردستان) لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدابوون.

ئاکۆ محەمەد :
نەخێر، لەو جەنگەدا چەپی کۆتایی هەشتاکان و ڕێکخراوەکانی وەك بێکاران و کۆمەڵەی ئاوارەکان و

هەڵویستی بوێرانەی (دکتۆر پشتیوان) لەبیرناکەم، کە بە زۆر و بە شەقلێدان لە سەیارەکانی ئەو سەر شەقامە، بۆ ئەوەی لەگەڵماندا بێن  و بریندارەکان بگوازنەوە. بەڵام ڕۆژەکانی دواتر ئێمە هەر نەوەستاین ڕێپیوانێکی دیکەمان ڕێکخست، کە تەنانەت کاتێك لەبەردەم پارێزگا مەلا بەختیار ویستی قسە بۆ خەڵك بکات، خەڵك بە بەرد ڕاویاننا، دواتر خەڵك ڕوویانکردە لقی دوو و بینای شیراتۆن، بەڵام پێشمرگەکانی پارتی لە بینای شیراتۆن بێ سێ و دوو، دەستیانکردەوە لەوە خەڵکە و چندین کەسیان خەڵتانی خوێنکرد. بۆیە یەکێتی بێکاران لەپێش بزوتنەوەیەك بوو، کە ویستی هەموو ئەو چەکدرانە لەسەر بیناکان بهێنێتە خوارەوە، بەڵام بۆ مێژوو دەڵێم پارتی زۆر دڕندانە ئەم حەرەکەتەی سەرکوتکرد.

ئاکۆ محەمەد :

من ناتوانم بڵێم هۆکاری پووکانەوەی یەکێتی بێکاران بوو، چونکە یەکێك لە مەیدانەکانی خەباتی یەکێتی بێکاران دژایەتی جەنگ بوو و یەکێتی بێکاران کۆڵەکەی بزووتنەوەی دژی جەنگ بوو، بۆ نموونە خۆپیشاندانەکەی شاری هەولێر کە کۆمەڵەی ئاوارەکان و پارتی کاری سەربەخۆ و ڕێکخراوی تێکۆشەرانی ڕەنجدەران و بەشداربیان تێداکرد، نەك تەنیا دەسەڵاتی تەنگەتاو کرد، بەڵکو ئۆپۆزسیۆنگەلێکی وەك (حزبی شیوعی)شی خستنە کەلێنێکەوە، کە ناچار بوو بچێتە سەنگەری دەسەڵات و دژایەتی خۆپیشاندانەکە بکات. خۆپیشاندانەکە ئەوەندە گەورە و جەماوەری بوو، کە چەکدارەکانی هەردوو پارتی شەڕکەر (یەکیتی و پارتی) لە دوو شوێنی جیاجیاوە تەقەیان لە خەڵك کرد و کوژرا و بریندارێکی زۆی لێکەوتەوە. بە پێچەوانەوە یەکێتی بێکاران گیانی بەبەردا هاتەوە. وەك پێشتر وتم شەڕەدەنووکی چەپەکان و پێگەخوازیی ئەندامانی ڕێکخراوە ڕامیارییەکان و لە قاڵبدانی ڕێکخراوەکە و پاشکۆکردنی بۆ پارت، گەورەترین هۆکاری پووکانەوە و مردنی ئەو ڕێکخراوە بوو.

گۆران عەبدوڵڵا :

سەرەتا پێمباشە لێتێکچوونێك بۆ سیروان ڕاستبکەمەوە. خۆپیشاندانی یەکەم لە جادەی باتا کۆبوینەوە و پاش قسەکردنی شاپوور و دکتۆر پشتیوان و چەند هاوڕێیەکەی تر، هەر لەو کاتەدا برادەرانی پارتی کار و تێکۆشان بە خۆپیشاندانەکەوە پەیوەستبوون و لەوێدا بڕیاری خۆپیشاندان بۆ ڕۆژی دوواتر درا و کۆبوونەوەکە بەرەسمی کۆتایی پێهێنرا. بەڵام جەماوەرەکە بەرەو لای بینای پارێزگار بەڕێکەوتن،کە لەو کاتەدا کۆبونەوەی بەرەی کوردستان لەنێو بینایەکەدا بوو، ئەوە بوو مەلا بەختیار قسەی بۆ ئامادەبووان کرد. لە دووەم ڕۆژی خۆپیشاندانەکە تەقە لە خەڵك کرا.

لێرەدا دەمەوێت بە پێچەوانەی سەرنجی هاوڕێ (ئاکۆ و سیروان)ەوە بڵێم، ڕاستە ئێمە کێشەمان هەبوو وەك ڕێکخراو، بەڵام ئەوە ڕۆشنە لەهەر شوێنێك شەڕ هەبێت بەدڵنیاییەوە داخوازییەکانی خەڵکیش پاشەکشەیان پێدەکرێت و سەرکوت دێتەئاراوە. هەر ئەو تەقەلێکردنە و خەڵککوشتنەی ڕۆژی دووەمی



زۆرێکی دیکە). ئەمەش بەرامبەر ئەندامانی خۆیان و بەرامەر کەسانی دیکەی دەرەوەی خۆیان هەر وابوو. هەڵبەتە ئەوکات وەك پێشتر وتم، من ئەندامی (ڕ. ك) بووم، بەڵام هەمیشە لە خەباتی جەماوەری و تێڕوانینمدا بۆ شێوازی خەباتی جەماوەری و ڕێکخستنی ڕێکخراوەیی و تەنانەت خودی چەمکی شورایی، لەتەك ڕێکخراوەکەم جیاوازیم هەبوو، تەنیا شتێك منی بەوانەوە دەبەستەوە، ڕادیکاڵبوونی ڕێکخراوەکە بوو لەچاو ڕێکخراو و پارتە چەپەکانی ئەو سەردەمە.

گۆران عەبدوڵڵا :

یەکێتی بێکاران هەر لەسەرەتایی کاری خۆیەوە هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکان بەتایبەت بەرەی چەپ و کۆمۆنیزم دا، تەنانەت (حیزبی کۆمونیستی ئێران)یش کە کاری ئەو پەیوەند نەبوو بە کوردستانی عێراقەوە، دیارە هەموو ئەو ڕێکخراوانە هەریەکە و بەدەوری خۆی بەدەنگی بانگەوازەکەمانەوە هاتن، ئەوەی بیرم بێت و وەکو بەڵگە لەبەردەستمدا بێت نامەیەکی هاوڕێیانی سەرنجی کرێکار بوو بە ئیمزای ج ڕێنوار، خەسرەو سایە،ئاسۆ کەمال و سامان کەریم (١٠٠) دیناریان وەکو کۆمەك دا بە یەکێتی بێکارانی هەولێر لە ١٩٩٢.١١.٢٦دا. هادی مەحمود سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان ئامادەیی تەواوی خۆی بۆ یارمەتیکردنی ڕێکخراوەکەمان دەربری، بڵاودەبونەوەی هەموو بەیاننامەکانمان و ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران وەکو هەواڵێك لە گۆشەیەکی ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستاندا بڵاودەبوونەوە ، دیارە ئەم کارەی ڕێگای کوردستان درێژەی نەکێشا و ئەو پەیوەندییەیان لای خۆیانەوە ڕاگرت. پەیوەندی بەردەوامەمان لەگەڵ حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و پارتی کاری سەربەخۆ هەبوو. ڕۆژنامەی (بۆپێشەوە) بەنامەیەکی فەرمی پێیانراگەیاندین کە بۆ پێشەوە لە خزمەتی ڕێکخراوەکەدایە.

کێشەیەك کە ئەحزابی سیاسی لە دونیایی ئێمەدا هەیەتی، ئەوەیە ئەگەر لە چوارچێوەی فیکر و سیاسەتەکانی ئەو پراکتیس نەکەیت، ئەوە بەر نەفرەتیان دەکەویت، دیارە نەك هەر ڕاستەکان بەڵکو بۆ چەپەکانیش هەروابوون. بۆیە لەگەڵ چوونەپێشەوەی کارەکانمان کێشەی زۆرتر و دوورکەوتنەوەی ئەوانەی کە دوێنێ خۆیان بە هاوڕێ و خەمخۆری بێکاران دەزانی، دەکەوتەوە.

ئاکۆ محەمەد:

ببوورن لێرەدا دەمەوێت بگەڕێمەوە سەر پرسێك کە هاوڕێ سیروان قسەی لەسەر کرد، ئەویش کێشمەکێشی ڕەتکردنەوەی سەپاندنی پرۆژەی پێشتر لەسەرەوە ئامادەکراوی (فیدراسیۆنی سەرتاسەری ڕێکخراوە کرێکارییەکانی کوردستان)ی (حککع) بوو، دوانیوەڕۆیەك لە دوکانی هاوڕێیەك لەژێر بنکەی (یەکێتی بێکاران) لە لای هاوڕێ ڕێبوار دانیشتبووم، هاوڕێ (کاوەی حەسەن) هات و گوتی

"کۆبوونەوەمان هەیە لەمەڕ دروستکردنی فیدراسیۆنی سەرتاسەریی ڕێکخراوەکان، بۆ نایێت؟" ڕاستییەکەی من بەمۆی چووم بۆ تورکیە، لە کارەکانی ڕێکخراوەکان دابڕابووم و دەمێك پێش پێکهاتنی (حککع) وازم لە ئەندامەتی ڕەوتی کۆمونیست هێنابوو، بەڵام لە ڕێگەی هاوڕێیانەوە بەتایبەت هاوڕێیان (سیروان، گۆران، کاوە و شاپور)ەوە تا ڕادەیەکی زۆر ئاگاداری کاروباری ڕێکخراوەکانی یەکێتی بێکاران و کۆمەڵەی ئاوارەکان و تەنانەت لە ڕێگەی کۆمەڵێك هاوڕێی دیکەوە هاوڕێیان (عەزیمە، نەزمیە، مەمەخان و بەمرە و نازە –خەڵکی سلێمانی- و بەمار-خەڵکی قەڵادزێ-)ەوە ئاگاداری ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان بووم. بەڵام چوونم بۆ ئەم کۆبوونەوەیە، بووە مۆی بەشداری تەواوم لە کۆبوونەوە و کێشمەکێشەکانی دواتر لەسەر بەرپاکردنی یەکی ئایاری ١٩٩٤ و خۆپیشاندانی دژی جەنگی نێوخۆ و زۆرێکی دیکە. منیش چوومە سەرەوە بۆ دانیشتنەکە و لەوانەی کە ئامادەبوون و من لەیادم ماون، هاوڕێیان (سەردار حەمید، شاپوور، عەبدوڵلا سلێمان، گۆران، سیروان، کاوە، عەبدولڕەحمان مەولوود، دلێر، چەند هاوڕێیەکی دیکەی لێژنەی باڵای یەکێتی بێکاران و وەستا سابیر [کە لە سلێمانییەوە بەنیازی دەرچوون بۆ تورکیە لەتەك عەبدوڵلا سلێمان، هاتبووە مەولێر]). لەو کۆبوونەوەدا (شەماڵ عەلی) ئامادە نەبوو، بۆ ڕۆژی دوایی، کە ئەندامانی حزب، ئەویان لە بوونی دەنگی ناکۆك و دژ بە چۆنیەتی قڵپکردنەوەی فیدراسیۆنە کارتۆنییەکەیان وەك کڵاو بەسەری ئێمەدا، ئاگادارکردبوو و ئەوە بوو ڕۆژی دوایی هاتبوو بەر بە بۆچوونە نەیارەکان بگرێت.




وێنەی ژمارە (٦) وەرگیراو لە ئەرشیفی (گۆران عەبدوڵلا)



گۆران عەبدوڵلا :

ئێمە هەر لە هەڕەشە و ڕفاندن و زیندانیکردنی هاوڕێیانمان لە بەرامبەر بڕیاردانمان بۆ خۆپیشاندانکردن لە ١٩٩٣/٦/١٩ تا ڕاونان و زیندانیکردنی هەڵسوڕاوانمان لە کارگەی نەسیجی هەولێر و تا دەگاتە تەقەکردن لێمان لە خۆپیشاندانەکەی دژی شەڕی یەکێتی و پارتی لە هەولێر، ئێمە هەمیشە لەبەرانبەر دەسەڵاتدا دوو ڕێگامان دەگرتەبەر، یەك ڕێگای گفتوگۆ و دبلۆماسییەت، دوو هەوڵدان بۆ دروستکردنی فشار بە ڕێگای جیاواز وەکو خۆپیشاندان، ئاگادارکردنەوەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوە کرێکارێیەکانی ئەوروپا.

**جەنگی نێوخۆ هاوتەمەن یا ڕاستر بڵێین لە تەمەنی ئەو ڕێکخراوەدا ڕوویدا، ئایا ئەو جەنگە، هۆکاری لاوازی و پووکانەوەی ڕێکخراوەکە نەبوو؟**

سیروان عەلی :

نازانم لە کوێدا بەپێی چی لێکدانەوەیەك شەڕی ناخۆ بووەتە مایەی پووکانەوەی یەکێتی بێکاران. بەڵکو بە پێچەوانەوە شەڕی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار، بۆشایەکی سیاسی لە گۆڕپانەکەدا دروستکردبوو. چەپ و ڕێکخراوەکانی سەر بە ئەوان باشترین هەلیان بۆ ڕەخسابوو، کە ئاڕاستەی ڕەخنە و ناڕەزایەتی خەڵکی لە دژی هەلومەرجێك، کە شەڕی ناخۆ نابوویەوە، ڕووبەڕووی هەر دوو پارتی بەشەڕهاتوو توندتر بێتەوە و بە قازانجی چەپی کۆمەڵگە سوودی لێوەربگێرێت. هەر بۆیە لە سەرەتای ئەو شەڕە ناوخۆییە (یەکێتی بێکاران) لەگەڵ زۆرێك لە ڕێکخراوە جەماوەرییە چەپییەکان و چەند لایەنێکی سیاسی لە شاری هەولێر بۆ ماوەی چەندین ڕۆژە خۆپیشاندانیان ئەنجامدا، کە یەکەم ڕۆژ جەماوەرێکی بێژومار ئامادەی ئەو خۆپیشاندانە بوون، بەڵام هێزەکانی یەکێتی و پارتی دەستیان لە خەڵك کردەوە، هەرچەندە دژبەیەك وەستابوون، بەڵام دژ بە خەڵکی، ئەوان یەك بەرە بوون، بۆیە دەستیان لە خەڵك نەپاراست و چەندین کوژرا و بریندار لە خەڵکی سڤیلیان کردە سیمای شاری هەولێر. ئەو ڕوداوە خۆی پیلانێکی لەپێشدارێژراو بوو، لەبەرئەوەی قەرار بوو مینبەری ئەو کەسانەی قسە بۆ خەڵك دەکەن، لە جادەی سیروان ڕوو لە گۆڕپانی کۆتری ئاشتی بێت. بەڵام پێش ئەوە بە ماوەیەکی کورت شوێنی مینبرەکە گۆڕا سەرووی بینایەك، کە ڕووی لە جادەی سیروان و چایخانەی قەرزاران بوو، دیارە ئەوانەی لەسەرەوە بوون، لە مینبەرەکە ئەوەندەی لەبیرم مابێت، هاوڕێ شاپوور و هاوڕێ عبدولرحمان مەولوود و کاوە حەسەن و دکتۆر پشتیوان بوون. بەڵام هەر دوای تەواوبوونی قسەکانی هاوڕێ شاپوور گولە وەك ڕێژنەی باران بەسەر خەڵکدا باری. دیارە بەهۆی لێکدانەوەیەك، کە من بۆ ئەو ڕوداوە هەمە، هەموو تەقەکان لە جادەی شێخ چوڵییەوە بەرەو ڕووی خەڵك دەهاتن، بۆیە شوێنی سەکۆی قسەکردنەکە ئاسان نەبوو، تا بپێکرێت. ئەو ڕۆژە خوێناوەیە لەنێو ڕێژنەی گوللەدا بریندارەکانمان دەگواستەوە و کۆتایهات. بۆ مێژوو

پارتی بوو. وە ئەم حاڵەتە ئەوندە زۆرن من پێموایە پێویستی بە دیکۆمنتیکردنی وردی ڕووداوەکان هەیە.

ئاکۆ محەمەد :

بەڵێ، زۆربەی هاوڕێیان لە شار و شارۆچکەکاندا ڕووبەڕووی زیندانیکردن و سووکایەتی و هەڕەشە و ترساندن دەبوونەوە. هەروەها وەك پێشتر وتم هاورێیانی گیانبەختکردوو نەزیز عومەر (ناسراو بە ئارام) ، بەکر عەلی شاعیر، یەکەم لە شارۆچکەی سمیڵ بەرۆژی نیوەرۆ فراندیان و پاش چەند رۆژێك بە سوتێنراوی لە دەرەوەی سمێڵ ئێسکەکانیان فرێدابوو و پێشتر چەند جار لەلایەن دەسەڵاتدارانی (سمێڵ)ەوە هەڕەشەی لێکرابوو، دووەم هۆنەری بەشەمەینەتان (بەکر عەلی) بوو، کە لە خۆپیشاندانی جەماوەری بێسەرپەنایان و ئاوارەکاندا لەبەرچاوی خەڵك تەقەی لێکرا و چەند رۆژ پێشتریش زیندانی کرابوو و لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی شاری سلێمانییەوە هەڕەشەی لێکرابوو تا بەشداری خۆپیشاندانە نەکات و خۆپیشاندانەکە پەکبخات. ئەمە بێجگە لە زیندانی بوونی چەند جارەی کۆمەڵێك هاوڕێ، کە پێشتر هاوڕێ سیروان ناوی هەندیکیانی هێنا.

گۆران عەبدوڵڵا :

من قسەیەکی زیاترم لە قسەکانی ئێوە پێنییە.

**کاتێك کە ڕووبەڕووی ڕێگری و توندوتیژی و مەترسی دەبوونەوە، چیتاندەکرد و چ سەرەنجامێکتان بەدەستدەهێنا؟**

سیروان عەلی :

بەرگریمان لە خۆمان دەکرد و پشتمان بە توانای بێکاران دەبەست، دواتر لە ڕێگەی پەیوەندییەکانی یەکێتی بێکاران هەوڵی ئازادکردنی هەر هاوڕێیەکمان دەدا، کە دەسگیربکرابایە. بەڵام هەرگیز لە ئامانجەکانی خۆمان دەستبەردارنەبووین. ئێمە شەڕی ناوخۆی خۆمان زیاتر چۆکی پێدادایەن.

ئاکۆ محەمەد :

لەوانەیە ئەو شێوازەی ڕووبەڕووبوونەوە لە ئێستادا کەمێك ناواقیعی بێتەبەرچاو، بەڵام لەو کاتەدا برسیەتی و بێکاری و جەنگی نێوخۆ، دەستییان نابووە بینەقاقای خەڵك و سڵکردنەوە لە مەرگ لەبەرچاونەدەگیرا و زۆرجار تا بەردەم مەرگ هەنگاومانناوە و ڕووبەڕووی پیاوانی دەسەڵات بووینەوەتەوە و یەخەی دەسەڵاتدارانمان گرتووە.



لە کۆبوونەوەی یەکەمدا هەر کەسە بە نۆرە لەو بارەوە قسەیکرد و بەزۆری لەسەر چۆنیەتی پێکهێنان و پرنسێپڵەکانی فیدراسیۆن قسەیان نەبوو، کە هاتە سەر من، بەوە دەستمپێکرد، کە " فیدراسیۆن پێداویستی هەموو کاتێکی ڕێکخراوەکان بووە، بەڵام بەو جۆرە نا، کە ئێستا وەك هەوڵی شاردنەوەی تێکشکانەکان و پووکانەوەکان پەنای بۆدەبرێت و لە سەرەوە بسەپێنرێت، هەروەها بەدیارێکخراوی زۆر لەسەر یەکگرتنی ئازادانەی ڕێکخراوەکان لە فێدراسیۆن و کۆنفیدراسیۆندا داکۆکیم کرد و پێداگریم لەسەر ئەوە کرد، کە فیدراسیۆن بە واتای توانەوەی ڕێکخراوەکان نییە، بەڵکو بە واتای گرێدانەوەی هاوبەشی چینایەتی و سەرتاسەریکردنەوەی هەوڵەکانە و هەموو ڕێکخراوێکی نێو ئەو فیدراسیۆنە مافی پاراستی تەواوی ئازادی خۆی لە بڕیاردان و بەشداریکردن و نەکردن لە چالاکییەکانی ئەو فیدراسیۆنەدا هەیە".

ئیتر ئەمە بووە پنتکی تەقینەوەی جیاوازییەکان بەڕووی ئەندامانی پێداگری حککع لەسەر پێشنیارەکەیان بە دیارێکخراوی بە ڕووی هاوڕێیان (وەستا سابیر و عەبدوڵڵا سلێمان و دلێر) دا، هەر لەوێدا هاوڕێیان گۆران و کاوە و سیروان هاوبۆچوونیان لەتەك بۆچوونەکەی من دەربڕی و کۆبوونەوەکە لە هەڵا و ناڕەزایەتیدا کۆتاییهات و درێژەی بۆ بەیانی دانرا.

لە کاتی هاتنەخوارەوە لە قادرمەکانی بنکەدا، هاوڕێ کاوە شانێکی لێدام و وتی "مەتیو ئاژاوەیەکی باشت نایەوە"، منیش بە گوێمدا چرپاند وتم قسە مەکە، با هاوڕێیان بە هەڵە ئاوا تێنەگەن، کە پێشتر تۆ و من بە پلانەوە بەشداریمانکردووە و ئەمە دژایەتی پارتەکەیانە. ئەوە بوو، ڕۆژی دوایی لێپرسراوی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی (حککع - شەماڵ عەلی) هات چاکەت و پانتۆڵێکی تەواو نوێ و بۆینباخێکی زاقی بەستبوو، بەداخەوە کە ئەمە دەڵێم [تەنیا وێنەی دەسەڵاتدارێکی لەمۆشی مندا بەرجەستەکرد]، بەم دەستەواژانە دەستی بە قسەکانی کرد " بیستوومە دوێنێ هەندێ کەس دژایەتی پێشنیارەکانی حزب کردووە و بۆچوونی فەوزەویان دەربڕیوە، ئەمە بۆ ئێمە بە هیچ شێوەیەك قابیلی قبوڵ نییە ... ".

ئەوە بوو لەوێشدا پاش قسەکردن و پێداگری هەر یەك لە هاوڕێیان (کاوە و گۆران و سیروان)، منیش بە بەڵگە و نموونەی دیارەوە پێداگریم لە بۆچوونەکانم کرد و بە ئەوم گوت " ئەگەر ئێوەش وەك چەپەکانی ١٩٧٩ی ڕاپەڕینی ئێران خەریکی خۆسەپاندن بەسەر ڕێکخراوە و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکاندا بن، ئەو ڕۆژێك دێت، کە ئێوەش وەك چەپەکانی ئێران لە پایتەختەکانی ئەوروپاوە خەون بە کوردستانەوە ببینن" .

هەرچەندە لایەنگرانی سەپاندنی فێدراسیۆنێکی کارتۆنی لەسەرەوە بەسەر ڕێکخراوەکانی ئەوسادا، بە

هەموو شێوازێکی توند و تەنانەت هێرشکردنە سەر کەسایەتی و بۆچوونی بەرامبەر، هەوڵی پاشەکشێپێکردنی ئێمەیان دا، بەڵام ئێمە ئەو ماورێیانەی کە لەسەرەوە ناومهێناون توانیمان بە لێکدانەوە و بەڵگە و بڕواپێهێنانی بەرامبەر، مەرجی خۆمان بەسەر نوێنەر و قسەکەرانی حزبدا بسەپێنین، بەوەی بڕیاری چوونە نێو فێدراسیۆنێك، کە پێشتر لە نێوەندی پارتێکدا بڕیاری لەسەردراوە و لە سلێمانی ڕاگەیێنرابوو و سەرنووسەری ئۆرگانەکەشی دیاریکرابوو، تەنیا لە سیمینارێکی ئاشکرادا و بە بەشداری هەموو ڕێکخراوەکان و کەسە چالاکەکان لە هۆڵێکی وەك (هۆڵی میدیا)دا لێدوانی لەسەر بکرێت و بڕیاری لەسەر بدرێت، دەتوانین بەشداری بکەین. ئەو زانیارییانە لەسەر چۆنیەتی پێکهێنانی یەکشەوەی فیدراسیۆنی کاریکاتێری لەو جۆرە کە لە سلێمانی سازیاندابوو، من بۆخۆم پاش کۆبوونەوەی ڕۆژی یەکەم لە ماوڕێ (گۆران)م بیستن، کە (ئاڵا فەرەج) وەك سەرنووسەری ئۆرگانی ئەو فیدراسیۆنە کاریکاتێرییە دیاریکرابوو و تەنانەت لە کۆبوونەوەی ڕۆژی دووەمدا ماوڕێ گۆران بە جۆرێك پەنجەی بۆ ڕاکیشا و ناوی نا" دابەشکردنی خێزانیی کاروبارەکانی فیدراسیۆن" و بە نوێنەری حککع گوت "ئەمە پرسە گورگانەیە، کە بە ئێمەی دەکەن!"

ببوورن، ئەم ڕۆشنکردنەوەیەم، تەنیا وەك تێبینییەکە و مەبەستم قەبەکردنی ڕۆڵی خۆم نییە، بەڵام دەمەوێت مێژوو بەو جۆرە تۆماربکەین، کە ڕوویداوە، دەکرێت هەر یەکە لە ئێمە بەجۆرێك شتگەلێکمان لەبیرنەمابن، بەڵام بە هەوڵی هەمووماں، دەتوانین یاداوەرییەکانمان تەواوگەری یەکدی بن.

**ئایا هەموو ڕێکخراوێك دەیتوانی بەجۆرێك کارکردی لەو ڕێکخراوە یا کارایی لەسەر کارکردەکانی هەبێت؟**

سیروان عەلی :

دیارە ئەگەر پرسیارەکە ئەوەبێت، کە بەرنامەی سیاسی ڕێکخراو و حزبە سیاسییەکان و هەروەها ئەندامەکانیان دەیانتوانی لە (یەکێتی بێکاران)دا جیگەیان ببێتەوە؟ ناتوانین بە قەتعی بڵێین نەخێر، لەبەرئەوەی لە بەرنامەی (یەکێتی بێکاران)دا ئەم جۆرە بڕیارە نەبوو، کە ڕێگری لە ڕێکخراوەکان بکات. هەر چەندە لە سەرەتای دروستبوونی (یەکێتی بێکاران)دا کەسانی جۆرا و جۆر لەنێو ئەندامانی نوێنەرایەتیدا هەبوون، کە سەر بە حزبە دەسەڵتدارەکانیشیان تێدا بوو، بۆ نموونە لە لێژنەی نوێنەرایەتی ئوردگای (تۆبزاوا) خەڵکی سەر بە پارتی و یەکێتی هەبوون (عەلی سام) نوێنەری بێکاران لە (شاخۆران) پۆلیسی سەرسنوور بوو و سەر بە پارتی بوو. دیارە دەیان نموونەی لەم جۆرە هەبوون. بەڵام دواتر لە کرداردا لە دوا قۆناغەکانی ژیانی (یەکێتی بێکاران)دا سەربەخۆیی بێکاران لەلایەن حزبی



سەلاح ، گۆران). لە نیسانی ١٩٩٤ بەهەمان شێوەی ساڵی ڕابردوو بەرەو ئایارماندەرکرد، دەستەی بەڕێوەبردنەکەی پێکهاتبوو لەم کەسانە:(عەبدولرەحمان ، سەردار، گۆران).

## هەواڵنامەی خۆپیشاندان


هەوالنامەی خۆپیشاندان
١٩٩٣/٦/١٩

وێنەی ژمارە (١٣) وەرگیراو لە ئەرشیفی (گۆران عەبدوڵلا)

لەلایەن یەکێتی بێکارانی سلێمانییەوە دەردەکرا، تایبەت بوو بە خۆپیشاندانی ١٩٩٣/٦/١٩ کە بڕیاربوو بەڕێبکرێت. لەوە دڵنیانیم، کە چەند ژمارەی لێدەرچوو، بەڵام یەکەمین ژمارەی لە ١٩٩٣/٦/٢١ بڵاوکرایەوە. نووسەرەکانی (سەلاح، ئەنوەر، کاژاو، عەبدولرەحمان) دەستەی بەڕێوەبردنی دیارینەکرابوو.

## ڕێگای کرێکاران

زمانحاڵی (یەکێتی کرێکاران لە کوردستان"فیدراسیۆن") بوو، ئەم ڕێکخراوە لە ١٩٩٤/٧/٨ لە ئەنجامی یەکگرتنی چەند ڕێکخراوەیەکی تری کرێکاران لەگەڵ یەکێتی بێکاران ئەم ڕێکخراوەیە پێکهات. ژمارە ١و٢ی (ڕێگای کرێکاران) لە نۆڤەمبەری ١٩٩٤ بڵاوکرانەوە، بەو پێیەی ناوی دەستەی نووسەران نەنوسراوە، دڵنیانیم لەوەی دەستەی نووسەرانەکەی لە کێ پێکهاتبوو، بەڵام سەرنووسەرەکەی کاك عەبدولرەحمان مەولود بوو.

**ئایا هیچ کات ڕوویداوە، ئەندام و لایەنگرانی ئەم ڕێکخراوە زیندانی، ڕاونان، ئەشکەنجە و تیرۆر بکرێن، کەی و کێ و چۆن؟**

سیروان عەلی :


بەڵێ، بەردەوام ئەندامانی لێژنەی نوێنەرایەتییەکان تووشی گرتن و ئەشکەنجە و تەنانەت تیرۆر بونەتەوە. مەلەفی دەستگیرکردنی هەڵسوڕاوانی بێکاران، بەردەوام مەلەفێکی گەرمی ئاسایش یەکێتی و

کۆمونیست فەتح کرا. لەو بارەوە نموونە زۆرن، ئێمە دەبووایە کۆبوونەوەی گشتیمان ئەنجام بداییە، کە دواهەمینیان کۆبوونەوەی گشتی ڕێکەوتی ١١/١٢/١٩٩٢بوو لە شاری هەولێر، ئیتر لەو کاتەوە کۆبوونەوەی گشتی ئەنجامنەدەدرا. هۆیەکی سەرەکی ئەوەبوو، کە ترس لەوە هەبوو، ئەندامانی یەکێتی و پارتی خۆیان ئامادەکردووە، خۆیان بۆ نوێنەرایەتی بێکاران هەڵبژێرن، کە بۆ خۆی پرسیارێکی دەهێنایە بەرهەم؛ ئەویش ئەگەر یەکێتی و پارتی لە ڕەوتە سیاسییەکانی تر بە ئەمەکترن و سیاسەتی ئەوان جیگەی متمانەی بێکارانە، ئیتر تۆ بۆ بەری پێدەگریت؟ دواتر ئەوە کێشەی خۆتە نەك نەکردنی کۆبوونەوەی گشتی. نموونەیەکی تر وەستا محمد کە سەر بە ڕەوتی ناسیۆنالیستی بوو، بەڵام لە کۆبوونەوەی گشتی دەنگی هێنابوو و ئەوەی جێگەی سەرنج بوو، کە بەرزترین ڕێژەی دەنگی هێنابوو، بەڵام لە پۆستی سەرەکی (یەکێتی بێکاران)دا دووردەخرایەوە. دیارە ئەمە لە ڕێگەی دەنگدانی ناو لیژنەی نوێنەرایەتی، ئەم ڕێگریەی بۆ دروستدەکرا ، هەڵبەتە ئەویش هەوڵی ئەوەی دەدا، کە سایەی خۆی فەرزبکات، لەبەرئەوەی زۆر داوای ئەوەی دەکرد، بکرێت بە سکرتێر، چونکە زۆینەی دەنگی هێنابوو. بەڵام هەر چۆنێك بێت، ئەو کەسە ئیدارەی پێنەکرد، ناچار نوێنەرایەتی جێهێشت. بەدەر لەوان هەر ڕەوتێکی تر سەری هەڵبدایە زۆر بە ئاگاییەوە دژایەتی دەکرا. دیارە یەکەم ڕەوت کە لە سەرەتادا شەڕی جدی بەرامبەر کرا. ئەنارشیستەکانی شاری هەولێربوون، ئەگەر ئەم پێناسەیە دەقیق بێت. ئەنارشیستەکان یان بڵێن ئەوانەی ناویان ئاوا نرابوو، کە ئەنارشیستن، کۆمەڵێك بوون، بەڵام کەسایەتی زۆر چالاك بوون، هاوڕێ (جمال چاوشین ،کاوەی مام سەید، سیراون نزارە، محمود.. . هتد) کەسایەتی جمال چاوشین یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی یەکێتی بێکاران لە شاری هەولێر. بەڵام دواتر بە هۆی دژایەتی گروپەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری زۆر تەنگەبری بۆ دروستدەکرا. دوای ئەوەی حزبی کۆمونیست دروستکرا و شەڕی نێوخۆی گروپەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری کۆتای هات تای تەرازووی ئەم کێشمە کێشە بە لای کۆمنیزمی کرێکاری شکایەوە. ئەو کاتە ئیتر لە بەردەم ئەو هاوڕێیانە هیچ چارەیەك نەما یان بێکاران بەجێبهێڵن یان کۆمۆنیزمی کرێکاری هەزمیان بکات. دیارە ئەوەی دووم ڕوویدا و حزبی کۆمونیست زۆر سیاسیانە بەم کارەیان هەستان بە دەعواتکردنی جمال جاو شین بۆ کۆنگرەی یەکەمی حزبی کۆمونیستی کرێکاری. کە دواتر زۆربەی ئەو هاوڕێیانە لە حزبی کۆمونیستدا بوون ئەندام. ئەوەی لێرەدا جێی ئەماژەیە، هەرچندە هاوڕێ جمال چاوشین لە حزب نزیك بووبووە، بەڵام هەر بەوە ناوزەد دەکرا کە سندیکالیستە و دەیەوێت (یەکێتی بێکاران) بکات بە سندیکا. بەڵام لە گشتدا یەکێتی بێکاران موڵکی حزبی کۆمونیست بوو.

گۆران عەبدوڵلا :

یەکێتی بێکاران لەلایەن چەپە سۆشیالیستەکانەوە دامەزرابوو لەو نێوەندەش کۆمۆنیزمی کرێکاری بەشی شێری بەردەکەوت، ئاسانئەبوو مەیلە سیاسییەکانی تر یان کەسانی سەربەخۆ دەنگ و ڕەنگیان تێیدا





وێنەی ژمارە (١١) وەرگیراو لە ئەرشیفی (گۆران عەبدوڵلا)

یەکێتی بێکارانی هەولێر مانگنامەیەکی بەناوی (دەنگی بێکاران) هەبوو، یەکەمین ژمارەی لە ئابی ١٩٩٢ بڵاوکرایەوە و لە ژمارە ٧ بەولاوە بوو بە زمانحاڵی (یەکێتی بێکاران لە کوردستان)، ئەم ئۆرگانە ١٨ ژمارەی لەگەڵ چەند پاشکۆیەك لێدەرچوو. دەستەی نووسەرانی لە سەرەتادا ئەم کەسانە بوون ( جەمال چاوشین، عەبدوڵلا سلێمان، عەبدولرەحمان مەولود ، جاسم محەمەد و گۆران عەبدوڵلا). پاش سەرتاسەریبوونەوە، هاوڕێیانی سلێمانیش بەشداربوون، لەو هاوڕێیانەی کە لەیادمدا ماون؛ فەرهاد فەرەج ، ئازاد، سەلام مارف و چەندان هاوڕێی تر، بەڵام زیاتر وەك نووسین. تایپکردنی هەموو ژمارەکان لەسەر شانی من بوو. وەکو نووسین زۆربەی هەڵسوڕاوانی بێکاران لە نووسین و دارشتنی هەواڵدا بەشداردەبوون، دەکرێت لەو بارەوە بۆ زانیاری زیاتر بگەرێینەوە بۆ ئەرشیفی ژمارەکانی (دەنگی بێکاران).

بەرەو ئایار



وێنەی ژمارە (١٢) وەرگیراو لە ئەرشیفی (گۆران عەبدوڵلا)

بەناوی کۆمیتەی مەراسیمی یەکی ئایارەوە دەرماندەکرد. لە ١٩٩٣/٤/١٤ یەکەمین ژمارەی دەرچوو، پاشان چەند ژمارەیەکی تریشی بەدواداهات. دەستەی بەرێوەبردنەکەی پێکهاتبوو لەم کەسانە: ( یوسف،


دەرکەوێت. کۆمەڵگەی کوردستان، کۆمەڵگەیەکی بارگاوییە بە سیاسەتێکی حەماسییانە، واتە ئەوەندەی جڵەو بۆ ئینتما سیاسییەکە شۆڕدەکات، ئەوەندە بەرژوەندییە بنەڕەتی و گشتییەکان لەبەرچاوناگیرێت، بە زمانێکی تر سیکتاریستبوون بەتەواوی باڵی کێشابوو بەسەر زهنماندا. لە فەزایەکی وادا پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی دیموکراسیش لە یارییەکی بێلەزەت زیاتر تێناپەڕن. ئەوانەی توانای جوڵاندنی خەڵکیان هەبوو، ئایدیۆلۆژیایان خستبووە پێشی نانەوە، بۆیە ئاسانئەبوو، ئەوەی دروستتکردبوو، بیخەیتە بەر ڕەحمی یارییەکانی دیموکراسی. ئەوە بۆ من و ئەوەی بەرانبەریشم هەر وابوو.

ئاکۆ محەمەد :

لە وەڵام بەم پرسیارە دەبێت بڵێم [نەخێر]، تەنانەت وەك تاکە کەسیش ئەگەر لە دەرەوەی ئەو هێڵە ڕامیارییە بووایە، ئەوا دەیان ڕێگری و پەراوێزخستنی دەخرایە بەردەم، باشترین نموونەش بوونی کەسێك بوو بەناوی (وەستا موحەمەد کە کۆنە ئەندامی کۆڕەك بوو)، جیابوونەوەکانی سلێمانیش هەر بەرەنجامی وەها مامەڵەکردنێك بوون. ئەمەش بۆ پاشکۆیی ڕێکخراوەی جەماورەی لە تێڕوانینی هێڵی ڕامیاریی کۆمونیزمی کرێکاریی دەگەڕێتەوە، کە هەمان تێڕوانینی سۆسیاڵ-دێمۆکراتەکان (بە ئاڵمانی و ڕوسییەوە)ە بۆ ڕێکخراوەی جەماوەریی و شێوازی خەباتی جەماوەریی و ڕۆڵی ئەو ڕێکخراوە لە گشتییێتی خەبات دژی سەروەری چینایەتیدا هەبوو و لەو تێڕوانینەشدا کۆوبوونەوەی گشتی و ڕێکخستنی شورایی و ڕابەرایەتی بەکۆمەڵ تەنیا لە ملکەچی بێچەندوچووندا بۆ ڕێکخراوەی ڕامیاریی بەپێی سێنترالیزمی دیمۆکراتیك، دەبینێت و پەسەنددەکات و بۆ بردنەوە و مسۆگەریی پلان و مانەوەی خۆی لە سەرکردایەتیدا پەنا بۆ دیاریکردن و بڕیاردانی پەنانەکی و ژێربەژێر و پێشتر یەکلاکراوە دەبات.

تێبینییەك لەمەڕ ئامادەبوونی ئەنارکیستەکان (ئانارشیستەکان) لە یەکێتی بێکاراندا، دەبێت پێ لەو ڕاستییەدا بنێم، کە لە کوردستانی ١٩٩١ تا ١٩٩٧دا تا ئەو جێییەی من ئاگادارم لە هەوڵێر ئەنارکیستەکان ئامادەنەبوون یا ونبوون، لەوانەیە ئەنارکیستەکان لێرە و لەوێ وەك تاك هەبووبن، بەڵام لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکاندا زۆر بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم ئامادە نەبوون. ئەوەی کە بەو ناوەوە هەبوو، ئەو (مارکسیست یا مارکسیست-لێنینستانە) بوون کە بە جۆرێك لە تاکتیکدا لەتەك باڵی کۆمونیزمی کرێکاریی وەك باڵێکی مارکسیست-لێنینیست، ناکۆکیان هەبوو. ئەو دوو هاوڕێیە (جەمال چاوشین و کاوە)، کە کەسانی زۆر دڵسۆز و چالاکبوون، بەڵام ئەنارکیست نەبوون، چ ئەوانیش و چ کەسانی دیکەی ناسراو بەوە، تەنیا لە پاگەندە و دژایەتی کۆمونیستە مەنسورییەکاندا ئەنارکیست بوون، چونکە لەلای سەرانی ئەو پارتە، ئەوی گوێڕایەڵی کوێرانە و ملکەچی بۆ بڕیارەکانی نەکرادیە، ئەوا ئەنارکیست بوو. باش لە یادمە ڕۆژێك پاش دەرچوونی ژمارە (٩)ی (پرۆلیتاریا) ئۆرگانی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمونسیت، کە بە زۆری بابەتەکانی وەڵامێك بوون بۆ دەربڕینەکانی ئەوکاتی (ڕێبوار ئەحمەد،





وێنەی ژمارە (١٠) وەرگیراو لە (ئینتەرنێت)

دابەشکردن و ئامادەکردنی بەشەکان بووین، بەیەکەسانی و تەنانەت تاکە یەك گرام برنج و شەکر، هەم لە دابەشکردن و هەم لە بەفیڕۆداندا لەبەرچاودەگیردرا. لە کۆتاییدا ئەوانەی کە سەرپەرشتیاندەکرد و بەخۆشیان ئاوارە و بێکار و برسی بوون، وەك هەر ئاوارە و بێکارێکی دیکە بەشیان بەرکەوت، لە کۆتاتییدا، کە خەریکی پێچانەوە و ڕۆیشتن بووین، کەسێك هات و وتی من بەشم بەرنەکەوتووە، گەر یاداوەرییم باش کۆمەکم بکات، هاوڕێ شاپوور یەکسەر وتی " ... گیان، وەرە من بەشەکەی خۆم بەتۆ دەدەم، کەسەکە وتی "ئەی خۆت کورم، لە وەڵامدا وتی "من لەتەك ئەم هاوڕێیەم (دەستی بۆ هاوڕێ قابیل ڕاکیشا) بەیەکەوە دەژین و بەیەکەوە بەشەکەی ئەو دەخۆین". هەڵبەتە ئەمە بێجگە لەوەی کە خودی کۆمەڵەی ئاوارەکان (٢٥) بەشە خۆراکی زیادەی پێدرابوو بۆ خۆمان، بەڵام ئەو بەشانەش دران بە کەسانێك کە ماتبوون و خۆراکیان بەرنەکەوتبوو. بەدڵنیاییەوە چ ئەو کات و چ ئێستا، ئەگەر ئەو بەشە خۆراکە بدرایەتە دەست دەسەڵاتداران یا یەکێك لە پارتەکان و ڕێکخراوە پاشکۆکانیان، ئەگەر دوو لەسەر سێیان بۆ خۆیان و خزم و کەس و کاریان گلنەدایە، ئەوا نیوەیان بۆ خۆیان دەدزی. یادی هاوڕێیان شاپوور و قابیل و هەموو مرۆڤە پاك و ڕاستگۆکانی ئەو ڕۆژگارە سەخت و پڕ نەبوونی و برسییەتە، بە خۆشی و مایەی ئاسوودەیی ویژدانی بێت، بۆ ئەوانەی کە ڕاستگۆ و پابەندی ئەو پرنسیپڵانە ماونەتەوە و هێشتاکە خەبات بۆ ئەو خەونە بەرزانە دەکەن.

گۆران عەبدوڵڵا :

هاوڕێیان سیروان ئاکۆ باستان لە زۆر بواری کارەکانی یەکێتی بێکاران کرد ، من لێرەدا دەمەوێ باسی ئەو ڕۆژنامانە بکەم، کە ڕێکخراوەکەمان لە کاتی جیاجیادا بڵاوی کردوونەتەوە:




وێنەی ژمارە (٩) وەرگیراو لە ئەرشیفی (عەبدوڵڵا سلێمان)

یەکەم خۆپیشاندانی فراوانی جەماوەری لە مێژووی میرایەی هەرێمی کوردستاندا، لەلایەن کۆمەڵەی ئاوارەکان و یەکێتی بێکارانەوە بەرەو بەردەم پارلەمانی هەرێم بەڕێخرا و چەند هەزار کەسێك بەتایبەت ئاوارەکان بەشداریان تێدا کرد، بەدەم ڕێگەوە قسەکردنەوەکانی ئەندامانی لێژنەی باڵای یەکێتی بێکاران و کۆمەڵەی ئاوارەکان، لەوانە هاوڕێی گیابەختکردوو شاپوور و هەروەها هاوێ عەلی مەحموود بوو و هاڕێ گۆران عەبدوڵڵا لەتەك ئەوانی دیکە، ڕێبوارانی سەر شەقامەکانی بۆ بەشداریکردن ڕاکێشدەکرد. بە دروشمدان و وتنەوەی داخوازییەکان، گەیشتینە بەردەم تەلاری پارلەمان و پاسەوانەکان و فەرمانبەران و ئەندامپارلەمانەکان، تووشی شۆك بوون، کەسێك هاتەخوارەوە و لەتەك دەستەی نوێنەرایەتی خۆپیشاندانەکە گفتوگۆی کرد. دواتر پاگەندەیەك بڵاوبووەوە، کە گوایە یەکێك لە شالیارانی "میرایەتی فیفی بە فیفتی" گوتوویەتی "ئەگەر نان نییە بخۆن، با برۆن بیسکویت بخۆن". چەندێك ئەمە ڕاستبوو و بەو شێوە وترابوو، نازانم، بەڵام لە چاپەمەنی چەپەکاندا زۆر جار لێدەدرایەوە.

دووەم، وەرگرتنی بەشە خۆراکێك بوو لە ڕێکخراوە بیانییەکان بۆ ئاوارەکان و ئێمەش لەتەك کۆمەڵەی ئاوارەکان، سەرپەرشتی دابەشکردنمان کرد و شەوێك تا بەیانی بە ئامادەبوونی هاوڕێیانی گیانبەختکردوو (شاپوور و قابیل) لە خانووەك لە پشت فێرگەی سەرەتایی ئەیوبییەی تەیراوا، خەریکی



ئەحمەد موعین و .تد) لەمەڕ دروستبوونی پارتی کۆمونیستی کرێکاری، لە پەرتووکفرۆشیەکەی ئێمە بەرامبەر سینەما کریستاڵ، کە چەند هاوڕێیەکی هەر سێ ڕیکخراوەکەی لێبوون و لەسەر مشتومڕەکانی ئەو باڵە، مشتومڕمان دەکرد، هاوڕێ جەماڵ چاوشین بە پێداگری و هێنانەوەی وتەکانی لێنین لەمەڕ پارتی کۆمونیست و ڕۆڵی ئەو پارتە و چۆنەتی دروستبوونی و بنکەی جەماوەری، ڕەخنەی لە بۆچوونی هەر سێ ڕێکخراوەکە [ڕەوتی کۆمونیست و یەکێتی خەباتی کۆمونیزمی کرێکاری و سەرنجی کرێکار] هەبوو و تا ڕادەی تێنەگەیشتن لە مارکسیزم و لێنیزم ڕەتیدەکردنەوە و ڕەخنەی لە هێڵی ڕامیاری کۆمونیزمی کرێکاری [مەنسوریزم] دەگرت، هەروا هاوڕێ (کاوەی مام سەید)یش لایەنگر یا ئەندامی گروپێکی [مارکسیست] کۆمونیستی جیهانی بوو، لەوە دڵنیام، کە وەها بیرکردنەوەیەکی هەبوو، بەڵام لە ئەندامەتییەکەی دڵنیانیم، ئەویش هیچ کات ئەنارکیست نەبوو و هیچ کات لە هێڵی مارکسیستی دەرنەچوو. ئەو هاوڕێیانەی دیکە ئەوەندەی من بزانم هەمان هێڵی ڕامیاری هاوڕێ (کاوە)یان هەبوو و ئەنارکیست نەبوون، دەتوانین بڵێین هاوڕێ سیروان نەزارە جۆرێك لە بیرکردنەوەی ئەنارکیستی هەبوو، بەڵام ئەوکاتە تا ئەوەندەی من بزانم ئەو چالاك و بەشداری کارەکانی یەکێتی بێکاران نەبوو.

بەخشینەوەی تۆمەتی ئەنارکیستی بەسەر ڕەخنەگرانی کۆمونیزمی کرێکاریدا، مۆدی ئەو ڕۆژانە بوو و تەنانەت خودی ئێوە هاوڕێیان سیروان و گۆران، لەبەرئەوەی کە لە کێشمەکێشی داننان بە فیدراسیۆنی کاریکاتێری (حککع)دا و هەروەها لە کێشمەکێشی مەراسیمی یەکی ئایاری ١٩٩٤دا، لەبەرئەوەی کە هاوبۆچوونییەکیان لەتەك ئێمە (هاوڕێ کاوە و من)دا هەبوو، ئەوانیش لەلایەن حککع و قسەکەرەکەی لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکدا، تۆمەتی ئەنارکیستبوونیان خرابووە پاڵ. بەکورتی ئەوی دژی بڕیارە ڕامیارییەکانی حککع و ئایدیۆلۆجیاکەی بووایە؛ ئەگەر کوردستانی بیری بکردایەتەوە، ئەوا ناسیونالیست و نۆکەری دەسەڵات بوو، ئەوەشی کە ڕادیکاڵ بیری بکردایەتەوە، ئەوا ئەنارکیست بوو. من بۆخۆم لەو کاتەدا وەك بیرکردنەوە کۆمونیست بووم و بڕوام بە پارتی جیهانی و نێونەتەوەییەکی کرێکاری هەبوو، بەڵام بە ئەنارکیست تۆمەتباردەکرام، هەرچەندە بەتایبەت لە پرسی چۆنیەتی شێوازی خەباتی ڕێکخراوە جەماوەرییەکاندا لە ساڵی ١٩٩٢وەوە و لە پرسی پێکهێنانی فیدراسیۆن و ڕۆڵی یەکێتییەکاندا لە سەرەتای ١٩٩٤وە، بە کردەوە ئەنارکیست بووم، بەڵام بە بڕیار و ویستی خۆم ئەنارکیست نەبووم و ئاشنایەتیم لەتەك سەرچاوەی هزریی ئەنارکیزم و ئەنارکیستەکان نەبوو، تەنیا لە ڕوانگەی ڕەخنەی حزبی شیوعی عیراق و کۆمونیزمی کرێکارییەوە (ڕەخنەی جەعفەری ڕەسا لە پەرتووکی کورتە مێژووی سۆشیالیزم) لە ئەنارکیزم گەیشتبووم و تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانم بڵێم ڕەخنەکەی (جەعفەری ڕەسا) لە سەندیکالیزم و ئەنارکیزم لەو پەرتووکەدا، منی متووی ئەو ئەو هزرە کرد.

هەروەها بەڵگەم بۆ ئەم پێداگرییانەم (ڕاپۆرتی سەندیکالیستەکانی سوید لەسەر کوردستانی عیراق/ وەرگێڕانی هاوڕێ بەختیار موستەفا عارف) کە ڕێکخراوێکی ئەنارکۆسەندیکالیستن و لە سەردانییەکەیاندا بۆ کوردستان لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٤دا و لە دیمانەکەیاندا لەتەك ئەندامانی (یەکێتی بێکاران)دا هیچ ئاماژەیەك بەبوونی چالاکانی ئەنارکیست لەو ڕێکخراوەدا ناکەن . بە کرتەکردنەسەر ئەم بەستەرە، دەتوانن دەقی وەرگێڕدراوی راپۆرتەکە بخوێننەوە: www.dengekan.info/dengekan/11/9614.html . هەڵبەتە مەبەستم لەم پێداگرتنە ئەوەیە، کە بڵێم، ئەگەر لەو کەسانە یا کەسانێکی دیکەی نێو یەکێتی بێکاران، لایەنگرانی هزری ئەنارکیستی دروستبووبن، ئەوا تۆمەتبارکردن و دژایەتییەکانی ئەندامانی (حککع) ماندەریان بوون.

**ئایا هیچ پەیوەندییەکی دەرەکی لەتەك ناوەندە جیهانی و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی وڵاتانی دیکە، لایەنیکەم ولاتانی دراوسێدا هەبوو؟ ئەگەر نەبوو، هۆکارەکەی چی بوو؟**

سیروان عەلی :
پەیوەندی هەبوو، بەڵام ئاستی زۆر بەهێز نەبوو، دیارە تاقە کەناڵ، هەر ئەو کەناڵە بوو، کە حزبی کۆمونیست فەراهەمی دەکرد. لە ڕێگەی ئەندامەکانی لە دەرەوەی وڵات، کە ئەوە لە رووی دارای و مەعنەوییەوە بۆخۆی پشتگیرییەکی بەهێزبوو. هەوڵێکی تر هەر چەندە زۆر نادیار بوو یان بەدواچوونی بۆ نەدەکرا. ئەو ڕێکخراوە و ئەو کەسایەتیانە بوون، کە بۆخۆیان یەکێتی بێکاران لەلایان جیگەی سەرەنج بوو. ڕێکخراوەی (WFP) کە ڕێکخراوێکی جیهانی کۆمەك و خوراکی بە سەر توێژە جیاکانی کوردستاندا دابەشدەکرد، بۆ چەند جارێك لە ڕێگەی پەیوەندییەکانی یەکێتی بێکاران چەند بەشە ئازوقە بەسەر ژمارەیەك لە بێکاراندا دابەشکرا. دیارە بێجگە لەوە کەسایەتی ناسراو بە (لیزا شمیدت) کە ڕۆژنامەنووسێکی ئەڵمانی بوو، بە پێی وتەی خۆی لە بارەی (یەکێتی بێکاران)ەوە لە کتێبەکەی خۆیدا شتی نووسیوە، کە خۆی زۆر بایخی بە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان دەدا. بەڵام بەداخەوە تا ئێستاکە کەس نازانێت، ئەو کتیبەی ناوی چییە و لە کوێ دەستدەکەوێت، بەتایبەت دوای ئەوەی کە خودی (لیزا) لە لایەن حزبی بەعسەوە تیرۆر کرا، ئیتر کەس نەیزانی هەوڵەکانی ئەو کەسە چیان بەسەرهات.

ئاکۆ محەمەد :
ئەوەندەی من ئاگادار بم، لەو کاتەدا هەوڵی پەیوەندی بە ڕێکخراوە بیانییەکان لە کوردستان و گەیاندنی دەنگی بێکاران بە دەرەوە دەدرا و لە دەرەوەش بەدیارێکراوی لە سوید بلاوکراوەی هاوپشتی و هاوڕێ بەختیار موستەفا عارف، بەو کارە هەڵدەستان، بەڵام دیسانەوە، لەبەرئەوەی کە هەموو کارەکان لە سنووری تەسکی ڕێکخراوە ڕامیارییە چەپەکانی کۆمونیزمی کرێکاریدا دەکران، هیچ کات نەتوانرا کارێکی



**ئەو چالاکی و کار و خەباتانەی ئەم ڕێکخراوە ئەنجامیدان، کامانە بوون؟ ئەو ڕێکخراوە هیچ بڵاوکراوە و ڕاگەیاندنی هەبوو؟ دەتوانی لەو بارەوە بە شێوەیەکی چڕ بدوێیت؟**

سیروان عەلی :
یەکەم کار، کە ئەم ڕێکخراوە کردی، لە دوای پێکهێنانی کردنەوەی سجلێك بۆ ناونووسکردنی بێکاران، کە دواتر لە سەر زانیارییەکانی ناو ئەو سجیلە پێناسە بۆ بێکاران دەکرا. ئەم ڕێکخراوە لە ئاستی کوردستاندا زیاتر لە بیست بنکەی هەبوو، کە پارە و کرێی ئەو بنکانە خۆی دابینیدەکرد. هەروەها لیژنەی نوێنەرایەتییەکانی شار و شارۆچکەکانی ئەو ڕێکخراوە خۆبەخشانە کارەکانیان ئەنجامدەدا. ئەم ڕێکخراوە ڕۆژنامەیەی (دەنگی بێکاران) دەردەکرد، کە زمانحاڵی ڕێکخراوەکە بوو و چەندین ژمارەی دەرکرد، چەندین سیمنار و کۆبوونەوە گشتی و کۆڕی ئەنجامداوە. لەپێناو گەیشتن بە ماف و بە دیهێنانی داخوازییەکانی چەندین خۆپیشاندان لە شێوازی جیاوازی گرتووەتەبەر، هەروەها لەگەڵ توێژەکانی تر وەك ئاوارەکان، ژنان، لاوان بەردەوام هاوپشت و هاوخەباتکار بوو. دابینکردنی فەحصی دکتۆر بەبێ بەرامبەر بۆ ئەندامانی بێکاران لە ڕێگەی چەندین دکتۆری خۆبەخشی جۆری پسپۆری جیاواز لە هەردوو شاری سلێمانی و هەولێر. دابینکردنی چەندین بەشی ئازووقە بۆ بێکاران دیارە بەڕێژەی کەم لە بێکاران سوودیانوەردەگرت. بەهۆی کەمی کۆمەکێك کە ڕێکخراوە خێرخوازەکان دەیانبەخشییە یەکێتی بێکاران. ئەوەی کە دەکرێت وەك خاڵێك درخشان باسی لێ بکرێت لەگەڵ هەموو کێشە و هەڵەیەك لە کارکردندا، بەڵام کۆمەڵێك مرۆڤی سەرسەخت وپڕ قوربانی لە هەلومەرجێکی زۆر سەختی ئابووریدا لەسەر گۆشت و ئیسقان کارەکانی ئەم ڕێکخراوەیان ئەنجامدەدا. تەنانەت تا ئاستی گیانبازی قوربانیدان لە پێشی پێشەوە بوون.

ئاکۆ محەمەد :
کۆبوونەوەی گشتی، کۆڕ و سیمینار و خۆپیشاندان و ڕێپێوان و دانیشتن لەتەك ناوەند و کارگێرییە پەیوەندیدارەکان و دانیشتن لەتەك پارت و ڕێکخراوەکانی دەرەوەی دەسەڵات، خۆپیشاندان دژی جەنگی ناوخۆ و تیرۆر و ڕەشەکوژی ژنان و زۆر شتی دیکە. هەروەها ئۆرگانێکی بەناوی "دەنگی بێاکاران" دەردەکرد و لە هەموو بۆنە و ڕووداوەکاندا بەیاننامە و ڕاگەیاندنی دەردەکرد. بێجگە لەو کار و چالاکییانەی هاوڕێ سیروان ناوی هێنان، لە سلێمانی بێجگە لە هاریکاری و ئامادەیی چەند دکتۆر بۆ پشکنین  و نووسینی چارەسەری دەرمانی بۆ نەخۆشانی بێکار بەخۆڕایی، یەك دوو سەرتاشخانە ئامادەییان دەربڕیبوو، کە بە خۆرایی لە ڕۆژێکی هەفتەدا ئارایش (پرچ و ڕدێن برین و تاشین)ی بێکاران بە خۆرایی بکەن. حەزدەکەم لێرەدا دوو بیرەوەریی خۆم لەمەڕ چالاکییەکانی یەکێتی بێکاران لە هولێر و هاریکاری و کاری هاوبەشی لەتەك ڕێکخراوەکانی دیکە، بگێڕمەوە؛

ناوده‌سه‌ڵات یا لایه‌نگری ده‌سه‌ڵات بوون، به‌رامبه‌ر به‌ ڕێكخراوی یه‌كێتی بێكاران چۆن بوو؟

سیروان عەلی :

یه‌كێتی بێكاران هه‌ندێك ده‌سته‌خوشكی له‌ جه‌شنی خۆی هه‌بوون؛ وه‌ك ( كۆمه‌ڵه‌ی ئاواوه‌ره‌كان ، ڕێكخراوی سه‌ربه‌خۆی ژنان ،كرێكارانی كارگه‌ ئه‌هلییه‌كان). دیاره‌ له‌ سه‌رتادا ئه‌م ڕێكخراوانه‌ هه‌ر وه‌ك یه‌كێتی بێكاران ڕێكخراوه‌ی زۆر چالاك و خاون جه‌ماوه‌ر و خه‌باتكاربوون، به‌ڵام ئه‌وانیش زۆر به‌ سانایی له‌لایه‌ن حزبی كۆمونیسته‌وه‌ به‌ هه‌مان ده‌رده‌ی یه‌كێتی بێكاران بران. بۆیه‌ به‌رده‌وامیش ئه‌م سێ ڕێكخراوه‌ سه‌ریان له‌نێو یه‌كدیدا بوو، كه‌ دواتر حزبی كۆمونیست له‌ هه‌وڵێكی فۆرماڵی بێبنه‌مادا، هه‌وڵی ئه‌وه‌ی دا، كه‌ له‌ژێر یه‌ك چه‌ترێكی كارتۆنیدا كۆیان بكاته‌وه‌، ئه‌ویش كه‌ فیدراسیۆنی ڕێكخراوه‌ جه‌ماوه‌رییه‌كان بوو، بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌و قه‌یرانه‌ی تێكه‌وتبوون، به‌كۆكردنه‌ویان هێز په‌یدابكه‌نه‌وه‌، به‌ڵام به‌ پێچه‌وانه‌وه‌ بووه‌ مایه‌ی گرتنی په‌تای پووكانه‌وه‌ زیاتر. به‌نسبه‌ت ڕێكخراوكانی تر پێمانده‌وتن "ڕێكخراوه‌ زه‌رده‌كان" و هیچ په‌یوه‌ندییه‌كی ئه‌وتۆمان له‌گه‌ڵیاندا نه‌بوو.

گۆران عه‌بدوڵڵا :

یه‌كێتی بێكاران له‌ كوردستان له‌گه‌ڵ هه‌موو ئه‌و ڕێكخراوانه‌ی كه‌ له‌ فه‌زای كۆمۆنیزمی كرێكاریدا ده‌سووڕانه‌وه‌، په‌یوه‌ندییه‌كی باشی هه‌بوو. به‌ بڕیارێكی له‌پشتپه‌رده‌وه‌، ئه‌م ڕێكخراوانه‌ له‌ فیدراسیۆنێكدا كۆكرانه‌وه‌، له‌و سه‌رده‌مه‌ی كه‌وتبووینه‌ لێژییه‌وه‌، به‌ڵام فیدراسیۆنه‌كه‌ش به‌ده‌ردی نه‌خواردین. كێشه‌یه‌كی ترمان هه‌بوو، له‌ چۆنیه‌تی په‌یوه‌ندی دروستكردن، ئه‌وه‌ش ئه‌وبوو له‌گه‌ڵ ڕێكخراوه‌ جه‌ماوه‌رییه‌كانی تری حیزبه‌ سیاسییه‌كان ڕاسته‌وخۆ دانیشتنمان نه‌ده‌دكرد، به‌ڵكو ده‌چووین له‌گه‌ڵ مه‌كته‌بی سیاسییه‌كانیان داده‌نیشتین.

ئاكۆ محه‌مه‌د :

به‌ڵێ، وه‌ك ئێوه‌ وتتان و به‌ وردی ڕۆشنایتان خسته‌سه‌ر، گرفته‌ هه‌م خۆیی بوو و هه‌م ده‌ره‌كیش بوو، له‌لایه‌ك به‌هۆی زاڵیی پاوانگه‌ریی ڕه‌وتی كۆمونیزمی كرێكاریی له‌نێو یه‌كێتی بێكاران ڕێگری له‌و په‌یوه‌ندییانه‌ ده‌كرد، چونكه‌ له‌وه‌دا مه‌ترسی له‌قبوونی زاڵییه‌تی خۆی به‌سه‌ر ڕێكخراوه‌كه‌دا ده‌بینی. له‌لایه‌كی دیكه‌وه‌ له‌ به‌رامبه‌ردا ڕێكخراوه‌ پاشكۆكانی پارته‌ ده‌سه‌ڵاتداره‌كان، له‌ ڕوانگه‌ی ده‌سه‌ڵات و پارته‌كانییانه‌وه‌ ده‌یانڕوانییه‌ یه‌كێتی بێكاران و هه‌مان بۆچوون و هه‌ڵوێستیان هه‌بوو و به‌و جۆره‌ش ڕه‌فتاریانده‌كرد.



شایسته‌ و پێویست له‌و پێناوه‌دا بكرێت. وه‌ك وتم له‌به‌رئه‌وه‌ی له‌ سنووری ئه‌و ڕێكخراوانه‌ و كه‌سانی ئه‌و ڕێكخراوانه‌دا له‌ كوردستان و ئه‌وروپا ده‌كرا، كاره‌كان و هه‌وڵه‌كان ده‌چوونه‌ گیرفانی ڕێكخراوه‌ ڕامیارییه‌كانه‌وه‌، چونكه‌ ئامانج له‌ كاره‌كان دروستكردنی هاوخه‌باتی چینایه‌تی جهانی نه‌بوو، به‌ڵكو به‌كاربردنی ناو و شوناسی ڕێكخراوی (یه‌كێتی بێكاران) بوو بۆ به‌هێزكردن و به‌ده‌ستهێنانی كۆمه‌كی دارایی و هاوپشتی بۆ ئه‌ندامانی خۆیان له‌ ده‌ره‌وه‌. به‌ ڕوای من ته‌نیا بڵاوكراوه‌ی هاوپشتی له‌و سنووره‌ واوه‌تر چووبوو.

گۆران عه‌بدوڵڵا :




وێنه‌ی ژماره‌ (٧) وه‌رگیراو له‌ ئه‌رشیفی (گۆران عه‌بدوڵڵا)

عادل كریم له‌ نامه‌یه‌كدا سه‌باره‌ت به‌ یه‌كێتی بێكاران، كه‌ له‌ ژماره‌ی ٢٣ ساڵی دووه‌م ٢٩ی ته‌موزی١٩٩٣ی ڕۆژنامه‌ی (بۆپێشه‌وه‌)دا بڵاوكراوته‌وه‌ ده‌ڵێت "یه‌كێتی بێكاران وه‌كو بڵندگۆی ئیعتراز به‌ گه‌مارۆی ئابووری و ده‌نگی بێكارانی كوردستان گۆمی بێده‌نگی له‌ ڕۆژنامه‌نووسی جهانی ئه‌هه‌ژێنێ، له‌م دوو مانگه‌ی دواییدا (٢٥٠) گۆڤار و ڕۆژنامه‌ی ئه‌وروپی به‌یاننامه‌ی بانگه‌وازی هاوپشتی و هاوخه‌باتی یه‌كێتی بێكارانیان بڵاوكرده‌وه‌، كه‌ بۆ بێكارانی وڵاته‌ پیشه‌سازییه‌كان ڕه‌وانه‌كرابوو.

وه‌ك له‌و نامه‌یه‌دا ده‌رده‌كه‌وێت و وه‌ك ئه‌وه‌ی خۆشم ئاگادارم، به‌ مه‌به‌ستی كه‌مكردنه‌وه‌ی ئه‌و

قورساییە زۆرەی، کە ڕەوشی بێکاری خستبوویە سەرشانی خەڵکی بێکار لە کورستان، لە هەموو دەرگایەکمان دەدا.

**شێوازی ڕێکخستن و کاری ڕێکخراوەکە چۆن بوو؛ شورایی، سەندیکایی، یا شێوازێکی تر، بۆ ئەو شێوازەی هەڵبژاردبوو؟**

سیروان عەلی :
ئەوەی شێوازی ڕێکخستن چۆن بوو، باسێکی قوڵی و پڕ کێشەی یەکێتی بێکاران بوو. لەنێو (یەکێتی بێکاران)دا سێ پێشنیاری جیاواز بۆ ڕێکخستنی ئەو بێکارانەی کە خۆیان لەو ڕێکخراوەدا ناونووسکردبوو، هەبوون . یەکەم پێشنیار ڕێکخستن لە سەر بینچنەی کۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی بێکاران. دووەم ڕێکخستنی لە شێوەی گەڕك. سێەم ڕێکخستن شێوەی مەرکەز. دیارە هەریەك لەمانە بەشێوەیەکی گشتی بە جۆرێکی جیاواز تەماشای دیاردەی بێکاری و یەکێتی بێکارانی دەکرد. ئەوەی پیادە یان باشتر وایە بڵێین بەسەر ئەو ڕێکخراوە و هەڵسوڕاوان و ئەندامەکانیدا سەپێنرا، شتێکی نە باسکراوبوو و نە لە قاموسی بیر و باسی ناو پەڕەکانی ڕۆژنامەی ڕێکخراوە چەپ و مارکسێکاندا نەبوو. ئەوەی لە سەرەتادا بڕیاری لەسەر درا و شەڕی دەستەویەخەی لەپێناودا کرا، سونەتی شورایی بوو و یەکەم بنەمای سونەتی شورایی پشتبەستن بوو بە کۆبۆنەوەی گشتی بێکاران. دیارە بۆ خۆی ئەمە لە ڕووی مەبدەئیەوە زۆر دیموکراسی و کۆمونیستی عەیار ٢٤ بوو، لەبەرئەوەی لینین و سونەتی بەلشەفی هەر ئەمەیان کردبوو، بەهەرحاڵ دوای ئەوەی ئەو ڕەوتەی کە باسی لە ڕێکخستنی بێکاران دەکرد، لەسەر بنەمای کۆڕ و کۆمەڵایەتی ڕەخنەی توندی لێگیرا و پاشکشەی کرد، کار هاتە سەر سونەتی، شورایی جارێکی تر کێشە دەستپێکرد، مەسەلەی ڕێکخستن لە شێوەی گەڕك یان مەرکەز. دیارە ئەم بۆچوونانە پشت بەستووبوون بە خوێندنەوە بۆ بێکاری خۆی. ئەوانەی باسی ڕێکخستنیان لە سەر ئەساسی گەڕك دەکرد، پێیانوابوو بێکار هەر ڕۆژەی لە شوێنێکدایە شوێنی تایبەتی نییە وەك شوێنی کار، ئەو کاتە یەکێتی بێکاران هەموو کەسێکی ناونووسدەکرد، بەبێ ئەوەی بتوانێت ئایا ئەو کەسەی کە خۆی ناونووسکردووە، بەڕاست بێکارە یان نا؟ بەڵام لە یەکێتی بێکاران پێمانوابوو هەرچی عەربانەچی دەستگێڕی (شێخ للە) و بەردەم مزگەوتی گەورەی سلێمانین، بێکارن. بۆیە دەیانگوت بێکاران شوێنی تایبەتیان نییە و هەر ڕۆژەی لە شوێنێکن. هەر لەبەر ئەمە بڕیاری ڕێکخستن لەسەر بنەمای شوێنی ژیان واتە گەڕەك باشترین شێوەی ڕێکخستنە، درا. ئەو بۆچوونەی کە قەناعەتی بە شێوەی ڕێکخستنی مەرکەز هەبوو، لەسەر ئەو ئەساسە بوو، کە ناکرێت تۆ بڕۆی لە هەموو گەڕەکەکانی شاردا بنکە بۆ نوێنەرایەتی بێکاران دابنێیت، هەم کارێکی ئاسان نییە و هەم گونجاو نییە و لەبەرئەوەی بێکار لە هەموو گەڕکێك نییە و بێکاری پەیوەندی بە بازاڕی کارەوە هەیە، نەك شوێنی ژیان. دیارە وەك تێبنی من ئەوەندە



سیروان عەلی :
کاتی خۆی لە شاری هەولێر مەسەلەی ناو کێشەی زۆری نەنایەوە، بەڵام لە شاری سلێمانی لەسەر ئەوەی شورای بێکاران بێت یان یەکێتی بێکاران، بۆ ماوەیەك جێگەی مشتومڕ بوو . بەنسبەت ئەوەی بۆ بێکاران لە کوردستان بوو پەیوندی بە جغرافیای کارکردنی ئەو ڕێکخراوە هەبوو.

گۆران عەبدوڵڵا :
ئەو میتۆدە فکرییەی لە پشت ئەو(لە)یەوە وەستابوو، میتۆدێکی مارکسی بوو، وە لە ڕوانگەی چینایەتییەوە سەیری کێشەی بێکارانی دەکرد و بێکارانی کوردستانی وەك بەشێکی دانەبڕاو لە بێکارانی هەموو جیهان لە قەڵەم دەدا. ناوچە و شار لێرەدا پەیوەندییەکی بەهێزی نییە بە کەسایەتی بێکارەوە، ئەوەی هەیە هاوچینایەتی و هاوخەباتی بێکارانە لە شوێنە جیاجیاکان و شوناسی شوێن وەکو هەویەتی بێکار کاڵترە.

ئاکۆ محەمەد :
هەرچەندە ئەو کات لەلایەن هاوپەیمانانەوە هەرێمی کوردستان وەك ناوچەی نەفرێن لە خوارووی عیراق دابڕابوو و بەکردەوە لە عیراقدا دوو دەسەڵاتداریی و دوو هەرێم هەبوون، بەڵام یاساکان هەر هەمان یاسا و کارگێڕییەکان هەمانی سەردەمی بەعس بوون، هەروەها بەگشتی دانیشتوانی عیراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە لەژێر ئابڵۆقەیەکی ئابووریی جیهانیدا دەیناڵاند، بێکاران لەم ڕووەوە زۆرترین قورساییان لەسەر بوو. پرسی بێکارانی کوردستان لە پرسی بێکارانی خوارو جیا نەبوو و هەمان ئامانج و دەریسەری و گیروگرفتیان هەبوو. هەروەها هەرچەندە بەکردەوە یەکێتی بێکاران تەنیا لە هەرێمی کوردستاندا و لەوێش بە زۆری لە سلێمانی و هەولێر و هەندێك شارۆچکەی دەوروبەریان بنکە و چالاکانی هەبوون. بەڵام بێجگە لەمانەش، هەم لە ڕووی زاڵی کۆمونیستەکان لە یەکێتی بێکاراندا کە حەزی سەرتاسەرییان هەبوو و هەم خەڵکی بەگشتی جیابوونەوەی یەکجاری لە عیراقی لە نەخشە و ڕامیاریی پارێزەرانی ناوچەی نەفڕیندا بەدینەدەکرد و هەردەم نیشانەکانی مانەوەی عیراق وەك یەکەیەکی دەوڵەتی بەدیدەکران. هەروەها جۆرێك لە سڵکردنەوە لەوەی بە ناسیونالیسبوون تۆمەتبارب‌کرێ، هەبوو. ئەو کاتە قسەکەرانی کۆمونیزمی کرێکاری قسەکردنیشیان لەسەر پرسی ڕزگاربوون لە داگیرکەر بە ناسیونالیستبوون تۆمەتباردەکرد، کەچی ئەمڕۆ سەد و هەشتا پلە بایانداوەتەوە و لە کێبڕکێی ناسیونالیستبووندا سەرچۆپییان گرتووە!

پەیوەندی ئەم ڕێکخراوە لەتەك ڕێکخراوەکانی دەرەوەی دەسەڵات چۆن بوو؟ ئایا هیچ قەوارەیەکی گەورەتر کۆی دەکردنەوە؟ ئەی پەیوەندی ڕێکخراوەکانی دیکە، کە بەجۆرێك پاشکۆی پارتەکانی

حەزە ئۆرۆستۆکراتییەکان و هەندێك جاریش بۆ خۆسەلماندن لەبەرامبەر ئەوەی کە ڕێکخراوە چەپەکان لە ئۆرگانەکانیاندا ئەو پێگەیان بەو کەسانە ڕەوا نەبینبوو. دەمایەوە کەمایەتییەك کە چاوی لە بنکەی جەماوەری بڕیبوو و تەنیا تروسکاییەك کە بۆ مانەوە و داهاتووی ڕێکخراوەکە دەیانبینی، کۆمەڵایەتییبوونەوەی خەباتی بێکاران و خۆجێییبوونەوەی ڕێکخراوەکە بوو لە گەڕەکە هەژارنشینەکان و لە ئوردووگە و گوندەکاندا.

گۆران عەبدوڵلا :




وێنەی ژمارە (٨) وەرگیراو لە ئەرشیفی (گۆران عەبدوڵلا)

ناوێکی زۆر لە بنکەکانی بێکاران لە شارو شارۆچکەکانی سلێمانی و هەولێر تۆمار کرابوو، لە (٢٠٠٠٠) هەزار ناو تێپەڕیکردبوو. نوێنەری بنکە جیاوازەکان پەیوەندییان بە سەنتەرەوە دەکرد، واتە بنکەی سەرەکی لە سلێمانی و هەولێر. بە شێوەیەکی گشتی بەشدارییەکە لاوازبوو.

**ئەم ڕێکخراوە وەك بە ناوەکەیدا دیارە (یەکێتی بێکاران لە کوردستان) لە ئاستی هەرێمیدا سەرتاسەری بووە، بۆچی «لە کوردستان» بۆ (یەکێتی بێکارانی کوردستان) نا، ئایا جیاوازییەکەیان لە چیدایە؟**



لە بیرم بێت و ئەگەر دەقی سیاسی تەمومژاوی نەبێت، من پێموابوو ئەم دوو بۆچوونە درێژە و شەڕی هەمان شەڕی پێشووی نێوان (یەکێتی خەبات کۆمونیزمی کرێکاری) کە لە سەرتای ڕاپەڕیندا ئەوان هەستان بە دامەزراندنی شورای گەڕەك و (ڕێکخراوەی ڕەوتی کۆمونیست) کە ئەمان خەریکی دامەزراندنی شورای کرێکاری لە شوێنی کاردا بوون، هەروەها نووکی ڕمی ڕەخنەیەك ئەو کاتە، ئەوە بوو ڕەوتی کۆمونیست باسی لەوە دەرکرد، کە ئەوەی باس لە دامەزراندنی شواری گەڕەك دەکات، شەعبەوی و پۆپۆلیستە و نایەوێت کۆمەڵگە وەك کۆمەڵگای چینایەتی تەماشابکات و چینی کرێکار وەك چین تەماشابکات و بە دینەمۆی شۆڕشی کرێکاری نازانیت و هەندێك جار ڕەخنەلێگیراوان بە مەنشەفیکەکانی سەردەمی لینین تەشبیهدەکران . سەرەنجام دوای بێنە و بەردەی زۆر، کە تەنانەت لەو بارە چەندین نامیلکە نوسران، بۆ نموونە ( محسن کەریم) کە ئەندامی ڕەوتی کۆمونیست بوو، لەو بارەوە نامیلکەیەکی نوسی، من ئێستاش لەلام ماوە.

ڕۆژگار هات و ڕۆژگار ڕۆشت، دوو شت ڕەوتی ئەم ململانێەی بردە شوێنێکی تر و ئاوێکی ساردی بەم شەڕەدا کرد. یەکەمیان لەسەروبەندی دامەزرانی حزبی کۆمونیستدا شەڕی نێوان هەر سی ڕێکخراوی دامەزرێنەر (سەرنجی کرێکار ، یەکێتی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکار، ڕەوتی کۆمونیست) لەوپەڕی توندوتیژیدا بوو، (مەنصور حیکمەت) بەیەك نامەی کورت و پۆخت وەك دوعا دەرخواردی سەرانی ڕێکخراوەکانی دا و ئیتر شەڕەدەنووکی برای ئایدیۆلۆجی نەما و هەمووی دەستلەملان چێشتەکەیان تێکەڵکرد و دەستیانکرد بە دروستکردنی حزب. باشە ئەم کارەش خێری پێوە بوو، یەکێتی بێکاران لە توندی ململانێکان دوورکەوتەوە و ئەوە بوو لە چەند گەڕەکێك هەوڵی گرتنی کۆبوونەوەی گشتی درا و هەوڵدرا بنکەی گەڕەکەکانیش دابنرێت، ئەوە بوو لە گەڕەکی کوران ئەم هەوڵە درا. دووەم هۆکار کە ئەم شەڕەی بردە دواوە، خودی بێکاران خۆیان بوون، ئەو دنیابینینەی کە بە حیساب بێکاران پێشوازی لەم جۆرە ڕێکخستن دەکەن، هاتەدواوە، دوای ئەوەی بە پراکتیك دەرکەوت ئاستی ڕوولەخوار و ئامادەیی وشیاری بێکاران بۆ ئەم جۆرە، هێنایە ئاستێکی تر. ئیتر لای زۆربەی هەڵسوڕاوانی پاشەکشەی بە مەسەلەی کۆبوونەوەی گشتی، کە بنەمای شوراییە، کرد. ئەمە هۆکارێك بوو، هۆکارێکی تریش ڕێکخراوە چەپ و کۆمونیستەکان، ڕاستە لە سەرەتادا ڕەخنەیان لە بەرەی کوردستانی هەبوو، کە ڕێکخراوەی زەرد دورستدەکات و هەر حزبە بۆ خۆی ڕێکخراوەی بۆ توێژەکان دروستکردووە. بەڵام لە پراکتیك و مەنهەجی ئەمانیشدا دەرکەوت، کە یەکێتی بێکاران بە هی خۆیانانی دەزانن و قەبووڵناکەن، ڕەوتی سیاسی تر بێن و قۆرخی بکەن، بۆیە کاتی بیریان لەوە دەکردەوە، ئەگەر ئەمان بیانەوێت بێکاران لە گەڕەکان ڕێکبخەن و لە گەرکەکاندا بنکە بکەنەوە، ئەوە بۆی هەیە یەکێتی و پارتی ئەو ڕێکخراوەیە داگیربکەن، لەبەرئەوەی کۆمونیستەکان هێندە ئەندامیان نەبوو، تا لە هەموو گەڕەکەکان خۆیان هەڵبژێرن. بۆیە وەك دەڵێن "هەموو ڕێگەکان دەچنەوە لای بانە" هەستان بە ڕێکخستنی بێکاران لە سەر ئەساسی مەرکەز و بۆ

ئەوەی هەمووی لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا بێت. بەڵام ئەم حاڵەش دادی نەدان و لەگەڵ هێوربوونەوەی ڕوو تێکردنی بێکاران بۆ یەکێتی بێکاران و دژایەتی یەکێتی و پارتی بۆ ئەم ڕێکخراوە لەوەی ڕێگەی نەدا هیچ دەسکەوتێك بۆ بێکاران بەدەستبهێنێت، هەروەها نەدانی هیچ کۆمەك و بودجەیەك بۆ ئەم ڕێکخراوە، هەموو ئەمانە کەوانەی گەشکردنی ئەم ڕێکخراوەیان بەرتەسکتر دەکردەوە و ئەندامەکانی کەمتر سەردانیان دەکرد و هەڵسوڕوەکانی دەوری هەیئەتی نوێنەرایەتی بێکاران دەستیان بە کەمبوونەوە کرد، بۆیە چەندین جار بیر لەوە دەکرایەو، کە کۆبوونەوەی گشتی بکرێت، بەڵام دوای سەرکەوتنی کەسێکی سەر بە ڕەوتی ناسونالیستی، کە جاران کەسێکی سەر بە (ئالای شۆڕش) بوو بۆ لیژنەی نوێنەرایتی و نەك هەر ئەوە دەنگی زۆرینەی بەدەستهێنا، کە ناوی ( وەستا محەمەد) بوو لە شاری هەوڵێر، ئیتر مەسەلەی گرتنی کۆبوونەوەی گشتی پاشکەشەی پێکرا، کە قەرار بوو هەر شەش مانگ جارێك بێت. بەڵام لە شەش مانگ دەرچوو و هەر جار ناجارێك لیژنەی نوێنەرایەتی ئەندامی نوێی بۆ خۆی زیاددەکرد، لەبەرئەوەی ڕەوتی ڕەوی کۆمونیستەکان بەرەو خارج دەستپێکرد بوو، ئیتر بەم شکڵە ئیدامەی بەبوونی خۆی دەدا. ئیتر هەر چەندە (وەستا محەمەد) هاواری دەکرد "ئەی قەرار نییە هەر شەش مانگ جارێك کۆبوونەوەی گشتی بکرێت". هەموو ئەو ئەندامانەی کە ماوەك پێش، ئەوجا قورگی شێریان دەدڕێ و لە هەزار لاوە بە سیما چرچ و لۆچ و قارەوە تەماشای ڕوخساری ئەو کابراییان دەکرد و هەزار بیانوو دەدۆزرایەوە بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی گشتی ئەنجامنەدرێت. ئیتر ڕێکخستنی بێکاران بوو بە ڕێکخراوەیەکی تایبەتی سەر بە کۆمونیستەکان و ڕێکخستنی بێکارانیش هەر ناوێك بوو لەنێو سجلێك جار جار دەکرایەوە. دیارە بورجوازی ئەمەی مەبەستبوو، وێنە لە ڕواڵەتی خۆی دروستبکات. ئیتر گەشەکردنی یەکێتی بێکاران بە گەشە و کاری حزبی کۆمونیستەوە گرێیخوارد، کە دواتریش چەند فیشەکێکی ڕەحمەتیان ئاڕاستەکرد، وەك کۆکردنەوەی هەموو ڕێکخراوەکان لەیەك فیدراسیۆنی ڕواڵەتیدا، یان نووسینی بابەتێك کە گوایە بێکاران بەشی دواکەوتووی کرێکارانن و نابێت ئومێد و کاری زۆریان لەسەر بنیات بنرێت، ئەمە بابەتێك بوو، کاتی خۆی لەلایەن (موئەیەد ئەحمەد )ەوە نووسرا.

گۆران عەبدوڵڵا :

سیاسەتی ڕێکخستنی بێکاران لە مێژووی ئەو چەند ساڵەی (یەکێتی بێکاران)دا پڕ سەرئێشەترین باس بوو، کێشەکەشمان ئەوەبوو؛ هیچ یەکمان لە لایەنگرانی بۆ چوونە جیاوازانە؛ لە چەشنی مەرکەز و شورا و کۆروکۆبوونەوەکان، لەو بارەوە خاوەن دیدێکی ڕۆشن نەبووین، هەر هەموو بەپێی تێگەیشتنەکانی خۆمان قسەماندەکرد، بەڵام لایەنگرانی بنەمای شورایی زیاتر بوون، وە تارادەیەك بەو ئاڕاستەیەش کارەکان دەکران. بەڵام لەڕاستیدا زۆرێك لەوانەی خوازیاری سیستەمی شورایی بوون، زۆرتر سۆزدارانە دەیانڕوانییە ئەو وشەیە، واتە دڵدارییان لەگەڵدا دەکرد، تا ئەوەی لە جێکەوتەکردنیدا وەك سیستەمێك جدی بن.



تێداکرد (گۆران عبدالله، عەبدولڕەحمان مەولوود، ڕیاض کاکە شین، ڕێبوار میدحەت، سۆران کەریم، هیوا کەریم، مامە کەریم و ئاکۆ محمد، و من و چەند هاوڕێیەکی دیکە، سەرپەرشتیکرا و بەڕێوە چوو. کۆبونەوەی گشتی شارۆچکەی شاخۆران لە لایەن هاوڕیان (جاسم ، سیروان علی) سەرپەرشتی کرا، وە چەندین نموونەی دیکە کە هەندێکیانم لە یاد نیە ڕەنگە هاوڕی گۆران وەك ئەوەی کە ئەرشیفی بیکاران لە لای پارێزراوە زانیاری زیاتری لە لا بێت لەو بارەوە .دیارە بە نیسبەت پەیوەند گرتن بە ناوەندی شار بەم جۆرە بوو نوێنەرانی هەیئەتەکانی شارو شرۆچکەکان هەڵقەی پەیوەندی بوون .ئەوەی بە ئەستەمی مایەوە ئەوە بوو کە پەیوەندگرتنی ئەندامانی بێکاران خۆیانیش پەیوەندیەکی خەباتکارانە نەبوو، لەبەرئەوەی ئەوان وەك ڕێکخراوەیەکی خێرخواز چاویان لە بنکەکەی خۆیان دەکرد و سەردانیان دەکرد. لەبەرئەوەی بێکاران لە ڕێگەی خەبات و هیچ شێوەیەك لە خۆپیشاندان یان مانگرتن دەسکەوتیان بەدەستنەهێنا بەتایبەت دوای ١٩٩٣/٦/١٩ ئیتر بێکارانیش چاو لە دەسەتی نوێنەرە هەڵبژێدراوەکنیان دەکرد، کە شتێکیان بۆ بکەن..کە ٦\٩١ وەرچەرخانێکی گورچك بڕ نەك بە تەنها لە مێژووی خەباتی یەکێتی بێکاران بەڵکو لە خەباتی بەرەی چەپ لە کۆمەڵگادا.بەڵام ڕابەرایەتی چی یەکێتی بێکارانو چی ڕیکخراوە سیاسێکانی چەپیش دەرکیان بەم گرفتە نەکرد تا وەردە وردە یکێتی بێکاران دەردی پووکانەوەی کەوتە بەر پێ. لە ناو یەکێتی بێکاراندا و لە ناو ئەندامانی نوێنەرایەتیدا دەنگێکی نوێ و بیرێك تازە هاتبوە ئارەوە بەڵام بێهودە ڕێکخراوە سیاسێکان سەریان کردبووە یەکدی و لەسەر تاپۆ کردنی ئەم ڕێکخراوە شەڕیان بوو. کە لەدوا قۆناغەکانیدا زیاتر بووبوو بە ئۆرگانێکی حزبی و بەپێی ویستی ئەو حزبە دەبرایە شەڕەکانەوە. بەڵام پێشتر دەکرێت بوترێت تێکەڵەیەك لە سونەتی شورایی وسەندیکای بوو. بۆ چالاکی هەڵسوڕانەکان بەس ئەندامانی لیژنەی نوێنەرایەتی ماندوو نەناسانە بە خۆیان و ماڵ خێزانیان ڕۆژیان دەخستە سەر شەو بە بێکاری و بە برسێتی چالاکیان ئەنجامدەدا. بەڵام بەداخەوە بە ڕەوتێکی هەڵە.

ئاکۆ محەمەد :

بەداخەوە وەك پێشتر وتم، ڕێکخراوەکە خاوەنی پەیکەرەی ڕێکخستن نەبوو و تەنیا بنکەیەك و لێژنەی باڵای ڕێکخراو لە شارەکاندا و بڵاوکراوەیەك (ئۆرگانێك) و لیستێکی ئەندامانی چاوەڕوان، ئەمەش دەقاودەق ڕێکخراوی سەندیکایی لەسەر سوونەتی سۆشیال-دێمکراسییە، وەك هەر ڕێکخراوەیەکی دیکەی پاشکۆ (چ پاشکۆی دەسەڵات و چ پاشکۆی پارتەکان) بوو و خۆڕێکخستن و خۆکارابوونی ئەندامان واتە بێکاران ئامانجی زۆرینەی چالاکانی یا بڕیاردەرانی نەبوو، نەك لەبەرئەوەی کە نەیاندەویست، بەڵکو لەبەر پابەندبوونیان بە پاشکۆیی ریکخراوەیی و ڕامیارئاماجییان. بۆ ڕێکخراوە چەپە پاشەکشێکردووەکانی نێوڕاپەڕین و پاش ڕاپەڕین، تەنیا وەك ئەڵتەرناتیڤی بنکە داخراو و چۆڵکراوەکانیان دەبینی و بۆ کەسانی یەکێتیگەرا (ئیتیحادییەی) چوارچێوەیەك بۆ خۆنواندنی خواست و

كۆبوونەوەدا بە دژە ڕەوت و بە دژە كۆمونیزمی كرێكاریی چوێندرابوو. كاتێكیش كە لە كێشەی سیناریۆی فیدراسیۆنی كاریكاتێری ساڵی ١٩٩٤دا دووبارە قسەم لەسەركردەوە، نوێنەری حككع لە ڕێكخراوە جەماوەرییەكاندا بە ئەنارشیست تۆمەتباری كردم.

**هەژماری ئەندامان و لایەنگرانی ئەو ڕێكخراوە چەندە بوو، ئەی چۆن ڕێكخرابووبوون و چۆنیەتی بەشدارییان لە كاروبار و چالاكی و بڕیارەكاندا؟**

سیروان عەلی :

ڕاستێكەی یەكێتی بێكاران وەك هەر ڕێكخراوەیەكی تر خاوەنی جۆرێك لە پەیڕەوی ناوخۆی خۆی بوو، كە لە چەندین بڕگە پێكهاتبوو، یەكێك لەو بڕگانە بنەماكانی ڕێكخراوی بێكاران بوو. دیارە یەكێتی بێكاران لە هەوڵە سەرتاییەكەیەوە لەسەر فۆرمی شورایی دامەزرا و یەكێك لە بنەما سەرەكییەكانی كۆبوونەوەی گشتی بوو، هەروەها كۆبوونەوەی گشتی كرایە یەكەم ئۆرگانی دەسەڵاتی تەشریعی و دامەزرێنەر. بەڵام وەك پێشتر ئاماژەم پێكرد، بە هۆی زاڵبوونی حزبی كۆمونیست و كردنی یەكێتی بێكاران بە ئۆرگانێكی حزبی، ئیتر ترسی زۆر گەورەیان لێنشت، كە ئەگەر كۆبوونەوەی گشتی بكرێت، لەوانەیە یەكێتی و پارتی ئەندامەكانیان بنێرن و ئەم ڕێكخراوە داگیربكەن و لەژێر دەستی ئەمان دەربچێت. بۆیە دواتر لیژنەی نوێنەرایەتی بێكاران تووشی لێكدابڕانێكی گەورە بوو و دوای ئەوەی ماوەیەكی زۆر كۆبوونەوەی ئەنجامدەدا، كە بڕیاربوو هەر ٦ مانگ جارێك ئەنجامیبدایە. بەنسبەت ڕێكخستنی ئەندامانی بێكاران لە ڕێگەی نانووسكردنێكی ئاسایی و فۆرمێكی تایبەتی ڕێكخرابوونەوە بوو. بێكاران بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ لیژنەی نوێنەرایەتی دەبووایە سەردانی بنكە تاقانەكانی بێكارانیان لەنێو شار و شارۆچكەكان بكردایە .ئەوەی جێگەی ئاماژەیە یەكێتی بێكاران لە هەولێر بێجگە لە بنكەیەكی سەرەكی كە لە ناو جەرگەی شار بوو، بنكەیەكی تایبەتشی لە گەڕەكی كوران كردەوە بۆ سەرپەرشتی كارەكانی، هەروەها هەڵسوڕانی لیژنەی نوێنەرایەتی شاری هەولێر لەگەڵ هەڵسوڕوانی شارۆچكەكان لە هەوڵی جدیدا بوون بۆ كردنەوە بنكەكان لە شارۆچەكەكاندا، لێبڕاوانە ئەو پرۆسەی زۆر بە زیندوویی و هەمەلایانە دەبردە پێشەوە، بۆ نموونە لە دەوروبەری شاری هەولێر، یەكێتی بێكاران چەندین بنكەی دیكەی هەبوو وەك بنكەی (طوبزاوە،بنصلاوە ، دارەتوو ..هتد) بێجگە لە بوونی هیئەتی نوێنەرایەتی، كە لە هەندێك شوێن هەیبوو، بەڵام بە هۆی بێئیمكانی نەیدەتوانی بنكە بكاتەوە، وەك هیئەتی نوێنەرایەتی (شاخۆران ، بەحركە، سیاویش، كۆیە، كەسنەزان ..هتد) هەروەها لەم جێگایانەدا بەگشتی كۆبوونەوەی گشتی سازدەدرا و لە كەشێكی جەماوەریانە هەڵبژاردنی نوێنەران دەكرا و ئەو كۆبوونەوە گشتیانە لەلایەن ئەندامانی لیژنەی نوێنەریەتی شاری هەولێر سەرپرشتی دەكران، بۆ نموونە كۆبونەوەی گشتی دامەزراندنی یەكێتی بێكارانی شارۆچكەی دارەتوو، ئەم هاوڕێیانە بەشدارییان



ئاكۆ محەمەد :

وەك پێشتر وتم، یەكێتی بێكاران سەندیكاییەكی میرارشی و پاشكۆ بوو و بە كۆمەڵێك شت ڕازێنرابووەوە؛ لەوانە كۆبوونەوەی گشتی، ڕێكخستنی شوارایی، ڕابەرایەتی بەكۆمەڵ، بەڵام ڕاستییەكەی پێش كۆبوونەوەی گشتی هەموو هێڵ و قسەوباس و بڕیارەكان دیاری كراوبوون و بۆ كەسانی پلەداری ڕێكخراوە ڕامیارییەكان ڕۆشنبوو، كە سەرەنجامەكە دەبێت ئاوا بێت و ئەوەندەمان بەركەوێت و ئاوا بمێنێتەوە . نموونە لە زستانی ساڵی ١٩٩٢/١٩٩٣دا، ئەو كات من تازە لە زیندانی میرایەتی هەرێم ئازاد بووبووم، یەكێتی بێكاران خاوەنی هەژمارێكی زۆری ئەندامی ناونووسكراوبوو، بەڵام هیچ ڕێكخستنێك لە ئارادا نەبوو و وەك هەر ڕێكخراوەیەكی میریی (حكومی) كۆمەڵێك لەسەرەوەبوون و خەڵكیش دەبوونە ئەندام و زۆرینەیان وەك ڕێكخراوی كۆمەك و خێرخوازی چاویان لێدەكرد. ئەو كات ئێمە هاوڕێیانی شوققە [ كە حەوزەیەك بووین لە بەشی ئاشكرای ڕێكخراوی ڕەوتی كۆمونیست لە هەولێر و هاوڕێ (سیروان)یش لەبەر دووركەوتنەوەی لە پەیوەندییە ڕێكخراوییەكی، تەنیا لەتەك ئێمەدا پەیوەندی هەبوو] وەك دەرەنجامی بەشداری هەموو كۆبوونەوە گشتییەكانی ناو شاری هەولێر و ئۆردووگەكانی دەوروبەری، بۆمان دەركەوتبوو، كە پێویستە هەنگاو بۆ خۆجێییكردنەوەی (لۆكالیزەكردنەوەی) ڕێكخستن و كار و چالاكی یەكێتی بێكاران بدرێت و لە نێوەندەكان (بنكە خۆجێیەكان)دا بڕیار و كارەكان بكرێن و بەیەككردنەوەی نێوەندەكان لەسەر ئاستی شار و هەرێم لە شێوە تۆڕێكدا یا لە یەكگرتنەوەی سەرتاسەری (یەكێتی بێكاران)دا، كارەكان سەرتاسەری بكرێنەوە. ئامانج لە پێشنیارەش یەكەم دروستكردنی گیانی ڕێكخراوەیی و بەدەربەستبوون و كارابوون بوو لای ئەندامانی ناونووسكراو، دووەم ، كۆمەڵایەتییكردنەوەی خەباتەكە، سێیەم دابەشكاری كار و چالاكی و جێخستنی ئەو سوونەتەی كە بە سوونەتی شوارایی ناوماندەبرد لە كۆمەڵگە و ژیان و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكاندا، لەمانەش ڕۆشنتر مەترسی فشارەكانی دەسەڵات بوو بۆ سەر ڕێكخراوەكە، كە وەك كاردانەوەی ئاسایی دەسەڵات بەرامبەر كۆبوونەوەی هەزاران كەس لە دەوری ڕێكراوەكە ئەگەری هەبوو. ئێمە پێمانوابوو، ئەگەر هەنگاوێكی لەو جۆرە بنرێت، ئەوا ئەندامان و خەڵك لە شوێنی كار و ژیانی خۆیانەوە لە بنكە خۆجێییەكانەوە وەك بەشێك لە ژیان و بوونی خۆیان پارێزگاری لە نووسینگە و كۆبوونەوە گشتییەكان و ئەندامانی هەڵبژێردراوی نێوان كۆبوونەوە گشتییەكان دەكەن و هەروەها ژنان و منداڵان كە لە كۆمەڵگەكەماندا پەراوێزخراون، بەجۆرێك دێنەپەیدانەوە تێكەڵ بە كاروباری كۆمەڵگە و بڕیاردان دەبن. بەڵام لە كۆبوونەوەیەكدا كە بۆ ئەو مەبەستە لە بنكەی یەكێتی بێكاران لە تەنیشت (مزگەوتی شیخ چۆلی) لە مانگەكانی سەرەتای ٣١٩٩دا، بەسترا و ئێمەش (هاوڕێیانی شوققەی تەیراوا) بەپێی دابەشكاری نێوان خۆمان ئەو كارەمان بە هاوڕێ (سیروان عەلی) ڕاسپارد، بەڵام بەداخەوە سەرپەرشتیكەری مەولێری ڕێكخراوەكەمان (ڕەوتی كۆمونیست) لەو كۆبوونەوەی یەكێتی بێكاراندا ئامادەبوو بوو، نەك دژی

پێشنیارەکەی ئێمە وەستابووەوە، بەڵکو پێشنیارەکەشی بە دژی ڕێکخراوەکەمان و هێڵە ڕامیارییەکەی ناساندبوو.

ئەو کات، وەك ئێوە هاوڕێیان گۆران و سیروان، ئاماژەیان پێکرد، سێ شێوەی ڕێکخستن پێشنیار بوون:

یەکەم بەناو شورایی، کە لە نەخشە ڕێکخستنییەکەی کۆمونیزمی کرێکاری (ئەلف، با و جیم)دا خۆی دەنواند، کە بەو پێیە دەبوو ڕێکخستن بەپێی زنجیرە پلەوپایەی هەڵبژێردراوانی بنکەکانی خوارەوە (شارۆچکەکان- A)، هەڵبژاردنی لێژنەی سەرپەرشتی شار یا پارێزگا لەنێو هەڵبژێردراوانی شارۆچکەکان (ڕابەران- B) و هەڵبژاردنی لێژنەی باڵای رابەرایەتی لە هەڵبژێردراوانی شارەکان یا پارێزگاکان (رابەرایەتی- C)، هەڵبەتە ئەوەشمان لەبیرنەجێت، لە هەموو پلەکانی هەڵبژاردندا دەبوو ڕۆڵی ڕێنوێنی و ڕابەری بە ئەندامانی پارت بدرێت، واتە بڕیاردان لەدەستی لێژنەی سەرپەرشتی نووسینگە و بنکەی شارۆچکە کاندا و کاری کۆبوونەوەی گشتیش تەنیا هەڵبژاردنی ئەو نوێنەرانە بوو و کار و بڕیاری تاکی بێکار لەو دەنگدانە چەند مانگییەدا کۆتاییدەهات و گرێدانەوەی ئەم بنکانە بە لێژنەی رابەرایەتی شار یا پارێزگا لە ڕێگەی لێژنەی سەرپەرشتی بنکەکانەوە و هەڵبژاردنی لێژنەی باڵای شار یا پارێزگا لەنێو نوێنەرانی هەڵبژێردراوی بنکەکانی خوارەوەدا و بەو جۆرە دیسانەوە کۆبوونەوەی گشتی تەنیا کاری دیاریکردنی نوێنەران بوو بۆ چەند مانگ و پاش ئەمە دەگەیشتە قۆناخی سێیەم. ئەمەش دەیکردە ناوەندییکردنەوەی کاروبارەکان، بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکە لەژێر کۆنترۆڵی هێڵە ڕامیارییەکەی خۆیاندا دەرنەچێت. هەر سێ ڕێکخراوە پێکهێنەرەکەی حککع، کە پێشتر شەڕەدەنووکی داگیرکردنی ڕێکخراوەکانیان دەکرد، هەم باوەڕی تەواویان بە نەخشەی ڕێکخستنی (A, B , C) هەبوو و هەم پێداگری تەواویان لەسەر دەکرد.

دووەم، ڕێکخستنی ڕاستەوخۆی نێوەندییانە بوو، کە هەمان بۆچوونی نەقابە قوچکەیی (هەرەمی)یەکانی هەبوو و نووسینگە یا بنکەی سەرەکی و بەڕێوەبەرانی دیاریگەری هەموو شتێك بوون و لە ڕاستیدا تەنیا لە ڕواڵەت و ناوناندا لەتەك شێوەڕێکخستنی پێشوو جیاوازی هەبوو، ئەگینا بەکردەوە هەمان شتبوون و ڕابەر و ڕابەرایەتی واژەی باوی سەر زاری هەردوولا بوو.

سێیەم، کە ئێمەبووین، واتە هاوڕێیانی شققە، کە هاوڕێ سیروان وەك بەرەنجامی دابەشکاری نێوان خۆمان لەنێو (یەکێتی بێکاران لە کوردستان)دا چالاکی دەکرد، هاوڕێ سۆران کەریم لەنێو (کۆمەڵەی ئاوارەکانی کوردستان)دا چالاکی دەکرد، هاوڕێ ڕێبوار میدحەت لەنێو عەرەبانەچییەکان یا دەستگێڕەکانی (شێخەللە)دا چالاکی دەکرد، هاوڕێ هیوا کەریم لەنێو کرێکارانی چێشتخانەکاندا و



منیش وەك پەیامنێری بۆپێشەوە و هاریکاری خوێنداکاران و هاوکات هەموومان پێکەوە ئەرکی فرۆشتن و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکانمان لە ئەستۆ بوو و کاری ڕێکخستنی ڕێکخراوەییمان دەکرد. بەدیاریکراوی هاوڕێ سیروان و من پاش لێدوان و مشتومڕی زۆر لەسەر کێشەی ڕێکخستن لەنێو یەکێتی بێکاراندا، بەو دەرەنجامە گەیشتین، کە ڕێکخستن لە بنکەوە بۆ سەرتاسەری واتە لە گوند و گەڕەکەکانەوە بۆ ئاستی شار و دواتر ئاستی سەرتاسەری، کە زیاتر شیوەیەك بوو لە ڕێکخستنی شورایی / فیدراسیۆنی. بۆ ئەم مەبەستە لەو بڕوایەدابووین کۆمەڵایەتیبوونەوەی ڕێکخراوەکە و ڕیشەداکوتانی لەنێوەندی ژیانی خەڵکدا، تەنیا لە ڕێگەی نووسینگەکانی گەڕەکەکان، کە دەکرێت لە فێرگە و چایخانە و کۆڕ و کۆمەڵەکانی گەڕەکەکاندا کۆببنەوە و کۆبوونەوە گشتییەکان تەنیا بۆ دەنگوەرتن نەبن، بەڵکو سەکۆیەك بن تاوتوێکردنی پرس و گرفتەکانی ڕۆژانەی بێکاران لە کۆڵانەکاندا و تەنیا کار و چالاکیان پەیوەست بە بکاری بێکارانەوە بەرتەسك نەکرێتەوە، بەڵکو بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە و هاوپشتی کۆمەڵایەتی پەلبهاون، هەروەها نوێنەران تەنیا بازنەی پەیوەندی بنکە و باڵا نەبن، بەڵکو بەخۆیان بڕیاردەر و دیاریگەری کاروبارەکان بن، بەپێچەوانەوە پەیوەندییان بۆ باڵا، دەریچەیەك بێت بۆ گرێدانەوەی هاوپشتی و پێکەوەکاردن، دواتر هەڵبرادنی نوێنەرانی لێژنەی باڵای شار لە هەڵبژێردراوانی بنکەکانی گەڕەکەکان و ئازادبوونیان لە بڕیاردانیاندا بەبێ لێژنەی پارێزگا و هەنگاوی سێیەم هەڵبژاردنی لێژنەی باڵای پارێزگا لە هەڵبژێردراوانی گشت گوند و یوردووگە و شارۆچکە و نێوەندی شار و هەنگاوی چوارەم لێژنەی باڵای سەرتاسەریی ڕێکخراو، هەڵبەتە هەموو ئەم هەنگاوانە پابەند بە دەستتێوەرنەدانی ڕێکخراوە ڕامیارییەکان و دوورخستنەوەی ململانێ ڕێکخراوەییەکانی خۆیان لە ڕێکخراوەکە، لە بەرامبەردا ئازادی هەموو چالاکێکی ڕامیاریی لە بەشداری لەو ڕێکخراوەدا بەو مەرجەی وەك قسەکەری ڕێکخراوەکەی یا هیلە ڕامیارییەکەی خۆی دەرنەخات و تەنیا وەك بێکارێك کار و چالاکی بکات.

هەڵبەتە لایەنی پارێزگاریکردن لە ڕێکخراوەکە لە کاتی هێرشی دەسەڵاتدا بۆ سەری لەم پیشنیارەدا لەبەرچاوگیرابوو، کە ئەگەر ڕێکخراوەکە تەنیا یەك بنکەی ناوەندی هەبێت و سەرپەرشتیکەرانی چەند کەسێك بن و ئەندامانی ناونووسکراو تەنیا ناوی نێو لیستێك بن، بە ئاسانی دەسەڵات دەتوانێت دەست بەسەر ڕێکخراوەکەدا بگرێت، بەڵام ئەگەر هەر گەڕەکێك بنکەیەك و بنکەکە هەڵپێکراوی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك بێت و لە هەموو پرسە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشدار بێت و ئەندامان لە هەموو کاروبارێکدا بەشدار و بڕیاردەر بن، ئەوا بەگیان و بوونیانەوە پارێزگاری لە ڕێکخراوەکە و بنکەکانی دەکەن.
بەداخەوە ئەم پێشنیارە تەنیا یەك جار لە کۆبوونەوەی لێژنەی باڵای هەولێری (یەکێتی بێکاران)دا قسەی لەسەرکرا و وەك وتم لەلایەن نوێنەری ڕێکخراوە ڕامیارییەکەمانەوە (ڕەوتی کۆمونیست) لەو